# ژنان

٢٧

ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ

October 2010 ١٣٨٩ ڕەزبەری

گۆڤاری یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان









ئەحمەدینژاد کەوتە دوای کریستیان ئەمانپوورەوە !

توندوتیژی دژی ژنان سنوور ناناسێ

قاچاغی کچان و ژنانی ئێرانی ...

وتووێژ لەگەڵ خاتوو "ژۆرژیا کووفەن ـ گێرەن"

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# مەرگی ناوەختی ئەندامێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

ئەندامێکی بەوەجی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە هۆی نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کرد.

شەوی چوارشەممە، ٢٣ی پۆشپەڕ خاتوو نەورۆز (شیلان)، ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە هۆی نەخۆشی دڵەوە لە شاری کۆیە کۆچی دوایی کرد.

خاتوو شیلان شێخی کە ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵ ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بوو، خاوەن گەلێ بەهرەی تایبەتی بوو. زۆر لە ڕێورەسم و بۆنەکانی تایبەت بە یەکیەتیی ژنان بە دەنگە خۆشەکەی خاتوو شیلان دەڕازایەوە.

خاتوو شیلان شێخی هاوسەری پێشمەرگەی دێرینی حیزب، کاک عوسمان شێخی ساڵی ١٩٧٣ لە دایک ببوو.

ناوبراو ئەندامێکی دڵسۆز، بەوەج و کارلێهاتووی یەکیەتیی ژنان بوو، هەر بۆیەش مەرگی ناوەختی خاتوو شیلان خەم و پەژارەی زۆری خستە نێو بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە.

"یەکیەتیی ژنان" بەبۆنەی مەرگی لە ناکاوی خاتوو شیلان شێخی سەرەخۆشی لە هاوسەری خاتوو شیلان، کاک عوسمان شێخی و بنەماڵەی ناوبراو دەکاو خۆی لە خەمی لە دەستدانی ئەو ئازیزەدا بە ماتەمبار دەزانێ.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنان

وەرزانەیەکی
سیاسی
کۆمەڵایەتی
فەرهەنگی و ئەدەبی





**سەرنووسەر**
نەسرین حەسەنزادە
**دەستەی نووسەران:**
کوێستان فتووحی، عیسمەت نستانی،
رەسووڵ سوڵتانی
حەلیمە رەسووڵی ، عەلی بداغی
رەزبەری 1389، ئۆکتۆبری 2010

ژمارە 27

ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندی گرتن بە
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
00964 - 7702103121

دیزاینی بەرگ: ئەیوب شەهابی راد
مونتاژ: مینا سوڵتانزادە
تایپ: شیلان قوربانی فەر


# پێرست


ئەحمەدی نەژاد کەوتە دوای کریستیان ئەمانپوورەوە.......... 2
توندوتیژیی دژی ژنان سنوور ناناسێ.......................... 3
قاچاغی کچان و ژنانی ئێرانی و بۆمبێک لە چاوەڕوانیی تەقینەوەدا................................................ 6
پێشێلکارییەکانی مافی ژنان تا کەی لە خزمەتی سیاسەتدا بن؟ 8
هەر میللەتێک دەبێ مۆدێلی تایبەت بە خۆی بۆ جێبەجێ کردنی مافەکانی مرۆڤ بنیات بنێ.................................. 12
14
خەمۆکی لە ژنان دا........................................ 16
ژنان بەشیان گوناهی ژێر نیقابە................................ 17
جیابوونەوە سۆزدارییەکان لە نێو بنەماڵەکان دا................. 20
شێواندنی ئەندامی زاوزێی ژنان و کچان لە ژێر ناوی خەتەنە.. 25
بەهەشت و دۆزەخ........................................... 28
چارەنووسێکی تاڵ دوای عەمەلی جەرڕاحی جوانکاری........... 29
ژنانی نێو کۆڕی خەبات................................... 31
ژن ئەستێرە............................................ 32
بەشی ئەدەبی ................................... 39
راپۆرت و هەواڵەکانی ئێران................................ 45
هەواڵ و چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان............................................... 49
بەشی وەرزشی......................................... 53
جۆراوجۆر ...........................................



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەحمەدی نەژاد کەوتە داوی کریستیان ئەمانپوورەوە!

## "سەکینە ئاشتیانی کەی حوکمی سەنگساری بەسەردا سەپاوە؟!! "

✍ کوێستان

حوکمی سەنگسار لە دژی سەکینە محەممەدی ئاشتیانی لە ئێران، نارەزایەتییەکی بەرینی کۆر و کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ و جیهانی دەرەوەی لێکەوتۆتەوە و سزای سەنگساریان بە کردەوەیەکی دڕندانە و نامرۆڤانە ناوبرد و داوایان لە حکوومەتی ئێران کرد ئەم حوکمە دڕندانەیە هەڵوەشێنێتەوە.

کاربەدەستە پایەبەرزەکانی کۆماری ئیسلامییش لە ئاست ئەو نارەزایەتییانەدا بە توندی هەڵوێستیان گرت و ئەو وڵاتانەی لە ئاست ئەم حوکمە نارەوایەدا نارەزایەتییان دەربریوە، داوەتە بەر هێرشی تەبلیغاتی و بە پیلانگێری و دەستێوەدران لە کاروباری وڵاتەکەیان تاوانباریان کردن.

بەڵام لە هەمووی گاڵتەجارانەتر وڵامەکەی ئەحمەدی نەژاد بە پرسیارەکەی خانمی کریستیان ئامانپوور، هەواڵنێری کاناڵی تەلەویزیۆنی"ئەی بی سی" ئەمریکا بوو کە 19ی سپتامبری ئەمساڵ لە بارەی حوکمی سەکینە محەممەدی ئاشتیانییەوە دایەوە و گوتی " من نوێنەری خەڵکی ئێرانم و چۆنە ئاگام لەو حوکمە نیە، ئەو خانمە بە حوکمی سەنگساری بەسەردا نەسەپاوە". هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا لەو بارەیەوە گوتی: " کەسانێک بە بڵاو کردنەوەی هەواڵی درۆ لەو بارەیەوە ئەو هەڵڵاو هەنگامەیان ساز کردوە و رۆژئاواییەکانیش کردوویانەتە خۆراکی تەبلیغاتی لە دژی ئێران! ".

ئەحمەدی نەژاد بۆ حاشای لە حوکمی سەنگسار دژی سەکینە ئاشتیانی کرد ؟ خۆ پێشتر بەرپرسانی قەزایی ڕێژیم ئێعترافیان بە حوکمی سەنگسار لە دژی



سەکینە کردبوو، بڵێی لە ترسی فشاری لە رادە بەدەری هەواڵنێران و دەزگاکانی راگەیاندنی "بێگانە" بوو بێ و بەم شێوەیە خۆیان لێدەرباز بکا یان هەر وێستبێتی شۆخییەکی فارس گوتەنی بامەزەی لە گەڵ ئەو خانمە کردبێ؟

چ پێکەنینییە ئەم سەرکۆمارە! تەنانەت لایەنگرەکانی خۆشی سەریان سوڕماوە لە حێماقەت و بێمێشکی سەرکۆمارەکەیان.

رۆژنامەی "رسالت" لە نووسینێکدا لە ژێر ناوی " ئەحمەدی نەژاد لە بەینی سەکینە و کریستیاندا" نووسیویەتی: "وتوێژەکەی دوکتور ئەحمەدی نەژاد سەرکۆمار لەگەڵ کریستیان ئەمانپوور لە بارەی هێندێک مەسەلەدا ئەوەی نیشان دا کە موشاویرانی سەرکۆمار و ئامادەکارانی سەفەرەکەی بە ئەرکی قانوونی خۆیان ئاگا نە بوون. سەرکۆمار دەیتوانی بە یەک دێر خۆی لەو مەسەلەیە بە دوور بگرتایە و پێوەندی داباوە بە دەزگای قەزاییەوە و نەچوبایەتە سەر مەسەلەیەک کە پێوەندی نیە

بە دەوڵەتەوە، بەڵام ئەو چووە نێو باسی سەنگسارەوە و کەوتە ئەو داوەی کە پێشتر لە بارەی حیجاب و عیفافەوە تێی کەوتبوو!

، بەڵام قسەی ئاخر ئەوەیەکارنامەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیدا پڕە لە تاوان و جینایەت، ئێعدام و کوشتار لە دژی خەڵکی وڵاتەکەی و پرە لە کارشکێنی و سەرەڕۆیی دژی پەیماننامە نێونەتەوەییەکان، سەکینەی محەممەدی ئاشتیانییش تەنیا قوربانی سەنگسار نیە لە ئێراندا، رۆژئاواش ئەگەر خۆی لە بێخەبەری نەدا بەتەواوی ئەوە دەزانێ، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و سەرسوورمانە ئەوەیە بۆ دەبێ سەرانی رێژیمێکی لەو چەشنە ئێستاش ڕێگەیان بکەوێتە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وەک نوێنەری ئەو خەڵکە گوێ بۆ قسەکانیان بگیرێ؟ دنیای رۆژئاوا تا کەی درێژە بەم سیاسەتەی دەدا و تاکەی خوێ بە برینی ئەو خەڵکە بریندارەی ئێران‌دا دەکا؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# توندوتیژیی دژی ژنان سنوور ناناسێ

شلێر باپیری

ڕۆژانە لە گۆشە و کەناری ئەم جیهانەدا ئامار راپۆرتی دڵتەزێن لە بارەی توندوتیژی و هەڵسوکەوتی خراپ و نەشیاو دژی ژنان بڵاو دەبێتەوە، ئەو پێشهاتانە لە روانگەی جیهانی و لە وڵاتانی جۆراوجۆرە، بەڵام هەموویان بەرهەمی یەکجۆر بیرکردنەوەن و ڕۆژانە روو دەدا و بەهۆیەوە ملیۆنان ژن لە بارێکی سەخت و دژواری دەروونیدا ژیان بەسەر دەبەن. هەڵسوکەوتی خراپ دژی ژنان، تایبەت بە ناوچە یان وڵاتێکی دیاریکراو نیە، بەڵکوو ڕۆژانە لە سەرجەم وڵاتانی دنیادا روو دەدا. لەو نێوەدا خاڵی جیاوازی لایەنی کەم و زۆری ئەو توندوتیژی و رەفتارانەیە کە ئەوەش بەپێی باری ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، باری دەوڵەتان، پێوەندیی دین و سیاسەت و چۆنیەتیی روانینی کۆمەڵگە بەرامبەر بە ژنان گۆڕانی بەسەردا دێ. لەوانەیە شوێنی کردەوەکانی دژ بەژن زیاتر ئەو وڵاتانەی لەخۆ گرتبێ کە یاسایی ئاینی و لەوانە ئیسلامیی تێدا جێبەجێ دەکرێ. بە مانایەکی تر لەو شوێنانەی دین و ...ۆری دەسەڵات تێکەڵ کراون و بنەماکانی شەرع و یاسای ئیسلامی بناخەی یاساکانی بەستنەوەی کۆمەڵگەیە. لەو وڵاتانەدا ژنان کەمترین مافی کۆمەڵایەتی و یاسایی خۆیان هەیە، ئەگەریش لەو وڵاتانەدا مافێك بۆ ژنان هەبێ یان دابین کرابێ ئەوە لەڕووی تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی ئەقڵی دەسەڵاتدارانی وڵاتانی ئاینی و ئایدیۆلۆژیك نیە، بەڵکوو بەرهەمی ناڕەزایی و خەباتی بەردەوامی ژنانی چەوساوە و لەخۆبردوویە . ئێران، ئەفغانستان، سعوودیە و زۆرێك لە وڵاتانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان ئەو وڵاتانەی تێیدا ئاینی ئیسلام بنەمای یاسا و دەستوورە، ئەوانە نموونەی زیندوو و حاشاهەڵنەگری ئەو راستییەن و ڕۆژانە گوێبیستی پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ و بەتایبەت مافە سەرەکییەکانی ئافرەت دەبین، هەمووی ئەوانە سەلمێنراون و داتاکان هیچ شرۆڤەیەکی تر هەڵناگرن و بوونە بە ئاماری رەسمی. لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دیموکراتیکدا لەگەڵ گەشەکردنی ئابووری و بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی گشتیی کۆمەڵگە و توانای ژنان و بوونی رۆڵێکی دیاری ئەوان لە بەرهەمهێنان و ئەرکەکانی تری جڤاگی و لایەنی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، لەگەڵ ئەوەشدا ژنان یەکەم قوربانین لە شوێنی کار و لە کاتی دەرکردن لە دامودەزگا،










کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کارگە و شوێنەکانی تری کارکردندا، جگە لەوەی یەکەم قوربانیی توندوتیژی لە ماڵ و سەر شەقامەکان هەر ژنان بوون و لە هەر شوێنێك وشەی ژن هەبێ، چەوساندنەوە و توندوتیژی دژی ئەو ئامادەیە. توندوتیژیی دژی ژنان شێوەی جۆراوجۆری هەیە، لە ئێستەدا ئازار و لێدانی جەستەیی و توندوتیژیی سێکسی دژی ژنان لە چوارچێوەی خێزاندا لە ئاستی جیهاندا دیارترین شێوازی توندوتیژییەکانە. ئەو دوو شێوە توندوتیژییە کردەیەکی نامرۆڤانەیە و بە بیانووی جۆراوجۆر لە پشت دەرگا داخراوەکان و لەسەر دەستی مێشکە پاشکەوتووەکان ڕوو دەدا کە زۆربەی قوربانییانی ئەو دیاردانە تەنانەت ناوێرن باسی ئەو ڕاستیە پڕ لە ئازارەی خۆیان بکەن. توندوتیژیی دژی ژنان بەشێکە لە کردارەکانی کولتووریی پیاوسالاری و بالادەستی پیاو کە بەشێکی لەژێر سیستەمی سەرمایەداری لە ئێستەدا ڕۆژانە نوێ دەبێتەوە و بەچەندان جۆر خۆی دەنوێنێ. توندوتیژی لەڕووی ڕێژەی بەکارهێنان جیاوازی هەیە لە نێوان کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و مۆدێرن لەگەڵ کۆمەڵگەی تازە پێگەیشتوو و کۆمەڵگەی دواکەوتوودا. لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و تا ڕادەیەك دیموکراتیکدا کوشتن یان توندوتیژیی دژی ژنان تاوانە و تۆمەتبار لە زۆربەی کاتەکاندا لەگەڵ دانپێدانان بە تاوانەکەی سزا دەدرێت. بەڵام لەو کۆمەڵگەیەی کە بەرەو پێشکەوتن هەنگاو دەنێ، بەتایبەت کە یاسا و ئاینی ئیسلامی پێوەری بڕیاردان بن و لەبەرچاو بگیرێن، دەبینین تۆمەتبار لە پەنای یاسا جۆراوجۆرەکان و بەبیانووی بەرەنگاری و پاراستنی ناموس و بەناوی شەرەفی خۆی و پیاوبوونی، لەژێر سزای هەر تاوان و کەتنێك دەبەخشرێ و لە تاوانباری و تاوانەکەی دەرباز دەکرێ. توندوتیژی لەناو خێزاندا بە بیانووی کۆنترۆڵکردنی ژنان بەکار دەهێنرێ. پیاوێك کە بەرامبەر هاوسەرەکەی یاخۆ خوشکەکەی و هەر ئەندامێکی بەڕەگەز مێینە لە بنەماڵەکەیدا توندوتیژی بەکار دەبا، دیارە ئەو پیاوە هەست دەکا و لەو بڕوایەدایە ڕەگەزی بەرامبەر بەشێکە لە موڵکی خۆی و لێدان و کوشتنی ئەو موڵکە دەکاتە بیانوویەك کە نەکا موڵکەکەی لە دەست بدا و گوایە بەهەر بەهایەك بێ پارێزگاری لێ دەکا. لەو ڕوانگەوە کە "ژن موڵکی پیاوە"، پیاو بە مافی خۆی دەزانێ هەر جۆرە



هەڵسوکەوتێکی لەگەڵدا بکا. ژینگەی خێزان کە پێویستە شوێنێکی ئارام و پارێزراو بێ بۆ ژیانی ژن و هەروەها پیاو و منداڵەکان، کەچی لە زۆربەی کاتەکاندا بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین گۆڕاوە بۆ سەرچاوەی بەکارهێنانی توندوتیژیی دژی ژنان، کە ئەمەش کاریگەرییەکی زۆر نەرێنی لەسەر منداڵەکان دەبێ. لە زۆربەی کاتدا منداڵ دەبێتە قوربانیی ئەو توندوتیژییەی لەناو بنەماڵە دژی ژنان پێڕەو دەکرێ. ئاستی خوێندەواری و ئاستی ڕۆشنبیری و کلتووریی بنەماڵە لەسەر توندوتیژی دژی ژنان ئەو کاریگەرییەی نیە کە چاوەڕوان دەکرێ. لە زۆربەی وڵاتاندا هەڵسوکەوتی نەشیاو لەگەڵ ژنان لە چوارچێوەی ماڵ وەك پرسێکی تایبەت بە بنەماڵە دەناسرێ و داکۆکیکارانی یاسا بەلایدا ناڕۆن. لە جیهانی بورژوازیدا ژن بە ڕەگەزی دووەم دەناسرێ و لە وڵاتانی دواکەوتووشدا نەتەنیا یاسا بەرگری لە ژن ناکا، بەڵکوو ژن لە ماڵدا بەتەنیا دەمێنێتەوە و دیاردەی پەراوێزخستن "Isolation"ی بەرامبەر پێڕەو دەکرێ و مەبەست تەنیا هێشتنەوەی مرۆڤێکە بەو تاوانەی لە ڕەگەزی مێیە. بەرەچاوکردنی کۆمەڵگەیەکی بەوشێوە بێ بەزەییدا بەرامبەر ژن، مامەڵەکردن لەگەڵ ژن لەناو بنەماڵەشدا هەڵسوکەوتێکی باشتری لێ چاوەڕوان ناکرێ و مامەڵەی خراپ شتێکی ئاسایییە، چونکە ڕێز و پێدانی ماف لە بنەماڵەوە فێری دەبین و بەیەکتری ڕەوا دەبینین، ئەگەر ئەو سەرچاوە لە ڕۆشنبیرییە نەما، ئەستەمە شوێنی تر لە دەرەوەی ماڵ ئەو ئەرکە ڕۆشنبیرییەمان بۆ قەرەبوو بکاتەوە. ئەگەر توندوتیژیی جەستەیی باوترین جۆری گرژی و هەڵسوکەوتی خراپی دژی ژنان بێ، بەڵام دەبێ ئاماژە بکرێ کە ئەمەیان تاکە جۆری توندوتیژیی دژی ژنان نیە، بگرە جۆرەکانی تری ئەو هەڵسوکەوتە نەشیاوانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەیە و لەوانەش سووکایەتیکردن و بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی ناشیرین و ئازار و توندوتیژیی رەگەزی و چەندانی تر لە چوارچێوەی سیاسەتی توندوتیژی دژی ژنان کە کەمتر باسی لێوە دەکرێ و ژنان بەدەستیەوە دەناڵێنن. لە راستیدا ژنان لە هیچ وڵاتێکدا ئاسایشێکی تەواویان نیە و پارێزراو نین، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەك سوئێد کە گوایە لەڕووی یەکسانیی ژن و پیاو لە هەموو بوارەکانی ئابووری و بەشداریی ژنان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا لە سەرووی وڵاتانی دیموکراتیکە، لەو وڵاتەشدا توندوتیژیی دژی ژنان روو دەدا. دەتوانین پاڵپشت بەئامارەکان بڵێین لە ڕاگەیاندنەکاندا ئاستی توندوتیژیی دژی ژنان لە زیادبووندایە، دیارە ئەو توندوتیژییانە لە رێگەی سکاڵای ئەو ژنانە ئاشکرا بووە کە توانیویانە سکاڵا تۆمار بکەن و باسی ئازارەکانیان بەدەست پیاوان و دەوروبەریانەوە بکەن، ئەگینا ئاماری توندوتیژیی دژی ژنان کە بەشاراوەیی ماوەتەوە چەند قات زیاترە کە ژنان لەبەر چەند هۆکارێك نەیانتوانیوە باسی لێوە بکەن. لە یەکێك لە ماڵپەڕەکاندا هاتوە، لە ژنێك لەسوئێد لە ترسی توندوتیژیی بەرامبەری لە ماوەی 4 ساڵدا 14 جار شوێنی مانەوە و ژیانی ئاساییی خۆی گۆڕیوە و تەنانەت نەیتوانیوە شەوان لە ماڵی خۆی بە تەنیا بمێنێتەوە و باسی لەوە کردبوو کاتێك پۆلیسی لە دۆخەکە ئاگادار کردووەتەوە، وڵامی پۆلیس ئەوە بووە کە لەو جۆرە سکاڵایانە، "ماندوو بووین چونکە ژنان سەرەتا سکاڵا تۆمار دەکەن و دواتر لە سکاڵاکانیان پاشگەز دەبنەوە". ئەوەی باس کرا چارەنووسی یەك لەو هەزاران و ملیۆنان ژنەیە کە لە وڵاتێکی دیموکراتیکی یەکسانیخوازی مافەکانی نێوان ژن و پیاودا هەیە و توندوتیژیی دژی ژنان بە تاوان ناسراوە، کەچی تووشی ئەو دۆخە نەخوازراوە هاتوە. گومانی تێدا نیە وڵاتانێکی وەك ئێران، ئەفغانستان، سعوودیە و عێراق و هەموو وڵاتانی پابەند بە یاسا و رێنوێنییەکانی ئیسلامی، گرتن و زیندانیکردن بۆ ژنان بەپێی یاسا ئەنجام دەدرێ، ئەو یاسایەی دامەزرێنەرەکەی پیاوە و پاڵپشتیی لە پیاوبوون و باڵادەستیی پیاو و پیاوسالاری دەکا. توندوتیژی دژی ژنان بەرهەمی سیستەمی نادادپەروەری و پیاوسالاریی سەرمایەداری و دیاردەیەکی جیهانییە. کەواتە دەبێ خەبات بکرێ دژی ئەو توندوتیژییانە، هەرچەندە ئەو بەرەنگاری و خەباتە لە پلەی یەکەمدا ئەرکی ژنان و بۆ ژنانە تا لەو دیاردەیە رزگاریان بێ، بەڵام تەنیا بە هێزی ژنان بە ئاکام ناگا، بەڵکوو بەبوونی چالاکوانانی پیاو و یەکسانیخواز و خاوەن بیری ئازاد، ئەوکات هێزی ژنان بۆ بەرنگاربوونەوە توندوتیژیی دژی ژنان و گەیشتن بەمافی بەمرۆڤ مانەوەیان چەند هێندە زیاد دەکا، ئەوەیان ئەرکێکی مرۆییە و بە یەکگرتوویی لەگەڵ یەکتریدا و بە هاوبیری هەمەلایەنە بەرەو پێشەوەی ببەین.









کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاچاغی کچان و ژنانی ئێرانی و بۆمبێک لە چاوەڕوانیی تەقینەوەدا

عەلی بداغی

هەڵلا و هەنگامە سیاسییەکانی ئێستای ئێران وای کردوە کە کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتیی هەستیاری ئێستای کۆمەڵگای ئێران کەمتر بخرێنە بەر باس و بە تێپەڕین لەو کێشانە هەل و دەرفەتی خەسارناسی و پلانڕێژی بۆ چارەسەر کردنیشیان یا بە تەواوی لە بیر بکرێ، یان دەنا وەدوا بخرێ.

راستییەکانی پێوەندیدار بە قاچاغی ژنان و کچانی ئێرانی بۆ وڵاتە شێخ نشینەکانی دراوسێی ئێران و تەنانەت وڵاتانی ئوروپا تاڵتر لەوەن کە تەنیا وەک یەکێک لە دیاردەکانی بەرهەمی دەسەڵاتدارەتیی نەشیاو و دژە گەلییانەی کۆماری ئیسلامی باسی لێ بکرێ و بە ئاسانی هەموو ئاکام و خەسارەکانی ئەو دیاردەیە بخرێتە پشت گوێ و باسی لێ نەکرێ.

ئەوڕۆکە قاچاغی کچان و ژنان و منداڵان بە مەبەستی بازرگانیی پۆرنۆ پڕ داهاتترین پیشە لە دنیا دا دوای قاچاغی چەکوچۆڵ و ماددە هۆشبەرەکانە ، کە ئەو قازانجە زۆرە مادییانە بە قیمەتی ژیان و شکانی کەسایەتیی رووحی و مەعنەویی کچان و ژنان ، کە بە هۆکاری جۆراوجۆر کەوتوونەتە داوی ئەو باندانەوە، دەرژێتە گیرفانی مافیاکانی قاچاغی کچان و ژنانەوە.

ئاکامی زۆر لێکۆڵینەوە لە پێوەندی لە گەڵ ئەو دیاردەیەدا دەری خستوە کە ئەو کچانەی بە هەر هۆکارێک لە ماڵی بابیان را دەکەن، باشترین نێچیر بۆ مافیاکانی بازرگانیی سێکسن.

توێژەرانی کۆمەڵایەتی دوو هۆکاری ئاشکرا نادیار بۆ پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە لە ئێران دا پۆلێن دەکەن.

بەشێکی زۆر لە ژنان و کچان کە عەودالّی ژیانی خەیاڵی و وەدستهێنانی داهاتی زۆرتر لەوەن کە دەستیان دەکەوێ، لە گەڵ پێکرانی پێشنیاری کاری باش و پڕ داهات هەڵ دەخەڵەتێن و دوای کەوتنە داوی باندەکانی قاچاغی ژنان زوو بە زوو ناچار بە لەشفرۆشی دەبن.

هۆکارە نادیارەکانیش ریشەیان لە کۆمەڵە بەستێنێکی وەک موعتاد بوونی دایک و باوک یان تەنانەت خودی کەسەکە، پەرەسەندنی هەژاری لە کۆمەڵگا و نەبوونی دەرفەتەکانی پەروەردەیی بۆ ژنان دایە کە بواری لەبار بۆ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەو دیاردەیەیان لە ئێران دا خۆش کردوە.

ئەوەندەش کە بۆ بەرپرسیارەتی و ئەرکی ناوەندە حکومییەکانی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە ئەوەیە کە هیچ چەشنە رێوشوێن و بنەمایەکی یاسایی بۆ بەرگرتن لەو کێشانە بوونیان نیە و تەنانەت زۆر جار باس لەوە دەکرێ کە دەوڵەت بۆ خۆی لە رێگەی کارئاسانی کردن بۆ بازرگانان و قاچاغچییەکانی ئەو بازارە پشکدار و، یەکێک لەو لایەنانەیە کە قازانجی زۆری لە بازرگانی کردن بە کچان و ژنانی ئێرانی پێ دەبرێ.

ئەوەی مەبەستی سەرەکیی ئەو نووسینەشە ئەوە نیە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چۆن دەتوانێ بە پەرەپێدان بە هاوکاریی چەند لایەنەی دەوڵەتان بەرەنگاری ئەو دیاردەیە بێتەوە و رووبەری زیانەکانی ئەو بازرگانییە لە سەر ئەمنیەتی کۆمەڵایەتیی خەڵک کەم بکاتەوە، بەڵکوو مەبەست ورد بوونەوەیەکی جیددی لە هۆکارە بنەڕەتییەکان و هەست کردن بە کۆمەڵێک حەقیقەتی تاڵی





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێوەندیدار بەو دیاردەیەیە.

ئاکامی دوایین لێکۆڵینەوەیەک کە بنیاتێکی کۆمەڵناسیی ئێران لە دەرەوەی وڵات لە سەر بنەمای کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر زاری ئەو کچ و ژنانەی خۆویستانە بەشدارییان لەو توێژینەوەیەدا کردوە، قووڵایی بەشێک لەو کارەساتەی زۆر بە جوانی وێنا کردوە.

ئەوەی لەو لێکۆڵینەوەیەدا دەرکەوتوە ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو کچ و ژنانە لە ئێران را بۆ وڵاتانی پاکستان، وڵاتانی شێخ نشینی عەڕەبی و ئامریکا و ئورووپا دەنێردرێن.

بەشی زۆربەی ئەو کچ و ژنانەی بازرگانیی پۆرنۆیان پێ دەکرێ، لە ماڵەوە رایان کردوە و هۆکاری راکردنەکانیش جیاوازن. بە پێی ئەو زانیارییانەی کە بەشێک لەو کچان و ژنانە خۆیان درکاندوویانە، نیزیک بە 6% ی ئەوان بە هۆی نەحاوانەوە لە گەڵ دایک و باوک لە ماڵی رایان کردوە. نیزیک بە 16% یش ئێعترافیان کردوە کە لە لایەن کەسانی نیزیک لە خۆیان هەڵ خەڵەتێندراون 15% ی ئەو کەسانەش نەبوونی ئاسایش و ئەمنیەت لە کەشی خێزانەکانیان بە هۆکاری راکردن لە بنەماڵەکانیان باس کردوە.

12% ی ئەو کەسانەش تەڵاق و جیابوونەوە لە مێرد و سەرنەکەوتن لە ژیانی هاوبەشیان وەک هۆکاری روو تێکردن لەو پیشەیە باس کردوە و 15% ی ئەو کەسانەش بارودۆخی نالەباری ئابووریی وڵاتیان وەک هۆکاری جێهێشتنی ئێران بە تەمای دەسکەوتنی داهات و ژیانێکی خۆشتر لە قەڵەم داوە.



هەروەها دەرکەوتوە کە بەشی هەرە زۆری ئەو کچ و ژنانە بەر لە پەیوەستبوونیان بە گرووپ و مافیاکانی قاچاغی ژنان لە گەڵ ئەوەی پێشتر لە ماڵی خۆیان رایان کردوە، تووشی کۆمەڵێک تاوانکاریی دیکەی کۆمەڵایەتیی وەک هەڵگرتن و هێنان و بردن و فرۆشی ماددە هۆشبەرەکان و دزی و ... بوون.

نێونجی تەمەنیی ئەو کەسانەش جێی سەرنج و وردبوونەوەن. 71% ی ئەو کەسانە تەمەنیان لە نێوان 14 تا 16 ساڵ دایە. ئەو قۆناغە تەمەنییە هەستیارە بواری ئەوەی بە باندەکانی مافیا داوە کە ئاسانتر ئەو کەسانە هەڵ خەڵەتێنن و لە داویان بخەن. 15% ی دیکەش لەو کچ و ژنانە نێونچی تەمەنیان لە نێوان 17 تا 20 ساڵ دایە و 5% ی دیکەی ئەو کچ و ژنانە تەمەنیان سەرروو 20 ساڵ بووە.

بە سەرنجدان بەوەی کە بەشیکی زۆری ئەو کچان و ژنانە نەخوازراو دەکەونە نێو داوی باندەکانی قاچاغی ژنان و بە جۆرێک لە جۆران هەڵ دەخەڵەتیندرێن، ئاماژە بە چەند ریگە و شێوازێکی هەڵ خەڵەتاندن و لە خشتە بردن و هاندانیان بۆ راکردن لە ماڵ و ملدان بە داوای سەرۆک باندەکان بۆ بازرگانیی سێکسی جێی سەرنجە.

بەشێک لەو کچانە بە هیوای دەسکەوتنی کاری گونجاو و پڕ داهات و بەشێکیش بە هیوای دەسکەوتنی هەلومەرجی دڵخواز بۆ پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش و لە سەر ویست و داوای خۆیان پەلکێشی ئەو باند و گرووپە قاچاغانە دەبن. بەشێک لەو کەسانەش رفێندراون و دوای ئەوەی ئەتک کراون، دەمکوت و بێدەنگ و ناچار بە ملدان بە سەر دۆخی داسەپاو دا کراون.

ئیعتیاد بە ماددە هۆشبەرەکان و نەخۆشیی ئایدز و نەخۆشینە " مقاربتی" یەکان بەشێک لەو دەرەنجامانەیە کە دەبێ ئەو کچ و ژنانە چاوەڕوانیان بکەن. ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەری خستوە کە نیزیک بە 60% ی ئەو کەسانە تەواو موعتاد بە ماددە هۆشبەرەکانن و 31% یشیان موعتاد بە کێشانی سیگارن.

ئەو لیکۆڵینەوەیە لە سەر نرخی بە کرێدانی ئەو کەسانەش چەند زانیارییەکی بڵاو کردۆتەوە.

کرێی ئەو کچ و ژنانە، بە تایبەت جوان و جحێڵەکان بۆ شێخە عەڕەبەکان 250 هەزار تمەن لە شەو و رۆژێک دا و 5 تا 10 هەزارتمەنیش بۆ کرێکارانی پاکستانی و هیندییە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قسەکردن لەمافەکانی ژنان تاکەی لە خزمەتی سیاسەتدا بن؟

کوێستان فتوحی

مرۆڤ جاری وایە هێندێک ڕووداو و کارەسات دەبیسێ کە پێی وایە هیچ شتێک لەوە خراپتر نیە. ئەمە خەون و کابووسە، یان ڕووداوێکی ڕاستەقینە؟ تف لەو کلتوورەی ئەوانەی بەم شێوەیە پەروەردە کردووە و وەک درندەیەک ڕەفتار لە گەڵ ئینسانەکان دەکەن، کە باوەڕ کردنیشی دژوارە!

ماوەیەک پێش ئێستا چاوم بە وێنەیەک کەوت کە بەڕاستی ڕای چڵەکاندم، وێنەی ژنێکی جوان و لاو کە لووت و گوێیەکانی بڕدرابوون. بیرم لە چارەنووسی ئەو چارەڕەشە دەکردەوە، کە چۆن دوای ئەم کارەساتە ژیان بەسەر دەبا! بەڵام بەوحاڵەش هیوایە ژیان دەبەخشێ بە ئینسان. ئەویش هەروەک خۆی لە وتوێژێکدا وتبووی هیوایەکم لە دڵ دایە کە ڕۆژێ بێ و لووتم بۆ چاک بکرێتەوە. بۆ چەند ڕۆژ نەمدەتوانی خۆم لە غەم و ئازاری ئەو ژنە جوانە دوور بخەمەوە. وێنەکەیم لە سەر شاشەی کامپیوتێرەکەم پاراستبوو، جاروبار چاوم لێ دەکرد و بە دیتنەوەی چەند جارەی بیرم لەو هەموو کارەساتە تاڵ و بەئازارانە دەکردەوە کە ڕۆژانە لە هێندێک وڵات دا بە سەر ژنان دێن. هەموو ئەو دیمەن و کارەساتانەی دیتبووم و بیستبووم وەک فیلم بەبەر بەرچاومدا دەهاتن و دەچوون و ئازاریان دەدام . دوعا ئەسوەد کچە 17 ساڵە یەزیدییەکەی کوردستانی باشوور کە لەلایەن کۆمەڵێک پیاوی درندەوە و بەبەر چاوی کۆمەڵێکی دیکەوە لەشی ناسکیان وەبەر شەق و بەرد و بلووک دەداو گیانیان لێ سەند. فیلمی ئەو ڕووداوە ترسناکە لەم مۆبایل بۆ ئەو مۆبایل بەرێ دەکرا و هێندێک کەس کە دەیان دیت ئاخێکی بەزەییان بۆی هەڵ دەکێشا و هیچی تر! ژنە کوردەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تاوانی "بێ ئەخلاقی" لەسەر شاخی بەرزی ڕەواندوزەوە بەریان دابووەوە خوار و بەوەش نەوەستان لەسەرەوە بەردی گەورەیان بەسەردابوو تاکوو بمرێ! ئەمەش جۆرێکی دیکە بوو لە (سنگسار) کوشتنی شەوبۆ جوانەکە و هێشوو و سارای باشوور بەتاوانی "نامووسپارێزی"، لووتبڕینی کەژاڵەکەی ڕانیە، کوێر کرانی ئامینە کچە خوێندکارە ئێرانییەکە ئەسیدی بە دەموچاودا کرا و بۆ هەمیشە بێبەش کرا لە ڕووناکایی چاو، سەعیدە کچە 14 ساڵە سیستانییەکە کە ئەویش لە بەرزاییەکانی زاهیدان بە بەرد کوژرا. هەموو ئەو جینایەتانە لە لایەن پیاوانەوە وتەنانەت لەلایەن نزیکترین کەسەکانی خۆیانەوە ڕوویان دا.

ئەرێ کێ ئەو ئیجازەیەی بەم پیاوە دڵڕەقانە داوە کە بەم شێوەیە ئەو ئینسانانە لەسەر خۆشەویستی یان نەخێر لەسەر هەڵەیەک بەم شێوەیە سزا بدەن؟ خودا! کام خودا؟

.... دەمەوێ کەمێک لە ئازارەکانی ئەوانە بدوێم. خۆم بە ویژدانی ئازار چەشتووان دەزانم، ناتوانم بێدەنگ بم، بەڵام دەنگی من چ سوودێکی هەیە؟! دەکرێ هەست بە ئازار بکەی و بە کەس نەڵێی؟ ڕەنگە! بەڵام تەحەموولی دژوارە هەست بە ئازارێک بکەی و بەڵام بێدەسەڵات بی لە ئاستیدا. موچوڕکم بە لەش دا دێ و نفرەت لەو دەسەڵات و کلتوورە دەکەم کە بەم شێوە مرۆڤەکان پەروەردە دەکا، نفرەت لەو دەسەڵات و هێزەی ئەم قانوونەی لەسەر مرۆڤ پیادە کردوە!

لە جیهاندا سیستمێک دەسەڵاتی بەدەستەوەیە زاڵمانە و نادادپەروەرانەیە. ژنان قوربانیانی سەرەکی ئەو کەلتوور و سیستەم و دەسەڵاتانەن کە لە وڵاتانی دواکەوتوو و ئیسلامیدا حاکمن و بە شێوەی جۆراوجۆر لە ماڵەکان، لە شوێنی کار، لە شەقام، لە قوتابخانە، زانکۆکان و.... سووکایەتیان پێ دەکرێ و دەچەوسێنەوە و گیانیان لێ دەسەندرێ.

لەم جیهانەدا هەموو شتێ فیدای قازانج و بەرژەوەندییەکان بوون. لە جیهانی ئەمڕۆدا ئەوەندەی دیفاع لە پرنسیپی ئیسلامی و دەمارگرژی و نامووسپەرستی دەکرێ، قەت ئەوەندە بیر لە سڕینەوەی ئەو قانوون و کلتوورە دارزیوە ناکرێتەوە کە لە زۆر وڵاتی ئەم دنیایەدا گیانی ئینسانەکان بە بێ بایەخی چاو لێ دەکرێ و زۆر ئاسان بە دەستی پیاوە دەمارگرژەکان سووکایەتی بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جەستەیان دەکرێ و ئاسان گیانیان لێ دەسەندرێ.

ئەو ڕۆژانە وێنەی کچە ئەفغانستانییەکەم پیشانی هاوکارێکم دا، ئەویش بەم قسەیە بێزاری خۆی لەم کردەوەیە دەربڕی: **"ڕێکخراوی تاڵیبان هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێ"**. کەژاڵەکەی ناوچەی پشدەر و بیتوێنم بیر خستەوە کە چەند ساڵ لەمەوبەر، لە کوردستانی ئازاددا ئەویش بە دەستی کەسانی نزیکی خۆی لووتیان بڕی. وتم ئەی ئەوانە لووتی کەژاڵیان بڕی کێ بوون؟! بەسە تاکەی هەواڵ و ڕووداوی پیشێلکارییەکان هەمووی دەبێ لە خزمەتی سیاسەتدا بن؟ چ شتێک پاڵنەری ئەم جۆرە ڕووداوە ترسناکانەن؟ توندوتیژی دژی ژنان، سیمای ڕاستەقینەی چ کلتوور و یاسا و ڕێسایەکە؟ ئایین؟ پیاوسالاری؟ پیاوسالاری بەرهەمی چ فکر و ئایدۆلۆژییەکە؟ ئایا ئەوانەی دەست بۆ ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە دەبەن، پەروەردەی چ فکر و ئایدۆلۆژیایەکن؟ هەموو ئەوانە جێی تێرامان و لێ وردبوونەوەن.



**تا جەستەت تێکەڵ بە خاک دەبێ ئەم ئازارە هەر دەمێنێ و هەر دەمێنێ**

یەکەم پاڵنەری دەروونی لە پشت هەر کردەوەیەکی لەم ...ێوەیە سیفەتی توندوتیژئامێزی پیاوێک هەیە کە تا ئێستاش ئەم سیفەتە تێروانینی زاڵی کۆمەڵگە دواکەوتووەکانە. ئەوەتا ئەو وەحشیگەرییەی لە ئەفغانستان ڕوویداوە لە وڵاتەکەی ئێمەش زۆر پێشتر ڕووی داوە.

18 _ 19 ساڵ لەمەوبەر ژنێکم بە ناوی "م" کە تەمەنی لە دەوروبەری 45 ساڵ دەبوو بینی سیمایەکی شێواوی هەبوو، دڵم نەهات لەخۆی پرسیار بکەم، دواتر لە ناسیاوێکی خۆیم بیست کە ئەو ژنە چارەڕەشە کاتی خۆی بە هۆی ئەوەی لەگەڵ خۆشەویستەکەی ڕایکردبوو، براکانی هەر ئەو بەڵایەیان بەسەر هێنابوو کە بە سەر کەژاڵی باشوور و عایشەی ئەفغانستان هاتبوو. بە دڵنیاییەوە هەرکام لە ئێمە لەوبارەوە ئەگەر بە چاوی خۆمان ڕووداوی لەو جۆرەمان نەدیبێ، بێگومان بیستوومانە.

حاشای لێ ناکرێ ڕەفتاری توندوتیژ ئامێز لە زۆر وڵاتدا و ناوچەی جۆراوجۆری جیهاندا بە شێوەی جیاواز لە دژی ژنان بەڕێوە دەچێ. بەڵام ئەم کردەوە دزێو و نامرۆڤانەیە (لووت بڕین) لە کەم وڵاتدا دەبینرێ. کوردستان و ئەفغانستان! چ عەلقەیەک ئەمانە پێکەوە دەبەستێتەوە؟ بێگومان ئەم کردەوانە زیاتر لەو وڵاتانە ڕوودەدەن کە لە ڕووی وشیاری و عەقڵەوە لەوپەڕی هەژاری و چەقبەستوویی‌دا دەژین.

دیاردەی بەرخوێن، بە زۆر بەشوودان، گەورە بە بچووک، ڕەدووکەوتن، چەند هاوسەری و سزا و کوشتنی ژنان لەسەر مەسەلەی "ناموس پارێزی" و... هەموو ئەوانە لە ئەفغانستانی ئیسلامی بوونیان هەبووە و هەیە، لە کوردستانیش ئەم دیاردانە بوونیان بووە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشێکیان ئێستاش لە هێندێک ناوچە هەر ماون. بۆ نموونە دیاردەی دزێوی بەرخوێن کە ئایشە یەکێک بووە لە قوربانیانی ئەم دیاردە دزێوە، بە لای ئێمەی خەڵکی کوردستانەوە نامۆ نیە.

**چۆنیەتی ڕووداوەکەی عایشە لە ئەفغانستان**

عایشە لە تەمەنێکی کەمدا لەگەڵ خوشکێکی وەک "بەرخوێن" دەدرێن بە بنەماڵەیەک کە مامی عایشە کەسێکی لێ کوشتبوون، بۆ ئەوەی خوێن ڕشتن کۆتایی پێ بێ . بەڵام بنەماڵەی کوژراوەکە کە دەبنە ماڵە خەزووری ئەو دوو خوشکە، وەک کۆیلەیەک سەیری ئەم کچانە دەکەن و بەردەوام لەلایەن ئەو بنەماڵەیەوە ئازار دەدرێن، تا وای لێ دێ عایشە لەو ماڵە کە لەناوچەی ئەرزکان دەژیان ڕادەکا، بەڵام پیاوانی ئەو بنەماڵەیە لە شاری قەندەهار دەیگرنەوە و بە تاوانی ئەو ڕاکردنە کە پێیان وایە شەرمەزاری بۆ بنەماڵەکەیان دروست کردوە، لووت و گوێیەکانی ئەم کچە بێتاوانە دەبڕن. ئەم کارەش گۆیا بە حوکمی گرووپی تالیبان و بە دەستی مێردی عایشە کە چەکداری تالیبان بووە، دەکرێ. دواتر لە چۆڵەوانییەک بە نیوە گیانی فرێی دەدەن تاکوو بمرێ. بەڵام دەستەیەک لەسەربازەکانی هێزی هاوپەیمانان کە لەو ناوچەیە لە حاڵی گەڕاندا دەبن، عایشە لە حاڵێکی شپرزەدا دەبیننەوە و ڕەوانەی نەخۆشخانەیەکی خۆیانی دەکەن و پاش 10 مانگ لە لایەن ڕێکخراوێکی خێرخوازەوە بۆ چارەسەری لووتی بەرێ دەکرێ بۆ وڵاتی ئەمریکا. وێنەی عایشە بەم شێوەیە لە سەر بەرگی گۆڤاری "تایم"ی ئەمریکا چاپ و بڵاو کرایەوە. ئەمەش نیشاندانی نموونەیەک ئازارەکانی ژنانی ئەفغانستان بوو. بەڵام گۆڤاری تایم داوای لێبووردنی لە خوێنەرەکانی کرد کە بە چاپ کردنی ئەم وێنەیە بۆتە هۆی ئازاردانیان. ئەی کێ داوای لێبووردن لە منداڵانی ئەفغانستان و کوردستان بکا کە ڕۆژانە بەبەردەوامی ئازارەکانی دایک و خوشکیان بە چاو ئەبینن؟ منداڵە کوڕەکان ئەو کلتووره وەردەگرن کە لە ڕەفتاری پیاوەکان دایە و منداڵە کچەکانیش مەزلوومییەت لە دایکیان و خوشکە گەورەکانیان وەردەگرن. بەڵام چ هێزێک ئەو جورئەتەی هەیە لە فکری سڕینەوەی ئەو کولتووره نادادپەروەرانە دا بێ؟





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هەست و روانگەی تاوانباران (پیاوە موسڵمانەکان)

ئەوانەی بەم شێوە دڕندانەیە ژنان سزا دەدەن، نەتەنیا هەست بە تاوانێک ناکەن، بەڵکوو پێیان وایە فەرمانی ئیسلامیان جێبەجێ کردوە، چونکە ژن موڵکی پیاوە و ئیسلام ئەو مافەی بە پیاو داوە کە ژن ئەگەر سەرپێچی لە فەرمانی ئەو کرد دەبێ سزابدرێ! واتە پیاوە ئیسلامییەکان پێیان وایە سزادانی ژنێک کە سەرپێچی بڕیارەکانیان دەکا ئەرکە و نابێ لە هیچ قانوونێکی دەسکرد بترسن.

ئەگەر بڕوانینە کێشەکانی ژنان لە وڵاتانی دواکەوتوودا زۆریان وەک یەک دەچن. بۆ نموونە سزادانی ژن لەسەر مەسەلەی ناموس. بە دڵنیاییەوە هێزی کۆنەخواز و پیاوانی دەمارگرژی تالیبانی تەنیا لە ئەفغانستان بوونیان نیە، ئەگەر چاوێک لە ئێرانی ژێردەسەلاتی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت کوردستانی ئازادییش بکەین دەبینین ئەخلاقێکی کۆنەپارێزی ژیانی زۆر ژنی کردۆتە دۆزەخ. ئەم ئەخلاقە خەریکە پەرە دەستێنێ و هەموومان هەستی پێدەکەین. ئەوەی لە ئێران دەبینرێ بە هۆی ئەو دەسەڵات و قانوونەوەیە کە ئێستا لە ئێراندا حاکمە. بەڵام ئەوەی لە باشووری کوردستان دەبینرێ زۆر جێگەی داخ و کەسەرە.

هەر کەسێک بۆ جارێکیش بێ رێی بکەوێتە مەجلیسی پرسەی ژنان لە شارەکانی کوردستان و کەمێک گوێ بگرێ بۆ (پیاوێکی ئایینی) بۆ قورئان خوێنی بانگ دەکرێ بۆ ئەو مەجلیسانە، باش هەست دەکا و دەزانێ هێزی کۆنەخواز و توندوتیژئامێز لە کوردستانی باشوور بە جۆرێکی دیکە خەریکە باڵ بەسەر ژیانی خەڵکدا دەکێشێ.

### نموونەیەک

بەهاری ساڵی رابردوو چوومە پرسەی دۆستێکمان کە دایکی کۆچی دوایی کردبوو. مەجلیسی پرسەکە لە هاڵێک هەرچەند زۆریش گەورە نەبوو، بەڵام زیاتر لە 30 ژن لە هاڵەکە دا دانیشتبوون. مەلایەکیان بە خۆی و بڵینگۆیەکی گەورەوە هێنابوو بۆ قورئان خوێنی، مامۆستا کە جارو بار لە قورئان خوێنییەکە ماندوو دەبوو، قسەی بۆ ژنەکان دەکرد. ئەو ژنانە جگە لە 3 یان 4 ژن هەموویان سەرپۆشیان بووە. مەلا بەردەوام نەسیحەتی ژنانی دەکرد و باسی ئاگری جەهەننم و سزای یەزدانی بۆ سەر ئەو ژنانە دەکرد کە سەرپۆش بەسەردا نادەن یان گوێڕایەڵی مێردەکانیان نین. لە دێڕ بە دێڕی قسەکانیدا ترس و خۆف و توندوتیژی بەدی دەکرا. **"من کارم بەوە نیە ژنان سەرپۆش دەپۆشن یان نا و گۆناحەکەی چیە و لەو دنیا چ عەزابێک دەکێشن، بەڵام خۆشکان پێتان دەڵێم سەرپۆش کۆمەڵگە لە فەساد وبێ ئەخلاقی دوور دەخاتەوە"** لەم دێڕەدا چی بەدی دەکرێ؟ ئەوە یەکێکە لە دروشمەکانی رێژیمی دژی ژنی کۆماری ئیسلامی کە 31 ساڵە شەڕی حیجاب لەگەڵ ژنانی ئێران دەکا. هەموو دەزانین پرسە جێگەی هاودەردی و هاوخەمییە لەگەڵ بنەماڵەی کۆچکردوو، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ بۆتە سەکۆی بڵاو کردنەوەی فکری کۆنەخوازانە و تۆقێنەر لە دژی ژنان.

ئەرێ ئەوانە لەلایەن کێوە ئەو ئیزنەیان پێ دراوە ئەم روانینە کۆنەپەرستانەیە لە کۆمەڵگەدا بڵاو بکەنەوە؟

رێکخراوەکانی ژنان، رووناکبیران، ئەوانەی ئیددیعای مەدەنییەت و پێشکەوتوویی و لایەنگری لە مافی یەکسانی مرۆڤەکان دەکەن بۆ قسەیەک ناکەن؟ بۆ ئەو جورئەتەیان تێدا نابینرێ کە بە گژ ئەوانەدا بچنەوە کە بەم شێوەیە فکرەکانی خۆیان لە کۆمەڵدا بڵاو دەکەنەوە؟ بێدەنگی مەجال بۆ ئەوانە زیاتر خۆش دەکا تاکوو بە کەیفی خۆیان بۆچوونە کۆنەخوازانەکانیان لە کۆمەڵگەدا بڵاو بکەنەوە.

**لەم جیهانەدا هەموو شتێ فیدای قازانج و بەرژەوەندییەکان بوون. لە جیهانی ئەمڕۆدا ئەوندەی دیفاع لە پرنسیپی ئیسلامی و دەمارگرژی و ناموسپەرستی دەکرێ، قەت ئەوندە بیر لە سڕینەوەی ئەو قانوون و کلتوورە دارزیوە ناکرێتەوە کە لە زۆر وڵاتی ئەم دنیایەدا گیانی ئینسانەکان بە بێ بایەخی چاو لێ دەکرێ و زۆر ئاسان بە دەستی پیاوە دەمارگرژەکان سووکایەتی بە جەستەیان دەکرێ و ئاسان گیانیان لێ دەسەندرێ**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەر میللەتێک دەبێ مۆدێلی تایبەت بەخۆی بۆ جێبەجێ کردنی مافەکانی مرۆڤ بنیات بنێ

**"ژۆرژیا کووفەن – گێرەن" لە بەرپرسانی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان**

دیمانە : ئەلف. عبدالله

لە ساڵەکانی خەباتی چەکداری‌دا کۆمەڵێک ڕێکخراوی مرۆڤدۆستی فەڕانسەیی یارمەتیی زۆر بەنرخیان لە بواری دابینکردنی دەرمانی و خزمەتگوزاریی پزیشکی‌دا پێشکەش بە پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دێموکڕات و خەڵکی بێدیفاعی کوردستان کرد. ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان یا "ئێم دی ئێم" یەکێک لەو ڕێکخراوانە بوو. ئەو پزیشک و پەرستارانە کە ئەو ڕێکخراوە لەو سەردەمەدا ڕەوانەی شاخەکانی کوردستانی دەکردن بە هەگبەیەک لە یارمەتیی دەرمانی و هاوپێوەندیی ئینسانی دەهاتن و بە هەمبانەیەک لە هەست و هاوسۆز دەگەڕانەوە. هەر بۆیە پاش گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی خۆشیان کوردەکانی ئێرانیان لەبیر نەدەکرد و بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی سیاسی بۆ مەسەلە ڕەواکەیان بە جۆرێکیش دەبوونە سەفیر و سپۆنسەریان. "ژۆرژیا کووفەن-گێرەن" یەکێک لەو پزیشکانەیە کە زۆر جار هاتۆتە کوردستان و لەگەڵ ئازار و ئارەزووەکانی خەڵکی کورد بەتایبەت ژنانی نێو کۆڕی خەبات ئاشنا بووە. ژۆرژیا کە ئێستا لە ناوچەی "مارسەی"ی فەڕانسە دەژی بە چەشنێک کوردەکانی کەوتە بەر دڵ و کوردستانی خۆش ویست کە ناوێکی کوردیی لەسەر منداڵە فەرانسەوییەکەی خۆی دانا. بۆ ئاوڕدانەوە لەو ساڵانە لە هاوپێوەندیی ژنان و پیاوانی کورد و فەڕانسەیی، گۆڤاری ژنان دیمانەیەکی لەگەڵ خاتوو ژۆرژیا پێک هێناوە.



**پ: ڕابردووی تۆ لە بواری پزیشکی و یارمەتیی مرۆڤدۆستانەدا چیە؟**

و: من لە بنەڕەتەوە پەرستارییم خوێندوە. دواتر بووم بە کادری تەندروستی. لە ساڵی 1986 ەوە لە ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان‌دا کار دەکەم. ناو بەناویش لە چەندین مەئموورییەتی نێونەتەوەیی‌دا بۆ نموونە لە عیراق و تورکیە بەشدار بووم. لە ئاستی نێوخۆییشدا، واتە لە فەڕانسە، لە بواری دەستڕاگەیشتنی خەڵکی بێدەرەتان بە ماف و خزمەتگوزاریی تەندروستی‌دا کارم کردووە.

**پ: چۆن و چەند جار ڕێت کەوتۆتە کوردستان؟**

و: ئەمن لەنێوان ساڵەکانی 1986 و 2002پێنج مەئمووریيەتم بۆ کوردستان ئەنجام داوە. سێ سەفەری یەکەمم بۆ ڕاهێنانی هانابەر و پەرستار لە چوارچێوەی پرۆگرامێکی هاریکاری لەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و دوو سەفەرەکەی دواییشم بۆ هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی پەروەردە لە بواری عیلاج و جەڕڕاحی‌دا بوون.

**پ: ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان ئێستا بە چییەوە خەریکە؟ بۆچی ئێستا کەمتر دێنە کوردستان؟**

و: ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان ئێستاش پرۆگرامەکانی خۆی لە عیراق هەروا درێژە دەدا، بەڵام ئێستا زۆرتر پشت بە هێزی ئینسانی لە نێوخۆی ئەو وڵاتەدا دەبەسستێ. پرۆگرامەکانمان لەوێ بریتیین لە ڕاهێنان بۆ پێڕاگەیشتنی ئۆرژانس، ڕاهێنانی تەندروستیی ژێنێتیک و تەندروستیی ڕەوانی.

**پ: ئەو شتانەی لە ئەزموون و بیرەوەریت لە کوردستان لە**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**زەینتدا ماون چین؟ چ شتێکی کوردەکان زیاتر سەرنجی ڕاکێشاوی؟**

و: پێش هەموو شتێکخۆڕاگری لەپێناو وەدیهێنانی مافە ئینسانی و فەرهەنگییەکانی گەلی کورد و خەبات بۆ دیمۆکراسی و خودموختاریی ناوچە کوردنشینەکان. پاشان پێشوازیی خەڵک کە بە باوەشی گەرم و ئاوەڵاوە ئێمەیان وەردەگرت و بەمجۆرە دۆستایەتی و هاوپێوەندیمان لەگەڵ ساز کردن. هەروەها غیرەت و ئازایەتیی گەلێک کە تووشی ئازار و دابڕان و هەژانی یەک لە دوای دەبوو : لێک دابڕانی بنماڵەکان، لەدەستدانی ئازیزان لە خەباتی چەکداریدا، زیندان، ئیعدام، بەکاربرانی چەکی کۆمەڵکوژ و قەدەغەکراو لە دژیان، ... هتد.

**پ: لەو سەردەمەدا کە هاتوچۆی کوردستانت دەکرد، بارودۆخی ژنانی کوردت چۆن هاتە پێش چاو ؟**

و: دەبێ جیاوازی دابنێین لەنێوان بارودۆخی ژنانی کورد لە کاتی خەباتی چەکداری و ژنانی کورد لە ژیانی مەدەنییاندا. لە مەیدانی خەباتی چەکداریدا، هەستم کرد ئەوان پێگەیەکی باشتریان لەبواری یەکسانی لەگەڵ پیاواندا هەیە. هێندێک لەو ژنانە ئەرکی گرینگیان پێ دەسپێردرا: کادری پزیشکی، مامۆستا، پێشکەشکاری ڕادیۆ و تەنانەت هێندێکیان بەرپرسایەتیی سیاسییشیان هەبوو.. لە مۆدێلی بنەماڵەییی سوننەتیدا چاوم بە زۆر دایک کەوت کە گەشاوە و ڕازی دیار بوون، بەڵام زۆر شایەتیدانیشم سەبارەت بە بەشوودانی زۆرەملێ و قەتڵی نامووسی گوێ لێ بوو.

**پ: نابەرابەریی ژن و پیاو لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەیە. بەڵام لە وڵاتانی جیهانی کوردستانیش لەنێو وڵاندان، ئەو نابەرابەرییە زیاتریش هەست پێ دەکرێ. بە بڕوای تۆ ئەرکی ژنان و پیاوان لە خەبات بۆ دابینکردنی یەکسانیدا چییە؟**

و: پێویستە هەموو لایەک کار بۆ جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤ کە مافی ژنانیشن بکەن. ئەمن لەو باوەڕەدام کە ڕاگەیاندراوی جیهانیی مافی مرۆڤ دەکرێ وەک کۆڵەکەیەک لە هەموو کۆمەڵگاکاندا کەڵکی لێ وەربگیرێ. بێگومان خەبات بۆ پاراستنی کەلتوور و دابونەریتەکان خەباتێکی ڕەوا و جێگەی جێگەی ڕێزە. بەڵام جاری وایە دابونەریت دیاردە و کرداری خراپ خراپ و بەسەرچوو دەگرێتە خۆی. ژن دەبێ دەبێ وەک سووژەی خاوەن کەسایەتی چاو لێ بکرێ.

**پ: زۆر جار تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکان بۆ نمونە نمونە ئایین و دابونەریت دابونەریت وەک پاساودەرێکی پێشێلکردنی مافەکانی ژنان بەکار دەبرێن. لەو**

**خەبات بۆ پاراستنی کەلتوور و دابونەریتەکان خەباتێکی ڕەوا و جێگەی ڕێزە. بەڵام جاری وایە دابونەریت دیاردە و کرداری خراپ و بەسەرچوو دەگرێتە خۆی**

هیچ شتێک ناتوانی پێشێلکردنی مافەکانی ژنان پاساو بدا.

**بە هۆی پیشەکەتەوە بێگومان ڕێت کەوتۆتە زۆر وڵات کە لە حاڵەتی شەڕدا بوون. سەبارەت بە مافی ژنان لە کاتی شەڕدا بۆچوونت چییە؟**

لە سەردەمی شەڕدا ژنان و منداڵان لە هەموو چین و توێژێکی دیکە زیاتر لە مەترسیی پێشێلکرانی مافەکانیاندان. بۆیە پاریزگاریی جیددیی وان پێویستییەکی بێئەملاوئەولایە. دیوانی جینایی نێونەتەوەیی لە زۆر کەیسی پێوەندیدار بە بۆسنی و ڕواندادا هەوڵی داوە تاوانی دەستدرێژی و قەڵت و بڕ کردن و کوشتنی ژنان لەو جۆرە حاڵەتانەدا بێ سزا نەهێڵێتەوە و بکاتەوە.

**زۆر فاکتەر بۆ ئازادیی ژن دەور دەبینن. ئەتۆ بۆخۆت کامە فاکتەرت لە هەموویان پێ گرینگترە؟**

کۆمەڵێک شت لەو بوارەدا گرینگن: پێش هەموو شتێک یاسا. کاتێک قەتڵە نامووسییەکان لە یاسای حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق دا سزایان بۆ دیاری کرا، ژمارەی ئەو جینایەتانە رووی لە کەمی کرد. پاشان بەشداریی ژنان لە سیاسەتدا کە بێگومان بەشدارییان لە حکومەتیشدا دەگرێتەوە، چونکە بەم جۆرە ئەوان چارەنووسی خۆیان دەگرنە دەست. سەرەنجام پەروەردە. لە ڕێگای زانست و زانیارییەوەیە کە ژنان دەتوان خۆیان لە چنگ کۆت و بەندەکان ڕزگار بکەن.

**بە بڕوای تۆ ئایا مۆدێلی ڕۆژئاوایی ڕزگاریی ژنان بۆ ڕزگاریی ژنانی جیهانی سێهەم گونجاوە؟**

هەر میللەتێک دەبێ مۆدێلی تایبەت بە خۆی بۆ جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤ بنیات بنێ. ڕۆژئاوا بۆی نیە ئامۆژگاریی کەس بکا. لە فەرانسە هەر حەوتوویەک دوو ژن لە ئاکامی توند و تیژیی هاوسەرەکانیان گیان لە دەست دەدەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خەمۆکی لە ژنان دا

✍ حەلیمە ڕەسوولی

خەمۆکی بریتیە لە هەست بە خەم کردن، دڵ ساردبوونەوە لە ژیان بەگشتی بێ هیوایی.ژیان هەورازو نەزمی یەکجار زۆری تێدایە. کاتێک گلۆڵەی ژیانی مرۆڤ دەکەوێتە لێژی،هەڵسو کەوتی ئاسایی ژیانی تێک دەچێو بوار خۆش دەبێ بۆ سەرهەڵدانی نەخۆشیەکی باو لە ژێرناوی خەمۆکی کە روح و جەستەو هێزی مرۆڤ دادەگرێ. لە زۆربەی کۆمەڵگاکان دا بەداخەوە ژنان دەستو پەنجە لەگەڵ ئەو نەخۆشییە نەرم دەکەن. ڕادەی تووش بوونی ژنان بە خەمۆکی زۆر زیاترە لە پیاوان. سەرچاوەی ئەم نەخۆشییە دەگەڕێتەوە سەر هۆکاریی بیولۆژیکی وەك ژینگەیی، کلتووریو تێکەڵاوێك لەوانە.

کێشە گەلی ئابووریو جیاوازیی چیناتیەتی، چوونە سەری ئاستی زانیاری ژنانو داخوازە رامیاریو کۆمەڵایەتیەکانو لەبەرامبەردا وەرنەگرتنەوەی وەڵامی شیاو، لە لایەکی دیکەوە هەڵاواردنی ڕەگەزی، دابونەریتە هەڵەکان لە بنەماڵەدا، هەست بە تەنیایی کردن،پاراستنی شەرمو حەیا، کێشەو نارەحەتی، گرنگی پێنەدانی بنەماڵە بە رەگەزی مێ، دەستدرێژی کردن، ئەشکەنجەو ئازاریی جەستەیی لە هۆکارە دەروونیەکانی تووشبوونی ژنان بەو نەخۆشیەن. جێگای ئاماژەیە، هەموو مرۆڤیك چ ژنو چ پیاو لەوانەیە لە ماوەی ژیانی دا بۆ ماوەیەکی کاتی بە هۆی رووداوگەلێکی وەك لەدەستدانی ئازیزانو یان سەرکەوتونەبوون لە پ3رسە جۆراوجۆرەکان دا خەمۆکی ئەزموون بکەن.

خەمۆکی کاریگەری لەسەر جەستەو دەروونی تاك دادەنێ، کەسەی خەمۆك هەست بە بێدەسەڵاتی بێهیوایی و سەر لێشێواوی دەکا. ئەو کەسە وردەوردە ئۆگری بەو کارانەی کە دەبنە هۆی شادبوونی لەدەست دەدا. تەنانەت مەیلی خواردنی نامێنێو یان تووشی بێخەوی دەبێ،

یان بە ڕادەیەکی یەکجار زۆر دەخەوێ، ئیرادەی بۆ هەرچەشنە بڕیارێك لەدەست دەداو لە ناکاو بێ هیچ هۆیەك لە پرمەی گریان دەدا، ژنی تووشبوو بەم نەخۆشییە ژنێکی لە ڕادەبەدەر دڵ ناسکە، گۆشەگیری پیشەیەتیو لە جیاتی بیرکردنەوە لە ژیان بەدایم بیر لە مردنو نەمان دەکاتەوە. هەست بە پشت ئێشەو سەر ئێشە دەکاو بەردەوام تووش بوون بە نەخۆشی گەلێکی وەك نەخۆشی دڵو شەکرەش هەڕەشەی لێدەکەن.

- **جۆرەکانی خەمۆکی لە ژنان دا**
- خەمۆکی پاش منداڵ بوون– خەمۆکی بەر لە پریۆد(سووڕی مانگانە)
- خەمۆکی وەرزی





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- خەمۆکی پاش تەلاق
- هەروەها قۆناغ گەلێکی وەك: قۆناغی خۆناسین(بلوغ)، زەماوەند، دووگیانی، شیردانو تەنانەت منداڵ لەبار چوونو ڕوودانی گۆڕانکاری هۆرمۆنی لەلەش دا.

**خەمۆکی بریتیە لە هەست بە خەم کردن، دڵ ساردبوونەوە لە ژیان بەگشتی بێ هیوایی.ژیان هەورازو نەزمی یەکجار زۆری تێدایە. کاتێك گلۆڵەی ژیانی مرۆڤ دەکەوێتە لێژی، هەڵسو کەوتی ئاسایی ژیانی تێك دەچێو بوار خۆش دەبێ بۆ سەرهەڵدانی نەخۆشیەکی باو لە ژێرناوی خەمۆکی کە روح و جەستەو بیرکردنەوەی مرۆڤ دادەگرێ**

بۆ وێنە خەمۆکی پاش منداڵ بوون پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە گۆڕانکاری هۆرمونەکانی لەشی ژنەوە هەیە، دیارە لەو قۆناغە دا هۆکارە کۆلایەتییەکانیش ڕۆڵ دەگێرن. ژنێك کە لە دەرەوەی ماڵ کار دەکا.ناچارە بۆ ماوەیەك پاش منداڵبوون لە ماڵەوەدا بمێنێتەوەو هەست بە تەنیاییو بێزاری بکا. لایەنێکی دیکە کە گرنگیی تایبەتی هەیە لە ژیانی هاوبەش دا، پەیوەندیی نێوان ژنو مێردە کە ئەگەر ژن یا پیاو نەخۆشی خەمۆکی هەبێ، کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر پەیوەندییەکەیان دادەنێو تا ئەوجێگایەکە لەوانەیە ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی ژیانی هاوبەشی. جێگای باسە کە ڕەگەزی بەرامبەر کاریگەریان لەسەر تووشبوونی ژنان بەو نەخۆشیە هەیەو هەر ئەوانیش ئەگەر بیانهەوێ بۆ چارەسەریو تەنانەت بەرگریکردن لە نەخۆشیەکە دەتوانن ڕۆڵ بگێرن. ئەوان دەتوانن بە



ناسینی داخوازییەکانی ژنانو بایەخ دان بە پێگەی ژن لە ماڵەوەو دەرەوەی ماڵەوەدا وەك ئاوەڵەکردنی بازنەی کارو پێدانی بەرپرسایەتی لە دەرەوەی ماڵ دا هاوکاری ژنان بکەنو جۆری بیرکردنەوەی خۆیان لەسەر شوناسی ژنان بگۆڕن.بوونی شەریکە ژیانێکی توورەو ناڕازی لەماڵەوەدا دەتوانێ زۆر مەترسیدار بێ بۆ ژنو ئاسەواری خراپی دەروونی لێی بکەوێتەوە بە پێی وتەی لێکۆڵەرەوەکان پێچەوانەی ئەم شتە واتە توورەبوونی ژن لەسەر پیاو هیچ چەشنە کاریگەرێکی نەرێنی دانانێ. بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان تەنیا لە وڵاتێکی وەك ئەمریکا لە ماوەی ساڵێك دا زیاتر لە 19 میلیۆن ئەمریکایی تووشی خەمۆکی دەبنو لەونێوەش دا ڕادەی ژنان دووبەرابەر زیاترە لە پیاوان.

سەرەڕای تەواوی ئەو باسانە بە خۆشییەوە ئەو نەخۆشییە چارەسەر دەکرێ. بۆ چارەسەرکردنیشی ئیرادەی قورسو متمانە بەخۆبوون پێویستە. جێگای خۆشحاڵییە کە ئێستا خەڵك تێگەیشتوون کە دڵەڕاوکێ یان خەمۆکی بەواتای تێکچوونی یەکجاریی تاك نییەو بەهۆی پەرەسەندنی نەخۆشییەکە لەوانەیە خۆیان یان ئازیزانیان تووشی بنو هەر بۆیەش بە چەشنێکی خراپ مامەڵەی لەگەڵ ناکەن. بە هیوای سازبوونی کۆمەڵگایەکی شادو دووری لە ناخۆشییەکان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنان بەشیان گوناهی ژێر نیقابە

✍ شلێر باپیری

گوناه و تاوان، ئەو دوو وشەی ژیانی نیزیکەی سەدان هەزار ژنی لە سنووری نێوان ئێران و ئەفغانستانی خستووەتە ژێر چادر و رووبەندەوە کە زیاتر لە نیقابێك بۆ خۆدزینەوە دەچێ.

"سەمیرە ئۆزبەکی" یەکێکە لەوانەی پێیوایە بە لابردنی نیقابەکەی گوناهی دەگاتێ و خیانەتی بە مەزاری باوکی کردوە، بەجۆرێك کە خواش لە دنیای دیکە نای بەخشێ، سەمیرە تەنانەت ناوی خۆشی وەك روخساری دەشاردەوە و دەیگوت "نابێ لە بەردەم کامێرا ناومان بڵێین، چونکە دوایە ئێوە بڵاوی دەکەنەوە و ئابڕوومان دەچێ".

فیلمی (ئەلفبای ئەفغان) بەشێکی زۆر بچووکە لەو چارەڕەشی و نەهامەتییەی کچ و کوڕانی ئەفغان باسی دەکەن کە بەهۆی ئاوارەبوون و مانەوەیان لەسەر ناوچە سنوورییەکانی ئێران بەبێ خوێندەواری ماوەنەتەوە و لە زانینی ئەلفوبێیەکی سادەش بێبەشن.

لێرەدا دیسان هەر ژنان و کچان بوونە قوربانی کە لە چوونە مزگەوت بۆ فێربوونێکی سادە قەدەغە کراون. ئەوان دەبووایە لە هەموو شوێنێك بەچادر و رووبەندەوە ئامادە بن و هاتوچۆ بکەن، ئەگەریش مۆڵەتیان هەبێ جاربەجار دەهاتنە دەرەوەی شوێنێ خوێندن و دەکرا ببینرێن.

سەمیرە ئەو کچە بوو کاتێك رێکخراوی یونسێف خوێندنگەی تایبەت بەنەخوێندەوارانی کردبووەوە، ئەوە کچەکانیش دەچوون و لە تەمەنی 15 ساڵییەوە بە ئەلفوبێی سادە دەستیان بە خوێندن لەژێر نیقاب و رووبەند دەکرد.

لە بەشێکی فیلمەکەدا مامۆستاکە بە سەمیرەی گوت "نیقابەکەت لا بدە تا جوانتر ببیبینی"، بەڵام سەمیرە وشەی "گوناهە"ی کردە وەڵامی مامۆستا، لە کاتێکدا قوتابیانی ناو ژوورەکە هەموویان کچ بوون و رەگەزی بەرامبەریان تێدا نەبوو. سەمیرە هەر بەوەندە نەوەستا و بەقسەیەك منی تاساند کاتێك گوتی "مەلا عومەر گوتویەتی نابێ کەس دم و چاوتان بیبینێ، چونکە نامەحرەمن و تەنانەت ئێوە کچانیش بۆ یەکتری مەحرەم نین"، دواتر ئاماژەی کرد "مەلا عومەر ژنەکەی خۆی لەناو سندووقێك خستوە تا نەچێتە دەرەوە و بەرچاوی کەس نەکەوێ، خۆی جاربەجار سەری سندووقەکە دەکاتەوە و بۆنی بەژنەکەیەوە دەکا".

بەڕاستی ئەوە چ ژیانێکە بۆ ژنان؟ کە دیتنی هەموو شتێك گوناە بێ، ئەو ژنەی دەبێ چی بکا کاتێك دەوروبەری هیچ رێگەچارەیەکی بۆ ناهێڵێ، چونکە ئەگەر سەیری بکەی گوناهە و سەیرت بکا تاوانە!

ئەو دنیایە زیندانێکی گەورە نیە بۆ ئەو ژنانەی بەوشێوەیە ژیانیان بەسەر دەبەن کە بێ بەشن لە هەموو بەها و مافێکی مرۆیی و ژیانیان پڕە لە ئازار و ژان، ئایا چۆن پێوەندی و سۆزێکی خێزانی لە نێوان کوڕ و کچی ئەفغان دێتە ئاراوە کاتێك کچان لەلای کوڕان تەنیا بەشتێك دەناسرێنەوە ئەویش بەرگێکی نیقابداری رەش، ئاخۆ دەکرێ داوای ژیانی سپی لە نیقابی رەش بکەی؟

مامۆستاکە لە بەشێکی تردا بە سەمیرەی گوت "بۆ ئەوەی باشتر لە وانەی ئەمڕۆمان تێ بگەین کە تایبەتە بە ئاو، گۆزەیەك ئاو بێنن تا هاوپۆلییەکەت بەدەستت داکات و دەم و چاوت بشۆ"، بەڵام سەمیرە ئەمجارەش گوتی "گوناهە"، کاتێك مامۆستاکەی پێی گوت ئەگەر لەبەر چاوی ئەوان دەم و چاوی نەشوا لە ژووری خوێندن دەری دەکا، بینیمان سەمیرە چوونە دەرەوە و دوورکەوتنەوە لە خوێندنی پێ باشتر بوو لەوەی نیقاب فڕێ بدا.

بەڕاستی وڵاتانێکی وەك ئەفغانستان و پاکستان شانازی بەکام کولتوور و چۆن باسی مافەکانی مرۆڤ دەکەن لە کاتێکدا بە ملیۆنان ژنی وڵاتەکەیان لەژێر دەسەڵاتی پیاو و بە چەند یاسایەکی کۆنی ئاینییەوە پێوەست کراون کە تا مردن تام لە هیچ شتێك وەرناگرن، جگە لە بینینی هەموو شتەکان لەژێر نیقابێکی ڕەشەوە؟

ئەوەی خاڵی هاندەرە بۆ نووسین، بینینی کاڵبوونەوەی بەردەوامی رۆڵی ژن لە کولتووری وڵاتانێکی وەك بەنگلادش، ئەفغانستان، پاکستان، جەزایر، سوودان، کۆنگۆ، سۆماڵ و تا رادەیەك ئێرانە، ئەو وڵاتانە کاتێك باسی مرۆڤ دەکەن تەنیا بیر لە پیاوەکان دەکەنەوە و لە هێنانی ناوی ژن زۆر بەپارێزن.

لەو وڵاتانە ژن تەنیا بەژمارە هەیە و لە کار و کۆمەڵگەدا دیار نین، ئەو وڵاتانە نەگەیشتوونەتە ئەو رادە لە رۆشنبیری و تێگەیشتوویی کە بزانن یەکەم پێوەری نێودەوڵەتی بۆ رادەی پێشکەوتنی وڵاتێك، هەمان ئاستی بەشداری ژن لە کاروباری وڵاتدایە نەك مێژووی کۆن و ئاڵۆز، هێزی سەربازی و گەڤ و هەڕەشە.

ئاخۆ پێناسەی ژن لەو وڵاتانە چیە؟ هەر ئەوەی کە ژن منداڵی هەبێ و ...، بەڵام بە بینینی ئەو گرتەیەی کۆتای دکیۆمێنتەکە کاتێك (سەمیرە نیقابەکەی لادا و دم و چاوی خستە روو) دڵم کەمێك خۆش بوو بەوەی دوور نیە و دەکرێ بە قسەکردن لەگەڵ ژنان و کارکردن لەلایەنی رۆشنبیرییان لەو چوارچێوە داخراوە رزگاریان بکەین، دیارە هەروا ئاسان نیە و ئەو کارە پێویستیی بە کات و ئاسان نیە و ئەو کارە پێویستیی بە کات و ژنانی هەڵسووڕ، چالاکوان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ هەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# جیابوونەوە سۆزدارییەکان لە نێو بنەماڵەکان دا

## "بۆچی ئێمە هیچ قسەیەکمان بۆ یەکتر نیە"

وەرگێڕان لە فارسییەوە: مینا سوڵتانزادە



"دایك و باوکم هەموو ڕۆژێ شەڕ دەکەن، دەچمە ژوورەکەم و دەگریم، ئیدی ماندوو بووم لەو هەموو شەڕەی دایکم و باوکم، کاتێك دەچمە قوتابخانە دایمە پەرێشانم، ناتوانم دەرسەکانم بەباشی بخوێنم. هێندێك جار دەپاڕێمەوە خوایە کەی ئەو شەڕو هەڵلایە بۆ هەمیشە کۆتایی دێ"

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، لە تەنیشت ئاماری تەلاقە یاساییەکان، ئاماری زۆرتر بەلام شاراوە تایبەتە بە تەلاقە سۆزدارییەکان. لەوانەیە دوو هێندەی ئاماری تەلاقە یاساییەکان تەلاقی سۆزداری هەبن.

تەلاقی سۆزداری یانی بنەماڵە نێوبەتاڵ و بێدەنگەکان کە ژن و مێرد لەگەڵ یەکتر بە ساردوسڕی دەژین، بەلام قەت داوای تەلاقی یاسایی ناکەن کە بێ گومان دەتوانین بڵێین یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەردەوامبوونی ئەو ژیانە ساردو بێ مانایە، بۆ بەهاو بایەخە کلتوورییەکانی کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە. لە هەڵسەنگاندنی بنەماڵە بۆش و نێوبەتاڵەکاندا دەتوانین بڵێین، لە نێو یەك بنەماڵەی نێوبەتاڵدا ژن و مێرد لەگەڵ یەکتر درێژە بە ژیان دەدەن، دەدەن، بەلام لە پێوەندی و و کردارو سۆزو هەستی یەکتر یەکتر بێبەشن. بنەماڵەی نێوبەتاڵ و تووشبوو بە جیابوونەوەی سۆزداری یان "ژیانی بێ دەنگ" لە نێوان ژن و مێرد دایە. ئەوەی کە سەلمێندراوە، ئەوەیە کە ژن و مێرد لە تەلاقی سۆزداری و جیابوونەوەی شاراوەدا، تەنیا حوزوری فیزیکیان لە نێو ماڵ دا هەیەو بە رواڵەت لە ژێر بانێکدا دەژین، بەلام هیچ پێوەندییەکی سۆزداری و هەستییان لەگەڵ یەکتر نیە. بنەماڵەیەکی نێوبەتاڵ پڕە لە عەیب و عار دیتنەوەی ژن و مێرد لە یەکترو لەوانەیە یەکەم ئەوە لە خۆڕا نەبێ و پاشان لە رووی نائاگاییەوە نەبێ: لە خۆڕا نیە: بۆچی؟ چونکە هێندێك شت هەیە کە دەبێتە عەیب و عار و ئەو کارەش دووپات دەبێتەوە کە لە رووی ئاگاییەوە نیە چونکە ژن و مێرد لەوانەیە لە رووی خووپێگرتنەوە ئەو کارە بکەن.

بە وتەی بەرپرسی یەکێك لە دادگاکانی بنەماڵە لە تاران 80 لەسەدی ژنان کە داوای جیابوونەوە لە مێردەکانیان دەکەن و لە کاتی تەلاق دا مارەیی خۆیان بە پیاوەکە دەبەخشن و زۆربەی ئەوانەی کە داوای تەلاق دەکەن لاون، ئەو گەنجانەن کە 2 تا 3 ساڵ زیاتر پێکەوە ژیانیان بەسەر نەبردوەو زۆربەی ئەو تەلاقانەش کە لە کۆمەڵگەدا روو دەدەن رێککەوتنی دوولایەنی لەسەر بووە.

لە راستی دا ئەوە باس لە وەزعێکی نائاسایی دەکا کە لە ناخی هەڵسووکەوتی ژن و مێرد لە نێو بنەماڵەکاندا ریشەی داکوتاوە. هێندێك جار ژیان بەتایبەت بۆ ژن لە بنەماڵەدا ئەوەندە دژوار و تاقەت پڕوکێن بووە کە دەتوانێ چاو لە مارەیی خۆی بپۆشێت، لە حاڵێك دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە باشی لەو مەسەلەیە ئاگادارە کە دوای تەڵاق یاسا بە هیچ شێوەیەك پشتیوانیی ماڵی و ئابووریی لێ ناکا.

ئەو مەسەلەیە نیشان دەدا کە جیابوونەوەی سۆزداری بە درێژایی ژیان هەبووەو کاتێك دەگاتە خاڵی قەیران کە ژن داوای تەڵاقی یاسایی دەکا و دەستەو داوێنی قەناعەت و پەندی پێشینیان دەبێ کە "قیرو سیا، چ دەبێ با ببێ". دوای تەڵاقیش هەستەکانی وەك دڵەراوکێ، دڵتەنگی، غەمباری، ماندوویی، تووڕە بوون و پەرێشانی لە نێو ژناندا زیاتر لە پیاودا دەردەکەوێ و ئەوە نیشان دەدا کە خەسارهەڵگریی ژنان دوای تەڵاق زیاتر لە پیاوانە، ئەگەرچی لەو بارەیەوە هێندێك شتی دەگمەنیش هەیە. لە ژیانە پڕ لە ناکۆکی و شەڕو کێشەکاندا هێندێك جار ژن و مێرد بەو ئاگاییە دەگەن کە کەسی نموونە و سەرچەشنی هەموو ڕەگەزێکی بەرامبەرە نەك تاکێك کە ئەو گرفتی لەگەڵ هەیە و لەلایەکی دیکەوە هەردووکیان بەو قەناعەتە دەگەن کە دەتوانن بە سەرقاڵبوون بە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەجێی زەماوەند، لە داهاتوودا دەتوانن بە ئارامی بگەن. ئەوان بڕوایان بە تواناکانی خۆیان هەیە. بەڵام لە بەرامبەر ئەواندا زۆر هەیە کە هەروا درێژە بەو ژیانە بێدەنگ و ساردو سڕص جیابونەوەی سۆزداری دەدەن، بۆچی چونکە لەسەر ئەو بڕوایەن کە دەبێ بسووتێن و هەڵکەن.

لەوانەیە یەکێك لە هۆکارەکانی مانەوەی "ژیانی بە ملکەچی" ئەوە بێ کە لە ڕاستی‌دا تەڵاق لە وڵاتی ئێمە لەچاو وڵاتانی ڕۆژاوییایی مانایەکی جیاوازی هەیە. لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا ئەگەر ژن و مێرد پێکەوە نەگونجان لێك جیا دەبنەوە چونکە هیچیان سەبارەت بە بارودۆخی دوای جیابوونەوە هەست بە دڵەراوکێ و نائەمنی ناکەن و شتێکی گرینگتر ئەوەیە کە، ژن و پیاو خۆیان ناچار بە درێژەدان بەو ژیانە ناکەن چونکە لەو کۆمەڵگەیەدا ئیمکانی سەرکەوتن و ژیانی ئاسوودە بۆ ئەندامی بنەماڵەی تەڵاق هەیە و وەك کۆمەڵگەی ئێمە پێویست ناکا ژنان چاوەڕێی قسەو قسەلۆکی خەڵك و یان پەرۆشی چارەنووسی منداڵەکانیان بن. چونکە دەزانن لە لایەن ڕێکخراوەکانەوە پشتیوانییان لێ دەکرێ. لێکۆڵەرانی بواری دیاردەی تەڵاق لەسەر ئەو بڕوایەن کە لەو نەوەیەی ڕابردوودا هێندێك ئاڵوگۆڕ سەبارەت بە گرینگیی پێوەندیی جینسی لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش دا پێك هاتووەو ژن و مێردێك کە تەڵاق لە یەکتری وەردەگرن، هەموویان بە شێوەیەکی نهێنی شکایەتیان لە مەسەلەی جینسی هەیە. هەروەها ئەو لێکۆڵەرانە لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو نارەحەتییانە بێ پێشەکی پێك نایەن، بەڵکوو بەهۆی ناکۆکی و ئاڵۆزییەکانی نێو ژیانی هاوسەرییەتییانە و بە تێپەڕینی کات ئاشکرا دەبێ.

ئامارەکان نیشان دەدەن کە ژنان زیاتر لە پیاوان سکاڵایان لە ژیانی هاوبەشیان هەیە. هۆی ئەوەش ئەوەیەکە ژیانی هاوبەش بۆ ژنان پڕ ماناترەو ئەوان زۆر زیاتر لە پیاوان حەزیان لێیە لە ژیانی هاوسەرێتییاندا سەرکەوتوو بن.

بەشی زۆری توانای پیاوان لە دەرەوەی ماڵ بەسەر دەبرێ. پیاو لەوانەیە لەوانەیە هەڵسوکەوتێکی هەبێ و بچێتە نێو هێندێك کارەوە کە بوونی ژن لەو کارەدا باش و یاسایی نەبێ. نەبێ. لەو بارەیەوە پیاو کەمتر لە ژن بەستراوەیی بە ماڵەوە هەیەو لەوانەیە وەدوای پشووو سەیران و تەنانەت پێوەندیی خۆشەویستی لە دەرەوەی ماڵ بکەوێ و لە ئاکامدا نموونەی هەڵسووکەوتێك دروست دەکا کە ژن گلەیی لێ دەکاو ئەو مەحکووم دەکا.

**جیابوونەوەی سۆزداری، بنەمای تەڵاقەکانی دیکەیە.**

ژن و مێردێك کە بڕیاری لێك جیا بوونەوە دەدەن، هێندێك قۆناغ تێپەڕ دەکەن. دەکەن. ئەو قۆناغانە لەوانەیە سەختی و ئاڵۆزییەکان ئاشکرا بکا کە کاریگەری لەسەر ژن و پیاو، پیاو، منداڵ، بنەماڵەکان و هاوڕێکانیان ببێ.

1ـ تەڵاقی سۆزداری: دەربڕی پێوەندیی ژن و مێردایەتی ڕوو لە کزی و نەمان دەکا. ئاڵۆزی بەردەوامی ژن و پیاو دەبێتە هۆی جیابوونەوەیان.

2ـ تەڵاقی یاسایی: لەو قۆناغەدا تەڵاق، کۆتایی بە ژیانی هاوبەشیان دێ.

3ـ تەڵاقی ئابووری کە پێوەندی بە دابەشکردنی داراییەوە هەیە. هەڵبەت بە پێی یاسای هەر وڵاتێك.

4ـ تەڵاقی ڕێککەوتن لە نێوان بنەماڵەکاندا کە سەرپەرستی منداڵ و تەڵاق دەگرێتەوە.

5ـ تەڵاقی کۆمەڵایەتیی: پێوەندیی بە گۆڕینی هاوڕێیەتی و پێوەندییەکانی دیکەی کۆمەڵایەتییەو دەبێ و تاکی تەڵاق وەرگرتوو پێوەندی لەگەڵی هەیە.

6ـ تەڵاقی دەروونی: لەو قۆناغەدا تاك دەبێ پێوەندی و بەستراوەیی سۆزداری بپچڕێنێ و لەگەڵ تەنیایی ژیان بەرەوڕوو بێ.

بە سەرنجدان بەو قۆناغانەی سەرەوە دەتوانین بەو دەرەنجامە بگەین تەڵاقی سۆزداری سەرچاوەی هەموو تەڵاقەکانی دیکەیە. لە نێو ئەو شەش جۆرە تەڵاقە کە ڕوو دەدا تەڵاقی ژمارە 3تا 6 زۆرتر لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەستەو داوێنی ژنەو لەو حاڵەتانەش دا خەسارهەڵگریی ژن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لە پیاوان زۆرترەو ئەوە دەربڕیی ئەو مەودایەیە کە لە نێوان ژن و پیاوی کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیەو خەسارەکانی دیکە بۆ ژن بە درێژایی ژیان و دوای تەلاق دروست دەکا. بەڵام لە حاڵەتەکانی یەکەم و دووەم دا ژن و پیاو کەم و زۆر خەسار هەڵگرن.

**منداڵانی جیابونەوەی سۆزدارییەکان**

کاتێك کە دایك و باوك دژایەتی یەکتر دەکەن و سووکایەتی بە یەکتر دەکەن، منداڵەکانیان خەفەت دەخۆن. ئەوە بەو هۆیەیە کە جەوهەری پێکهێنانی ژیانی هاوبەش یا جیا بوونەە شێوەیەك لە "سازان و گونجانی سۆزداری" بۆ منداڵان دروست دەکا. هەروەك دارێك لە شوێنێك کە لە ژێر


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاریگەری چۆنیەتی ئاووهەواو خاك دایە، سلامەتی سۆزداری منداڵانیش بەهۆی چۆنییەتی پێوەندی تایبەتیی بوون لە شوێنی ئەو روون دەبێتەوە. لە راستی دا جیابوونەوەی سۆزداری و ململانێی بەردەوامی دایك و باوك کاریگەری خراپی زۆرترە لەسەر منداڵان تا جیابوونەوە یاساییەکان، چونکە لە جیابوونەوە سۆزداری و شاراوەکان دا روحی منداڵ بەردەوام بێهێز دەبێ. شەڕو کێشەی نێوان ژن و مێرد کە بە بەردەوامی دووپات دەبێتەوە کاریگەری قووڵی لەسەر سلامەتی جەستەیی و سۆزداری منداڵان و هەروەها سازگاری لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان دادەنێ. زانیارییەکان نیشانیان داوە کە ئەو منداڵانەی بنەماڵەکانیان لە ژیانی هاوبەش دا خاوەنی تایبەتمەندیی رەخنە، حاڵەتی بەرگری کردن لە خۆیان و سووکایەتی بە خۆیان بوون وێدەچێ هەڵسوکەوتی دژ بە کۆمەڵگەی هەبێ و بەرامبەر بە هاوڕێکانی رەفتاری توندوتیژ لە خۆی نیشان بدا. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو بەشە لە منداڵان لە بواری سازان لەگەڵ دەوروبەری نموونەیەکی باشیان نیە. بنەماڵەیەك کە بەردەوام لەگەڵ یەکتر شەڕو کێشەو دژایەتییان هەیە ماندوو، پەرێشان و خەمۆکن و ناتوانن لە پەروەردەو بارهێنانی منداڵەکانیان رۆڵێکی باشیان هەبێ.

لە راستی دا زەختی ژیان کردن لەگەڵ دژایەتییەکانی دایك و باوك دەتوانێ کاریگەری لەسەر دەزگای عەصبی (ئوتوماتیك)ی منداڵ و لە ئاکام دا توانای سازگاری منداڵ دا هەبێ.

پسپۆڕان و لێکۆڵەران لەسەر ئەو بڕوایەن ئەو منداڵانەی لە نێو مشت و مڕی گەورەکان دا، دەژین تووشی گۆڕانی جەستەیی دەبن. بۆ نموونە لە لێدانی دڵ و فشاری خوێنی ئەوان دا گۆڕانێك دروست دەبێ‌و منداڵان زۆرجار بە گریان،



لەبەر زەختی زۆر لە جێی خۆیان نابزوون، بە دەست لەسەر گوێ دانان و تووڕە بوون، دژکردەوە نیشان دەدەن. هەڵسوکەوتی منداڵان لەگەڵ هاوڕێکانیان بە توندی لە ژێر کاریگەریی پێوەندیی دایك و باوکیان دایە. منداڵان لەگەڵ بنەماڵەی پڕ لە شەڕوکێشە، لە کایەکان دا کەمتر هاوکاری لە خۆیان نیشان دەدەن و لەگەڵ هاوکایەکانیان هەڵسوکەوتی خراپتریان هەیە. ئەو ژن و مێردانەی، لە بناغەرا لەسەر کێشەو مەسەلەی خۆیان سوورن کەمتر سەرنج بە منداڵەکانیان دەدەن. لە ئاکامدا منداڵان بەبێ چاودێری بۆلای ئەو هاوتەمەنانە رەکێش دەکرێن دەکرێن کە لایان داوە و زۆربەی منداڵانی بنەماڵە نەگونجاوەکان بەرەو گێژاوی گێژاوی کێشەی مێرمنداڵان بۆ نموونە بەرەو هەڵسوکەوتی جینسی زۆرپێگەیوو، ماددەهۆشبەرەکان و تاوان رادەکێشرێن.

زۆربەی قوتابییەکانی بنەماڵە نەگونجاوەکان دواکەوتوویی مێشکیان نیە، بەڵکوو بەهۆی بێهێزی سۆزداری لە قوتابخانە سەرکەوتوو نین. ئەوان بەهۆی نەسازان لەگەڵ ژیانی بنەماڵەیی ئەوەندە نارەحەت و گیرۆدەن کە تەنانەت ناتوانن لە بابەتێکی ساکاری وەك خشتەی جاران تێبگەن. هەروەها ئەو جۆرە منداڵانە تووشی خەمۆکی، دڵەڕاوکێ و دوورەپەرێزی دەبن کە گەورەش بوون ئەم کێشانەیان هەر لەگەڵ دەمێنێ. لە راستی دا ئەوە تەڵاق نیە کە زیان بە منداڵان دەگەیەنێ، بەڵکوو توندوتیژی و پێوەندیی نابەجێی دایك و باوك لەگەڵ یەکترە. توندوتیژی و سووك کردنی بەردەوامی ئەو شوێنەوارەی لەسەر منداڵان هەیە کە ئەوان سەبارەت بە هاوتەمەنەکانی خۆیان شەرەنگێزو بەدرەفتارن.

بە سەرنجدان بە شوێنەواری زیانباری جیابوونەوە لەسەر منداڵان، لەوانەیە بنەماڵەیەك کە لە ژیانی ژن و مێردایەتی خۆیان بەختەوەر نین، تووشی دوودڵی دەبن، واباشتر نیە لەبەر منداڵەکانیان ژیانی بە ئازارو بێ ئاکام درێژە پێبدەن.

وەڵامی ئەو پرسیارە "نا"یەکی بەهێزە. هۆی ئەویش ئەوەیە کە هێندێك دژایەتیی ژن و مێردایەتی بە تێپەڕبوونی کات شوێنەواری خراپتری لەسەر منداڵان هەیە.

کەوایە دایك و باوکانی بەڕێز لە بیرتان بێ لەوانەیە زۆرجار منداڵی ئێوە لە دڵی خۆی دا هیوای جیابوونەوەی ئێوەی خواستبێ تاکوو شەڕو کێشەی بێ ئاکامتان بۆ هەمیشە کۆتایی پێ بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شێواندنی ئەندامی زاوزێی ژنان و کچان لە ژێر ناوی خەتەنە

کۆ کردنەوەو وەرگێڕانی: سلورا لزرجانی
وەرگێڕان بۆ کوردی: شاناز کاکە ئازەر

بەپێی هێندێك بیروبۆچوونی کەلتووری و ئاینی، بەشێك یا تەواوی ئەندامی زاوزێی کچان و ژنان (نە بە مەبەستی چارەسەرکردن) دەبڕێ. کەسانێك کە بڕوایان بە بڕینی ئەندامی زاوزێی کچان و ژنان هەیە پێیان وایە کە ئەم کارە نەتەنیا هیچ خەسارێك بە کچەکانیان ناگەیەنێ بەڵکوو گەرەنتیەکە بۆ بەختەوەری ئەوان لە داهاتووداو خۆشنێوی بنەماڵەکانیان دەپارێزێ.

لەبابەت بەکارهێنانی چەمکێك کە مانای ڕاستەقینەی ئەم کردەوە پڕ توندوتیژییە دەربخا (لە ژێر ناوی خەتەنە، بڕینی ئەندامی زاوزێی ژنان female genital cutting ) براندنی ئەندامی زاوزێی ژنان ( female genital mutilation) بیروبۆچوونی جیاواز هەیە. لە ڕابردوودا هێندێك کەس وشەی خەتەنەیان بەکار دەهێنا کە بە شێوەیەك پێوەندی بە خەتەنەی پیاوانەوە هەبوو. وشەی خەتەنە دەتوانێ مانای ڕاستەقینەی شوێنەوارە خراپەکانی جەستەیی ورووحی هەڵقولاو لە بڕینی ئەندامی زاوزێی ژنان بشارێتەوە. بەو بنەمایە ڕێکخراوی بێهداشتی جیهانی و یونیسێف "بڕینی ئەندام" (FGC/M) یان بۆ ئەم کردەوەیە لە بەرچاو گرتوە کە نەتەنیا چۆنیەتی کردەوە بەڵکوو ئەم توندوتیژیەی کە بە نیسبەت مافە مرۆڤیەکانی کچان و ژنان ڕووی دەدا دەگرێتە بەر.

کردەوەی پڕ لە توندوتیژی بڕینی ئەندامی زاوزێی ژنان لە سەرتاسەری جیهان و بە تایبەت بە ڕێژەیەکی زۆر لە ئەفریقاو ئاسیا ڕوو دەدا.

ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی ڕێژەی ئەم ژنانەی کە لە ئاستی جیهاندا تووشی بڕینی ئەندامی زاوزێ بوون بەینی 100 هەتا 140 میلیۆن کەسی ڕاگەیاندوەو ڕۆژانە زیاتر لە 3 میلیۆن کچ مەترسی بڕینی ئەندامی زاوزێیان لەسەرە. ئەم کارە بە ڕێژەیەکی زۆر لە 28 وڵاتی ئەفریقایی ئەنجام دەدرێ کە لە سنگاڵ لە باشووری ئافریقا هەتا ئیتیۆپی لە ڕۆژهەڵات و لە میسر لە باکوور هەتا تانزانیا لە باشوور بەرەو پێش دەچێ. ئەم کردەوەیە لە هێندێك لە نیوە دوورگەکانی عەرەبیش دەبیندرێ، بەڵام زۆرتر لە میسر، سودان، ئیتیۆپی، و مالی بەڕێوە دەچێ.

ئەم کردەوەیە بە شێوەی نهێنی لە هێندێك ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووی دەدا بە تایبەت لە ناوچەکانی باکووری عەرەبستانی سعوودی، باشووری ئۆردۆن و باکووری عێراق (کوردستان) لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییانە دەریان خستوە کە لە گوندێکی عێراق بە ناوی "حەسیرا" پتر لە 60 لەسەدی ژنان و کچان تووشی بڕینی ئەندامی زاوزێ بوون. کاری FGM بە ڕێژەیەکی کەمتر لە ئەندۆنێزی، مالێزی، پاکستان و هیند ئەنجام دەدرێ. یونیسێف لە ساڵی 2003 دا ڕای گەیاند کە زیاتر لە 97 لە سەدی ژنانی خێزانداری میسری ئەندامی زاوزێیان لێ کراوەتەوە. لە ئوسترالیا، کانادا، نیوزلەند، ئامریکاو ئوروپاش کۆچبەران بە شێوازی جۆراوجۆر ئەم کارە دەکەن.

FGM زۆرتر لە بەینی تەمەنەکانی 4 هەتا 8 ساڵ بەڕێوە دەچێ و لە کاتی ساوایی و گەورە ساڵیش دا هێندێك جار ئەم کارە ئەنجام دەدرێ. بە پێی سەرژمێریەکانی ساڵی 2007 ڕێکخراوی بێهداشتی جیهانی، هەتا ئەو ساڵە 91 لەسەدی قوربانیانی FGM کچانی 4 هەتا 10 ساڵە بوون. نایاسایی بوونی ئەم کارە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم کارە بە نهێنی بەڕێوە بچێ و بە شێوەی خۆماڵی بە کەڵك وەرگرتن لە مەقەست، تیغ و چەقۆ بە هۆی کەسانێك کە هیچ خولێکی پزیشکیان نەدیوە، بەڕێوەدەچێ. ئەم کەسانە ئەم کارە بێ سڕ کردن و دژی چڵك کردنی کەل و پەلی پێویست ئەنجام دەدەن کە ئەم شێوە کارە دەتوانێ ببێتە هۆی گەشکە گرتن پاش خوێنڕێژیەکی زۆر و لە ئاکام دا دەبێتە هۆی مردنی نەفەر و کەڵك وەرگرتن لە کەرەستەی پیس ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە جنسییەکانی وەك هێپاتیت و ئێدزی هەیە.

بڕینی ئەندامی زاوزێ لە درێژماوە دا مەترسیی جۆراوجۆر دێنێتە گۆڕێ. بە گیرانی ڕێگای تێپەڕینی میزو خوێنی مانگانە، لوولەی میزڵدان و ئەندامی زاوزێ بەردەوام تووشی چڵك کردن دەبێ و دەبێتە هۆی نەزۆکی وکیست و جۆرەها کێشە وگیر وگرفتی دیکە، ئەم کارە لە لوولەی ڕەحەم دا چەندین برین ساز دەکا کە کاری جنسی بە ئێش و ئازار دەکا و پسپۆڕی ژنان لە کاتی فەحسە جۆراوجۆرەکان دا تووشی گیروگرفت دەبێ و لە کاتی منداڵبوون دا دایك ومناڵ لەگەڵ مەترسی بەرەوڕوو دەبن.

لە ساڵی 2007 کچێکی 12 ساڵەی میسری بە ناوی بەدر شاکێر کە ئەندامی زاوزێی براوبوو بە هۆی کەڵك وەرگرتنی لە ڕادەبەدەری دەرمانی بێهۆشی گیانی لە دەست دا. زێنەب عەبدول غەنی دایکی ئەم کچە پارەیەکی لەبری 9 دۆلاری ئامریکا (60/4 پۆند، 28/6 یۆرۆ)ی دابوو بە خانم دوکتورێك هەتا لە عەیادەیەکی نایاسایی دا ئەم کارە ئەنجام بدا. ئەم دایکە گوتی: دوکتۆرە هەوڵی دا 3000 دۆلارم بداتێ هەتا هەڵوێستی یاسایی نەگرم، بەڵام قەبوڵی نەکردوە. لە ساڵی 2007، پاش مردنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەدر شاكێر میسر یاسای قەدەغە كردنی خەتەنەی ژنانی پەسند كرد.

بڕینی ئەندامی زاوزێ دەبێتە هۆی زەرەرو زیانی روحی و رەوانی لە كچان و ژنان دا. لە ساڵی 2010 دا لە سەرژمێری رۆژی جیهانیی بەربەرەكانی لەگەڵ بڕینی ئەندامی زاوزێی ژنان لە هولەند لە سەر پەنابەران داو بێهداشتی ئەوان، ئاشكرای كرد كە زۆربەی ژنانی ژێر FGM گیروگرفتی رووحی یان هەیە. لێپرسینەوە لە 66 ژنی ئافریقایی ـ هولەندی لەو بابەتەوە دەری خست كە ئەوان لە ژێر تەوژمی رووحی دان و كەسانێكن كە بەردەوام دڵەڕاوكێیان هەیە و زوو هەڵدەچن و لە پێوەندی گرتن دا موشكیلەیان هەیەو لە قایم بوونی پێوەندێكەیان هیوادار نین. سەرژمێری مەزندەیی روونی دەكاتەوە كە هەرساڵ 50 كچ و ژن لە وڵاتی هولەند ئەندامی زاوزێیان دەبڕدرێ. رێژەی ئەم ژنانەی كە لە ئامریكا FGM دەكرێن ناروونە.

وڵاتە رۆژئاواییەكان ئێستاش لەو بابەتەوە لە گەڵ كێشە بەرەوروو دەبنەوە، لە بەر ئەوەیكە هێندێك لە پەنابەرەكان كچەكانیان دەبەنەوە وڵاتی خۆیان و پێش گەڕانەوەیان ئەندامی زاوزێیان دەبڕن.

بە پێچەوانەی بوونی یاسای قەدەغە كرانی FGM ئەم نەریتە لە زۆربەی كۆمەڵگاو كلتوورەكان دا ئێستاش بەردەوامە و بە نهێنی بەڕێوە دەچێ و لە زۆربەی بابەتەكان دا بەڕێوەبردنی یاسای قەدەغە كرانی FGM لە ریزی سەرەوەی واجبەكانی دەوڵەتان دانیە. هێندێك لە وڵاتان پێیان وایە فێركردنی كەسانێك كە ئەم كارە دەكەن باشترە لە نایاسایی كردنی ئەم كارە. لە ژێر زەختی رێكخراوی بێهداشتی جیهانی و زۆربەی هەرەزۆری گەلان، لە زۆربەی وڵاتەكان دا یاسای نەهێشتنی بڕینی



ئەندامی زاوزێی ژنان پەسند كراوە. رێكخراوی بێهداشتی جیهانی و پارێزەرانی مافەكانی ژنان دەڵێن گۆڕینی ئەم نەریتە لە هەر وڵاتێك دا بەستراوەتەوە بە دەوڵەت و رێكخراوە چالاكەكانی نێوخۆی ئەم وڵاتەوەو سەركەوتن لە نەهێشتنی ئەم كارە، بەبێ راهێنان وپشتگیری یاسایی نێوخۆ لە لایەن تەوژمەكانی دەرەوە كەمە.

لە هێندێك لەو وڵاتانەی كە بڕینی ئەندامی زاوزێی ژنان باوە، بەرپرسان بۆ كەم كردنەوەی خەسارە جەستەییەكان لە سەر كچان و ژنان داوایان لە نەخۆشخانەكان و دوكتورەكان كردوە كە كاری FGM بە زیانێكی كەمترەوە ئەنجام بدەن. لە راستی دا ئەم كارە شێوەیەك سەرپێچی كردنە لە كۆمەڵگای نێونەتەوەیی پزیشكی و ئەم خەڵكانەی كە لە سەر ئەم باوەڕە نەریتیەن، پشتیوانی لە FGM دەكەن كە درێژە بە رێگەی خۆیان بدەن. نارازیان لە بڕینی ئەندامی زاوزێی ژنان بە هۆی پزیشكانەوە، دەڵێن: كاری پزیشكی وا هەڵدەگرێ كە پزیشكەكان تەنانەت بە پێچەوانەی بیرو بۆچوونە نەریتیەكان كە لە كۆمەڵگا دا باوە هەڵسوكەوت بكەن و زیان بە نەخۆشەكانیان نەگەیەنن.

لە ئاستی نارازی بوون لە مەر بڕینی ئەندامی زاوزێی ژنانەوە دەتوانین لە دوو روانگەوە سەیری بكەین: تەندروستی (كە بەرگری لە سلامەتی جەستەیی و رووحی ژنان دەكا) ئەم روانگەیە بە دژی پێكهێنانی كەرەستەی پێویستە بە مەبەستی كەم كردنەوەی مەترسی لە كاتی بەڕێوە بردنی FGM دا. و لە روانگەی مافەكانی مرۆڤدا كە چوار بابەت لە مەسەلەكان جێگای باس لە بواری مافەكانی مرۆڤ دەگرێتە خۆ: توندو تیژی بە دژی ژنان، مافەكانی منداڵان، رزگار بوون لە ژێر ئەشكەنجە و مافی لەشساغی و پاك وخاوێنی و یەك قەوارە بوونی لەش.

رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان، رێكخراوی بێهداشتی جیهانی، تەواوی وڵاتە ئوروپایی و ئامریكاییەكان و زۆربەی وڵاتانی ئاسیایی، بڕینی ئەندامی زاوزێی ژنانیان قەدەغە كردووە. هەتا ساڵی 2007 سێزدە وڵاتی ئافریقایش تێكەڵ بەم بزووتنەوەیە بوون و ئەم كارەیان قەدەغە كرد، بەڵام زیاد بوونی رێژەی ئەم ژنانەی كە FGM كراون دەری خستوە كە لە زۆربەی وڵاتە ئافریقاییەكان ئەم نەریتە هەروا بەهێزە و ئێستاش ژنان وكچانیان قوربانی ئەم توندو تیژیەن، ئێستاشی لە گەڵ بێ یاساییەكیان بۆ نەهێشتنی ئەم كارە پەسند نەكردوە.

پاش تێپەڕینی ساڵانێك و هەوڵدانێكی زۆر لە لایەن رێكخراوی بێهداشتی جیهانی WHO و گروپ گەلی جیاواز بۆ كۆتایی هێنان بەم كردەوە پڕلە توندو تیژیە ئێستاش ئەندامی زاوزێی ژنان دەبڕن بۆیە رێكخراوی نەتەوەكان 6ی فێوریەی وەك رۆژی جیهانی بەربەرەكانی لەگەڵ بڕینی ئەندامی زاوزێی ژنان راگەیاند.

راپۆرت گەلێكمان لە ئێرانەوە لە باشورو رۆژئاوای وڵات بە دەست گەیشتوە. سەقەت كردنی ئەندامی



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




زاوزێی کچان، له پارێزگاکانی خوزستان، لۆرستان، زیاتر له هەموو شوێنێك له کوردستان باوه.

هۆرمۆزگـــــــان و بەندەرەکانی گۆنگ و جاسك لەو شارانەی باشوری ئێرانن کـه لـه وان دا FGM بـەڕێوه دەچـێ. لـه ڕۆژئـاوای ئێـران کــــردەوەی FGM لــــه ئازەربایجان، هەورامان، بانه، پـاوه، پیرانشـار و تەنانـەت دەورو بـەری ورمـێ زۆر جـار دەبیندرێ.

سـەرەڕای ئـەوەی کـه ڕێکخـــراوی نەتــــەوەکان، بنیادەکانی مافـەکانی مـرۆڤ و مافەکانی ژنان، سـاڵانێکه بـۆ ڕاگرتنـی وەهـا نـەریتێك لـه کۆمەڵگا ئافریقایی و عـەرەبی و ئیسلامیەکان دا تێدەکۆشن و له چـەند وڵاتـی ئافریقا لـه وانه وڵاتـی میسر، یاسـاگەلێك بـه دژی پەڕانـدنی ئەنـدامی زاوزێـی ژنـان پەسند کـراوه، بـەڵام لـه ئێـران دا ئێسـتاش بەڕێوه بردنی ئەم یاسایه بـه فـــەرمی پەســـند نـــاکرێ و دەوڵـەتیش تـا ئێسـتا هـیچ کارێکی بۆ نـەمانی ئـەم کـاره ئەنجام نەداوه.

"واریــــس دیــــری" قوربانیـەکی سـەقەت کـراوی ئەنــدامی زاوزێیـــه و ئـــەم ئەزموونـه پڕخۆفـەی بـەدوای بڕینی ئەندامی زاوزێـی خـۆی لــه تەمــەنی 5 ســـاڵی دا وەرگرتـــوه، دەڵـــێ: بـــا کارەسـاته پڕئازارەکـەی لـه زمانی خۆیەوه کـه لـه سـایتی "ئاگـاهی" دا بـــلاو بۆتـــەوه بخوێنینەوه.

سـاندی اکـس پـرس "واریس دیـری" وەك "گـوڵی ســەحرا" نێـــو دەبـــا و دەنووســێ "گـوڵی سـەحرا" بەسەرهاتی ژیانی ژنێکه کـه بـەردەوام ویسـتوویەتی و بـه دەستی هێناوه. ژنێك کـه لـه بیابانەکانی سومالی چاوی بـه دونیـا هـەڵێناوه و ئەورۆکـه وەك ئەســـتێرەیەکی مـــۆد و نوێنـــــەری ڕێکخـــــراوی نەتەوەکان له نیۆیۆرك ژیـان دەباتەســەر. لـــه تەمـــەنی سێزده ساڵی له ماڵ ڕادەکا، نایهـەوێ لـه گـەڵ پیـاوێکی 60 ســاڵە لـــه بەرامبـــەر 5 وشـــتر دا زەماوەنـــد بکـــا. چـــەندین ڕۆژ بیابانـــەکانی ســومالی بــه بــێ نــان و ئــاو دەپێـــوێ هـــەتا وەك ژنـــانی تایفەی خۆی به سـەر نەیـه و به دڵخوازی خۆی ژیان بکا.

ئـــەو لــــه 5 ســــاڵی بەســــەرهاتی مەترســــی خەتەنەی تێپەڕ کردوه، و لـه پـــێش خۆیـــدا خەتەنـــەی خوشـکه گەورەکەشـی دیـوه کـــه بەشـــێك لـــه کتێبـــی ژیاننامـــەی خـــۆی بـــۆ ئـــەم بابەتـه تـەرخان کـردوه. لـەم بەشه دا وردەکاریەکانی ئـەم کردەوه بە وردی باس دەکا.

دواتـــر "واریـــس دیـــری" لــه لەنــدەن تــوانی ببــێ بــه ئەســـتێرەیەکی مـــۆدو لـــەم ڕێگەیـەوه بـه ناوبـانگ بـێ. بـەڵام ناوبـانگی ئـەورۆی ئـەو به هۆی چالاکیەکانێتی که له پلەی نوێنەرایەتی ڕێکخـراوی نەتـەوەکان لـه ئاسـتی جیهـان دا له بەرامبەر خەتەنـه کردنـی ژنان ئەنجامی دەدا.

ئـــەم کـــاره بـــه پێـــی ســـەرژمێریەکانی ڕێکخـــراوی نەتـــەوەکان هـــەموو ڕۆژێ لـــه سەر6000 مناڵی کـچ ئـەنجام دەدرێـــت.(تێبینی: بـــەپێی تـــازەترین ڕاپۆرتـــــەکانی یونیسـێف هـەر ڕۆژەو 8000 کچ و ژن لـه ئاسـتی جیهـان دا خەتەنه دەکرێن).

"واریـــس دیـــری" لـــه کتێبەکـــەی دا بەســـەرهاتی خەتەنـــه کرانـــی خـــۆی بـــەم شێوەیه باس دەکا:

ئـــەم شـــەوه بـــه دڵـەراوکێوه خـەوتم، لـه ناکـاو دایکـم دیـت کەلـه سەرسـەرم ڕاوەستاوه. ئێستا هەوا تاریـك بوو، پێش پارشێو، ئەو کاتەی کـه تاریـك ورووونـی بەیانیـەو ڕەشایی ئاسمان جێگەی خۆی بــه خۆڵەمێشــی دەدا، دایکـم ئامـاژەی پـێ کـردم کـه بـێ دەنگ بم و دەستی بگـرم. مـن پـــەتۆ چـــووکەکەم لاداو بـــه خـەواڵوویی، لـه کاتێکـدا کـه بـەلادا دەهـاتم وەدوای کـەوتم. ئێســـتا دەزانم لـــه بەرچـــی بـەیانیان زوو کچـەکان لەگـەڵ خۆیان دەبـەن. دەیانهەویست پـێش ئـەوەی هـیچ کـەس لـه خـەو هەسـتێ بیـانبڕن هـەتا دەنگـی هاواریـان نەبیسـترێ. لـەم کاتـەدا ئەگەرچـی گێـژ ببووم هەرچی پێیـان گوتبـام زۆر بـه سـانایی جـێ بـەجێم دەکرد. ئێمه له شوێنی دەورو بـــەرمان دوور کەوتینـــــەوەو بەرەو دەشت ڕۆیشتین. دایکـم گــوتی: "لێــره چـاوەڕوان دەبـین." و لەسـەر عـەرزی سارد چاوەڕوان بووین ئاسمان به هێوری ڕووناك دەبۆوه، بـه زەحمـــەت شـــتم لێـــك بـــه زووتـــرین کـــات دەنگـــی خشەخشـی کەوشـەکانی ژنـه دۆمـم بیسـت. دایکـم بـه نێـو بـــانگی کـــرد وگـــوتی: "بۆخـۆتی؟" (بـەڵێ لێـرەم) ئێستاش هیچم نەدەدیت تەنیا گوێم له دەنگی بـوو. تەنانـەت بێ ئەوەی که نزیك بوونـەوەی ببینم، له ناکاو لـه نزیـك خـۆم هەسـتم بـه بـوونی کـرد. ئـەو ئاماژەی به تاته بەردێك کـردو گوتـی: "له وێ دانیشه"

بەبێ سڵاوو عەلەیك. بـێ چاك وخۆشی، تەنانـەت هـیچ ڕوون کردنەوەیـــەکی نـــەبوو


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەبڕیارە چی رووی بدا یا بڵێ زۆر بەئازارەو تۆ دەبێ کچێکی بە تەحەموول بی، هیچ. ئەم ژنە جەلادە تەنیا دەستی بە کاری خۆی کرد. دایکم لەتکە پیرەدارێکی هەڵگرت و منی لە سەر بەردەکە دانیشاند. لە پشت سەرم دانیشت و سەرمی بە سینگی خۆیەوە نا، لاقەکانی لە دەوری جەستەم ئاڵاند. رەگی دارەکەی لە نێو ددانەکانم ناو گوتی: "بیگەزە" لە ترسان وشك ببووم.... دایکم پاڵی بەمنەوەناو لەسەرخۆ گوتی: "دەزانی کە ناتوانم راتگرم. من لێرە بە تەنیام. بۆیە هەوڵ بدە کچێکی باش بی ئازیزەکەم. لەبەر دایکت ئازابە." سەیرێکی نێو لاقەکانم کردو دیتم ژنەدۆم خەریکە خۆی ئامادە دەکا. ئەو وەك پیرێژنەکانی تری سومالیایی نەدەچوو (بە لەچکەیەکی رەنگی کە لە سەری هاڵاندبوو لە گەڵ کراسێکی سووکی لۆکە) بەو جیاوازیەوە کە هیچ بزەیەکی لەسەر لێوان نەبوو. ئەو بە مۆڕەوە سەیری کردم، روانینێکی سارد وبی رووح لە چاوانی دابوو. پاشان خەریکی پشکنینی جانتا کۆنە بەرەکەی بوو، چاوەکانم لەسەری رامابوون، لە بەرەویکە دەمهەویست بزانم بە چی دەمبڕێ. من چاوەڕوانی چەقۆیەکی گەورە بووم بەڵام لە جیاتی چەقۆ کیفێکی بەنی چووکەی هێنادەرێ. بە قامکە درێژەکانی نێوەکەی دەگەڕا، لە ئاکام دا تێغێکی شکاوی ریش تاشینی دەرهێنا. هەڵگێڕەوەرگێڕی کرد وهەڵی سەنگاند. خۆر بە زەحمەت سەری هێنابووە دەرێ. رووناکایی بە رادەیەك بوو کە رەنگەکان ببینم بەڵام نە نەوردی. خوێنێکی وشك بۆوەم لە سەر لێواری ددانەداری تیغەکە دیت. تفێکی لەسەر تیغەکە کردو بە جلەکانی پاکی کردەوە. هەروا کە خەریك بوو لە جلەکانی هەڵدەسوو، لە پڕ دنیام لێ تاریك بوو، دایکم دەسرەیەکی بە سەر چاوەکانم داکێشا.

شتێك کەدواتر هەستم پێ کرد بڕینی گۆشتی لەشم، دەزگای زاوزێم بوو. دەنگێکی ناڕوون وەك هاتووچۆ کردنی مشارم لەسەر پێستی لەشم دەبیست. کاتێك کە بیر لە رابردوو دەکەمەوە، لەراستی دا ناتوانم بڕوا بکەم کە وەها رووداوێك بۆ من هاتۆتە پێش. وابیردەکەمەوە کە باس لە کەسێکی تر دەکەم. هیچ شێوەیەك لە دنیادا بوونی نیە کەبەهۆیەوە بتوانم بڵێم چ هەستێکم هەبوو. وەك ئەوەیە کە کەسێك گۆشتی رانی ئێوە ببڕێ یا باسکتان بپەڕێنێ بەم جیاوازیەی کە ئەم شوێنە هەستیارترین جێگەی لەشتانە.

من تەنانەت ئینجێکیش لە جێی خۆم نەبزوتم — چونکە "ئەمان" ی (خوشکم) وەبیر دەهاتەوە، دەمزانی کە هیچ دەرەتانێك بۆ راکردن نیە. دەمهەویست دایکم شانازیم پێوە بکا. لەگەڵ خۆم دەمگوت ئەگەر بجوڵێمەوە ئەشکەنجە زیاتر دەخایەنێ. بەداخەوە، لەخۆوە لاقەکانم دەستیان بە لەرزین کرد. دوعام دەکرد، خودایە، تکایە ئیزن بدە زووتر تەوابێ، واشی لێ هات، لە بەر وەیکە لە هۆش خۆم چووم.

کاتێك وەهۆش هاتمەوە وەمدەزانی کارەکە تەواو بووە، بەڵام لە کاتی دەست پێکردن خراپتر بوو. چاوپۆشەکەم لادرابوو و ژنە جەلادەکەم دەدیت کە کۆڵێك درووی داری "ئەقاقیا"ی کۆ کردبۆوە. لەو دڕوانە بۆ کون کردنی پێستی لەشم کەڵکی وەرگرت. پاشان بەنێکی سپی و قایمی لە کونەکان تێپەڕ کرد هەتا بمدورێتەوە، لارقەکانم تەواو سڕ ببوون، بەڵام ئازاری نێوانیان بە رادەیەك زۆر بوو کە ئاواتی مردنم دەخواست. هەستم کرد کە بەرەو سەرێ هەڵقولێم و لە زەوی دوور بوومەوە و ئازارەکەم لە سەر زەوی بەجێ هێشت و چەندین میتر سەرەوەتر چاوم لە خوارێ دەکردو لەو ژنە کە لەشی دەدوریمەوە لە کاتێك دا کە دایکە بەستەزمانەکەم منی لە ئامێز گرتبوو، لەو کاتەدا هەستم بە هێمنایەتیەکی تەواو کرد. ئیتر پەرێشان و نارەحەت نەبووم.

بیرەوەریەکەم لێرەدا تەواو دەبێ هەتا ئەو جێەی کە چاوەکانم هەڵێناو ئەو ژنە رۆیشتبوو. منیان بردبوو لەسەر عەرز لەپەنا بەردەکە رایان کێشابووم. لاقەکانم لە گوێزینگەوە هەتاکوو ران بە پەتی پارچە لێك بەسترابوونەوە بە شێوەیەك کە نەمدەتوانی ببزووم. سەیری دەورو بەرم کرد بەڵکوو دایکم بدۆزمەوە بەڵام ئەو رۆیشتبوو. بە تەنیا راکشامەوە بیرم لەوە دەکردەوە کە دوایی چی روو دەدا. سەرم بۆ لای بەردەکە سووڕاند، لە خوێن دا شەلاڵ بوو. وەك ئەوەی دەچوو کە حەیوانێکیان لەوێ کوشتبێ. چەند لەت لە گۆشتی لەشم، دەزگای زاوزێم، لە وێ کەوتبوو، دەستی وێ نەکەوتبووو لە ژێر هەتاو خەریك بوو وشك دەبوو.

راکشام، چاوم لە رۆژ کرد کە ئەو جار هاتبووە سەر سەرم. هیچ سێبەرێك لە دەورو بەرم نەبوو شەپۆلی گەرما زلەی لە دەموچاوەم رادەکێشا. هەتاکوو دایکم وێرای خوشکم گەڕایەوە. منیان تا سێبەری گیشەیەك راکێشا. ئەمە داب و نەریتێك بوو، جێگایەك بوو بۆمن هەتا کاتی چاك بوونەوە لێی بحەسێمەوە.

چەند حەوتوو لەوێ بم تا بە تەواوی چاك بمەوە.

وام دەزانی ئازار تەواو بووە هەتا ئەو کاتەی کە ویستم میز بکەم. ئێستا دەزانم لە بەرچی دایکم گوتی زۆر ئاوو شیر نەخۆمەوە. دوای چەند کاتژمێر چاوەڕوانی، بۆ چوونە ئاودەست دەمردم. بەڵام لاقەکانم بەسترابۆوەو نەمدەتوانی بجوڵێمەوە. دایکم پێی گوتبووم کە بەرێگادا نەرۆم. هەربۆیە نەمدەتوانی پەتەکان بکەمەوە. چونکە ئەگەر برینەکان کرابانەوە، دەبوایە دیسان دروویانەوە. بروا بکەن ئەمە ئاخرین شت بوو کە دەمهەویست .

بە خوشکم گوت: "من دەبێ بچم بۆ ئاودەست" بە شێوەیەك سەیری کردم کە تێ گەیشتم ئەوە هەواڵێکی باش نیە. قولکەیەکی لە نێو خیزەکان دا بۆ هەڵقەندم و بۆ لای قولکەکەی وەرسووڕاندم. یەکەم دڵۆپ کە پێیدا هاتەدەر، وەك وەیکە تێزاب پێستم بخوا وابوو. کاتێك ژنەدۆم منی دووریەوە، تەنیا کونێکی چووکەی بە قەد سەری چیلکە شەمچەیەك بۆ میز وخوێن (مانگانە) کردەوە. ئەم ئیستراتیژی زانایانەیە، گەرەنتیەك بوو بۆ وەیکە تا پێش زەماوەند کردن هیچ پێوەندیەکی جنسیم نەبێ و هاوسەرەکەم دڵنیا بێ کە کچێکی هێناوە. کاتێك میز لە شوێنە برینەکە دا کە خوێناوی بوو کۆ بۆوەو دڵۆپ دڵۆپ لە نێو لاقەکانم دەڕژا سەر خیزەکە (هەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەمەوە تەنیا یەك دڵۆپ) دەستم بە گریان کرد.

تەنانەت ئەو کاتەی کە ژنە جەلادەکە جەستەمی لەت و کوت دەکرد نەگریابووم. بەڵام ئێستا زۆر دەبرژاوەو بە هیچ جۆر نەمدەتوانی تاقەت بێنم.

پاش نیوەڕۆ، کاتێك هەوا تاریك بوو، دایکم و وان چوونەوە ماڵێ و من بە تەنیایی لە حەشارگەکەم دا مامەوە. لەو کاتەدا لە تاریکی نەدەترسام، یا لە شێرەکان و مارەکان، یا تەنانەت لە وەیکە لە وێ بە بێ سەرپەنا راکشابووم بێ ئەوەی کە بتوانم هەڵێم. تا ئەو کاتەی کە جیا لە جەستەم هەڵقولێم و سەیرم کرد کە چۆن پیرێژن دەزگای زاوزێم دەدورێتەوە، هیچ شتێك نەیدەتوانی بمترسێنێ. زۆر بە سانایی وەك کۆلکە دارێك لە سەر عەرز راکشابووم. بێ ترس بەژان و ئازارەوە، بێ هیچ هەستێك لە مردن یا زیندوو بوونم. نەمدەتوانی بیر لەوە بکەمەوە کە خەڵکانی تر لە ماڵێ لە دەوری ئاگر دانیشتوون و پێ دەکەنن و من لێرە لە تاریکایی دا راکشاوم.

هەروا کە رۆژەکان دوابەدوای یەك تێدەپەڕین و من لە حەشارگەکەم دا راکشابووم. دەزگای زاوزێم چڵکی کرد و تام لێ هات. هۆشم نەمابوو لە بەرژانی میز ئازارم دەچێشت، لە ترسان میزم رادەگرت هەتاکوو دایکم گوتی: "ئەگەر میز نەکەی دەمری" پاشان دەستم پێ کردو زەختم بۆخۆم هێنا.... بەڵام برینەکەم چڵکی کردبووو نەمدەتوانی بە ئاسانی میز بکەم.... جگە لەوەیکە من بە تەنیا لەوێ راکشابووم و چاوەڕوان بووم برینەکەم چاك بێتەوە، تاشم لێ بوو، بێ حاڵ و نارەحەت، نەمدەتوانی هیچ کارێك بکەم بەڵام پێم سەیربوو ئاخربۆ؟ لەو تەمەنەدا نەمدەتوانی هیچ شتێك سەبارەت بە سێکس بزانم. هەموو ئەو شتەی کە دەمزانی ئەوە بوو کە بە ئیزنی دایکم سەلاخی کرابووم و نەمدەزانی لەبەرچی؟

ئاخرێکەی دایکم هات و راکێش راکێش چوومەوە بۆ ماڵ، لاقەکانم هەروا بەسترابوونەوە. یەکەم شەو دوای گەڕانەوەم، باوکم لێی پرسیم: "چ هەستێکت هەبوو؟" پێم وایە مەبەستی بارو دۆخی نوێی ژیانم بوو بەڵام تەنیا شتێك کە من دەمتوانی بیری لێ بکەمەوە ئازاری نێوان لاقەکانم بوو. لە کاتێك دا کە تەمەنم تەنیا 5 ساڵ بوو، بزەیەکم هات و هیچم نەگوت. چ شتێکم سەبارەت بە ژن بوون دەزانی؟ سەرەای وەیکە زۆر شتم نەدەزانی بەڵام سەبارەت بە ژنانی ئافریقایی دەمزانی: ژیان وێڕای ئازار، لە بارو دۆخێکی ئاڵ و گۆڕ بەسەرداهاتووو بێ دەرەتانی منالێکم دەناسی.

لاقەکانم بۆ ماوەی مانگێك بەسترابوونەوەو برینەکەم سارێژ ببۆوە. دایکم بەردەوام وەبیری دێنامەوە کە هەڵنەیەم و باز نەدەم هەربۆیە بە وریایی دەشەلیم، من کە هەمووکاتێك چالاك و بەوزە بووم و وەك یوزپلێنگێك رام دەکرد، لە دار وەسەر دەکەوتم، لە سەر بەردەکان بازم دەدا، بۆ کچێکی منال لە جێگەیەك دانیشتن (لە کاتێك دا خوشك و براکەی کایەیان دەکرد) جۆرێك ئەشکەنجە بوو. بەڵام زۆر بۆم ناخۆش بوو کە بۆ جارێکی تر ئەم پرۆسەیە دووپات بێتەوە، بۆیە تەنانەت یەك ئینجیش لە جێگای خۆم نەدەبزووتم.هەموو حەوتووان دایکم فەحسی دەکردم تا دڵنیا بێ بە تەواوی چاك بوومەتەوە. کاتێك کە پەتەکانم کردەوە توانیم بۆ یەکەم جار چاوێك لە خۆم بکەم، پارچە پێستێکی تەختم بینی کە تەنیا جێگا برینێکی لە نێوەراست دابوو وەك زیپێك دەچوو، کە بە تەواوی داخرابێ. ئەندامی زاوزێم وەك دیوارێکی خشت بەسترابوو تا هیچ پیاوێك پێش شەوی بووکێنیم توانای چوونە ژوورەوەی نەبێ. تا ئەو کاتەی کە مێردەکەم بە چەقۆیەك یا زەختێك هەڵی دڕێ.

....گەرچی بە هۆی خەتەنە کرانەوە ئازارێکی زۆرم دیت بەڵام زۆر بەختەوەر بووم کە خراپترم بە سەر نەهاتبوو. بەو شێوەی کە بەردەوام بۆ کچانی تر دەهاتە پێشێ. کاتێك کە بۆ سەفەر دەچووینە ناوچە جۆراوجۆرەکان، خزمەکانمان دەدیت و لە گەڵ کچەکانیان یاریمان دەکرد. کاتێك دیسان دیسان دەماندیتنەوە، کچەکانیان لە دەست دابوو.هیچ کەس راستیەکەی لە بابەت نەبوونی ئەوان دا نەدەدرکاندو هیچ باسێك لە وان نەدەکرا. ئەوان پاش خەتەنە دەمردن (خوێنرێژی زۆر دەبوو بە هۆی مردن، گەشکە، چڵك یا کۆزان). بە سرنج دان بەو بارودۆخەی کە ئەم کارەیان تێدا دەکرد، ئەمە شتێکی سەیر نەبوو، سەیر زیندوو مانی هەرکام لە ئێمەیە.

بە زەحمەت "هالمۆ"ی خوشکم وەبیردی، تەمەنم سێ ساڵ بوو لە بیرمە کە مابوو، پاشان چی دیکە ئەوم نەدیت بەڵام نەمدەزانی چی بەسەر هاتوە؟ دواتر زانیم کاتێك ژنەدۆم خەتەنەی کردو، بە هۆی خوێنرێژیی زۆر مردوە. کاتێك دەساڵان بووم، بەسەرهاتی کچی پوورم بیست، لە تەمەنی 6 ساڵی دا خەتەنە کرابوو، پاشان براکەی هات بۆ لای ئێمەو بۆی باس کردین چی رووی داوە. ژنێك هات و خوشکەکەی برد، پاشان ئەو لە حەشارگەکەی داماوە تا چاك بێتەوە. بەڵام "لەشی" (ئەو جۆرەی کە کوڕی پوورم دەیگوت) ئەستوور بووو بۆگەن حەشارگەکەی هەڵگرتبوو. کاتێك ئەو بەسەرهاتەکەی دەگێڕاوە بڕوام نەدەکرد. لە بەر چی ئەو بۆگەنی لێ دەهات و ئەمە بۆ من و "ئەمان" رووی نەدابوو؟ ئێستا دەزانم کە ئەو راستی گوتوە. بە هۆی بارودۆخی پیسی عەمەلەکە، برینەکەی چڵکی کردبووو ئەو بۆنە کە دڵی مرۆڤ پێی تێك دەهالا بە هۆی "قانقاریا" بووە. رۆژێك بەیانی دایکی بۆ فەحس کردنی کچەکە رۆیشت کە بە پێی ڕەواڵی هەمیشە شەو بە تەنیایی لە حەشارگەکەی دامابۆوە. بەڵام ئەو کچەکەی بە مردوویی دیتەوە، جەستەی سارد ببۆوەو ڕەش هەڵگەڕابوو. بەڵام بەر لەوەی کە داڵاش بیبەن، بنەماڵەکەی ناشتیان.....

و ئەم کارە هەروا بەردەوامە. هەر ئێستا کە ئێوە ئەم بابەتە دەخوێننەوەکچانێکی چووك لەملاو لای جیهان دا ئەم ئەزموونە پڕئازارە تێدەپەڕێنن، تۆ بڵێی ئەوان سبەینێ زیندوو بن؟


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەهەشت و دۆزەخ

وەرگێڕان لە فارسییەوە: رۆژە عەزیزی

هەموو شتێك لە ماوەی یەك حەوتوودا رووی‌دا، کچە تاقانەکەم"نازگوڵ" کە وەك گوڵێکی نازدارو جوان وابوو، بە نیاز بوو لەگەڵ کورێکی خوێندکار کە ناوی موعین بوو ژیانی هاوبەش پێك بهێنێ. منیش وەك باوکێك لەو بارەیەوە نارەزایەتیم نەبوو.

لەپڕ کەسێك بەناوی "فەربوود" پەیدا بوو. فەربود لاویکی شیکپۆش و دەوڵەمەند بوو. کاتێك بۆ یەکەم جار ماشینەکەی لەبەردەم ماڵمان لە یەکێك لە گەڕەکەکانی باشووری شار ڕاگرت هەموو خەڵکی گەڕەکەکەمان سەریان سووڕما وادیار بوو فەربوود نازگوڵی لەسەر شەقام بینیبووو دوای کەوتبوو تا ماڵەکەمان ببینێتەوە. یەکسەر هاتە ماڵەوەو راستەوخۆ باسەکەی کردەوە: چەند ساڵێکە لە یەکێك لە وڵاتەکانی دەورووبەری کەنداوی فارس خەریکی کاری بازرگانیمو تا ئێستا سەروەتێکی زۆرم کۆ کردۆتەوە، ئێستاش کاتی ئەوە هاتوە ژیانی هاوبەش پێك بێنم، هەر بە بینینی کچەکەی ئێوە عاشقی بوومو دەمەوێت بیکەمە شەریکی ژیانمو لەدوای هاوسەرگیریمان لەگەڵ خۆم بیبەمە ئەو وڵاتە. تەنیا دەبێ چەند ساڵێکی‌تر لەوێ بمێنمەوە بۆ ئەوەی تا کۆتاییە ژیانم بێ‌خەم بم. بەڵام بەڵێنتان پێ‌دەدەم بە سێ یا چوارمانگ جارێك سەردانتان بکەین بۆ ئەوەی نازگوڵ بێتاقەت نەبێ یاخود ئێوە دەتوانن بێن بۆ لامان سەردانمان بکەن ئەو قسانەی فەربوودو ئەو هەلومەرجە باشەی ژیانی کە باسی دەکرد وای لە من کرد کە بچمە سەر ئەو باوەڕە کە ئەو دەتوانێ کچە تاقانەکەم بەختەوەر بکاو منو بنەماڵەکەشم بگەیەنێتە ئاستێکی باش. بە کچەکەمم وت من رازی نیم شوو بکەی بە موعینو دەبێ ببیتە هاوسەری فەربوودو دەمەوێ بەختەوەر بیو نەك وەك دایکت کە هەموو تەمەنی سەختی بووە چونکە لەگەڵ کرێکارێکی سادە ژیانی هاوبەشی پێك هێناوە. نامەوێ تۆش وەها ژیانێکت هەبێ. لەگەڵ فەربوود ژیانێکی خۆش چاوەڕێت دەکا. بەڵام نازگوڵ قەبووڵی نەکردو وتی:

" تۆ راست دەکەی باوکە گیان کەوا بیر دەکەیتەوە کە موعین خوێندکارێکە هەر چەند ساڵێکی دیکە ژیانی باش دەبێو ناتوانێت من بەختەوەر بکا هیچ قسەیەکم نیە، زۆرباشە شوو بە موعین ناکەم، بەڵام داواتان لێ‌دەکەم کە ئەوەندە زۆریم لێ مەکەن شوو بە فەربوود بکەم چونکە خۆشم ناوێ. حەزم دەکرد کچەکەم رازی کەم، بۆیە لێم پرسی بوێ خۆشت ناوێ؟ نازگوڵ کە خۆشی هیچ وڵامێکی دروستی نەبوو بۆ پرسیارەکەم سەرێکی لەقاندو وتی نازانم........، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە زۆر لێی دەترسێم.

زۆر لە کچەکەم بێزار بووم، بەڵام چونکە کچەکەم لە چاوەکانم خۆشتر دەویست بەردەوام هەوڵم دەدا رازی بکەمو دەوت کە تۆ بۆ ناتەوێت لەئاخری تەمەنمان منو دایکت تۆزێك بە ئارامی بژین؟ بۆ پێت خۆش نیە تۆو هاوسەرەکەت یارمەتیدەر بن بۆ ژیانی دوو براکەت کە چەند ساڵێکی دیکە دەرسەکەیان تەواو دەبێو با ئایندەیەکی روونیان هەبێ.

بەڵام ئەو قسانە هیچ سوودێکی نەبوو تا زیاتر قسەم لەگەڵ دەکرد ئەو زیاتر سوور بوو لەسەر بڕیاری خۆی هەر بۆیە بڕیارم دا وەك باوکێکی ئەرکناس ئەرکی خۆمە کە خۆشیو ئارامی کچەکەم ئەگەر بە زۆریش بێ مسۆگەر بکەم! سەرەتا هەڕەشەم لێکردو پێم وت کە دەبێ شوو بکەی بە فەربوود چونکە من بە کەسێکی شیاوی دەزانمو دەبێت بەقسەم بکەی. بەڵام نازگوڵ هەروا بەردەوام بوو لە دژایەتی کردنمو رازی نەبوو. تا وەکو رۆژێك فەربوود تەلەفۆنی کرد بۆ ماڵمانو وتی ببوورن کە دەبم، بەڵام من تا حەوتوویەکی دیکە دەبێ بگەڕێمەوە بۆ ئەو وڵاتانەی دیکەو دەست بکەمەوە بە بازرگانیەکانمو راناوەستم جا دەمەوێ وەڵامی نازگوڵ خانم بزانمو ئەگەر رازی نەبێ دەبێ بیر لە کەسێکی دیکە بکەمەوە بەم قسانەی فەربوود هەستم کرد ئەگەر هەوڵێك نەدەم ئەوا بەختەوەریی کچەکەم کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ڕووی بە دەرگای ماڵم کردوە دەفەوتێتو لە دەستی دەچێ، هەربۆیە بۆ یەکەم جار لە ژیانی کچە نازدارەکەم دەستم کرد بە لێدانی، ئازارێکی زۆرم دا بێ گوێدانە ئازارەکانی نازگوڵ ئیجا وتم "جا بزانە چی لە موعین دەکەم؟" هەربۆیە پەیوەندیم کرد بە دوو برازاکانم کە زۆر کەلە ڕەق بوونو سەعاتێک دواتر لەگەڵیان چووینە گیان موعینو زۆرمان لێداو هەڕەشەم لێکردو پێم وت ئەگەر جارێکیتر بە لای کچی من دا بێتەوە دەتکوژم.

ئێستا کە بیری لێ دەکەمەوە کە چۆن توانیم لە نازگوڵی تاقانەم بدەمو بەو شێوە دڕندانەیە کەوتمە گیانی موعین هەست بە شەرمەزاری دەکەم.

بەم شێوە کچەکەم کاتێک زانی کە هیچ ڕێگایەکیتر جگە لە ڕازی بوون نیە بڕیاری دا شوو بەفەربوود بکا. ئەم بڕیارەشی لە ترسی ڕەفتاری من بوو.

لەو کاتەدا کە دەنگی هەنسکی گریانی نازگوڵ لە ژوورەکەی دەهاتە دەر بڕیارم دا پەیوەندی بکەم بە فەربوودو پێکەوە ڕۆژی زەماوەندمان دیاری کرد، واتە سێ ڕۆژ دواتر..........

زەماوەندێکی بچووکو خۆمانە بوو، خەرجێکی زۆری لە زەماوەند دا نەکرد بەڵکوو هەموو ئەو پارانەی بۆ نازگول تەرخان کرد. وەک ماشێنێکی پێژۆ کە ڕۆژی زەماوەند دایکی کردیە دیاری بۆ کچەکەم هەروەها فەربوود خۆی دنیایەک زێڕو جەواهێراتی بۆ کچەکەم کڕیبوو کە هەموو خەڵکی سەریان سووڕمابوو، بەڵام نازگوڵ تا شەوی زەماوەندیش بەم چارەنووسەی ڕازی نەبوو.

لە حاڵێکدا کە قسەی لەگەڵدا نەدەکردم بە دایکیدا پەیامێکی بۆ ناردم: " بە باوکم بڵێ لە خودا داوا دەکەم بەختەوەر بم تەنیا بۆ ئەوەی بۆ ڕۆژێکیش باوکم بە شەرمەزاری نەبینم".

بەڵام من بەقسەی نازگوڵ پێکەنیم چونکە دڵنیا بووم کە بەختەوەر دەبێ. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا نازگوڵ تا کاتی سپاردنی زاواش قسەی هەر لەگەڵدا نەدەکردم، بەڕواڵەتو چاوی خەڵکی قسەی لەگەڵ دەکردم، بەڵام هەر باوکێک زۆر بەباشی لە پێکەنینی جگەر گۆشەکەی تێدەگاو دەزانێ کە لێی تووڕەیە یان نا؟ بەڵام ئەمە ئەو هەستە بوو کە کچەکەم بەرانبەر من هەیبوو!

سەرەنجام ڕۆژی ماڵئاوایی هاتو کاتێک لە فرۆکەخانە بووکو زاوامان بەڕێدەکرد بۆ یەکێک لەو وڵاتانەی ئەوبەری ئاوەکانی کەنداوی فارس. نازگوڵ چیتر نەیتوانی دڵ ئێشاو بێ. لێمو سەری کردە سەر سینگمو بە گریانەوە وتی باوکە گیان دوعام بۆ بکە . نازگوڵ ئەوەی پێ وتو ڕۆیشت، بەڵام کتوپڕ هەستم کرد ئیتر نایبینمەوە.

ژنەکەم وەک شێتی لێ


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاتبوو شەوو رۆژ کاری بیووە گریانو دەیگوت نازگوڵ کچێکی ئەوەندە بێوەفا نەبوو ئاوا زوو ئێمەی لەبیر کردبێ، خۆی دەیگوت هەر بگەینە ماڵە تازەکەمانو جێگیر ببین پەیوەندیتان پێوە دەگرین. یانی دوای دوو حەوتوو هێشتا جێگیر نەبوون.؟!

منیش حاڵم هیچ لەو باشتر نەبوو بەڵام وەسەرخۆم نەدێنا. پانزدە رۆژ بوو رۆیشتبوون بەڵام ئەوەی زیاتر منی نیگەران دەکرد وەڵام نەدانەوەی ئەو ژمارە تەلەفونانە بوو کە زاواکەم پێش رۆیشتنی پێی دابووم. هەروەها تەلەفوونی باوکیشی بەردەوام دەیگوت ئەم ژمارەیە گۆردراوە.

بەهەر حاڵ هەر هەوڵی ئەوەم دەدا کە بنەماڵەکەم ئارام بکەمەوە پێیان بڵێم رەنگە ئەوەندە لە خۆشی دابێ کە ئێمەیان هەر بیرچۆتەوەو لە حاڵی خۆیاندان یان زاوا کچەکەمانی بۆ مانگی هەنگوینی بردبێت بۆ ئوروپا بەڵام هەمیشە رووبەرووی پرسیارێکی ژنەکەم دەبوومەوە دەیگوت یانی ناتوانن تەلەفۆنێک بکەن. شەوانە رووم لە ئاسمان دەکردو داوام لە خودا دەکرد یارمەتیم بدا. ژیانمان تەواو گۆرابوو رەنگی مردنمان لێ نیشتبوو تەنیا هەناسەمان دەدا. تەنیا شتێک کە بیرمان لێ دەکردەوە ئەوە بوو کە نەمانوت ئەوان مردوون.

هەندێک جار بیرم لەوە دەکردەوە دەموت رەنگە نازگوڵ بیهەوێت تۆڵەم لێ بکاتەوە، بەڵام باوەرم بەوە نەبوو چونکە دەمزانی بەرەحمەو دایکو براکانی بێخەبەر ناکا.

تاوەکو شەوێکیان سەعات 11ی شەو نەناسیاوێک تەلەفونی بۆ کردین دوای چەند دەقەیەک کە ئادرەسی ماڵەکەمانی پرسی هاتە ماڵەوە. کاتێک چاوم پێی کەوت پیاوێکی بە ساڵ داچوو بوو کە قەت نەم دیبوو، ئەویش وەک ئێمە زۆر نیگەران دیاربوو. بەڵام کاتێک چاوی بە ئێمە کەوت نیگەرانیەکەی کەم بۆوەو دەستی بە قسە کردن کرد. من بازرگانێکی فەرشی ئاورێشمیم مانگێ جارێک یان دووان سەردانی وڵاتانی ئەوبەری ئاو دەکەمو فەرش دەفرۆشم بەو پیاوە دەوڵەمەندانە. حەوتووی رابردووش هەر بۆ ئەم مەبەستە چووبووم کەلە ماڵی یەکێک لەو دەوڵەمەندانە، کچێکی لاوم بینی کە زۆر جوان بوو، بەڵام زۆر تێکچووو شڵەژابوو، لە رەفتارەکانی تێگەیشتم دەیویست شتێکم پێ بڵێ، بەڵام لە ترسی ئەو پیاوەی لە تەنیشتی بوو کە بە روالەت هاوسەری بوو دەترسا نزیکم ببێتەوە. لە چاوەکانیدا وا پێ دەچوو دەپارایەوە و سەرەرای ئەوەی من ئینسانێکی ترسنۆکم بریارمدا بەسەر ترسەکەم دا زاڵ بمو یارمەتی بدەم. کاتێک میوانەکان چوونە سەر میزی قومار دانیشتن من لە سووچێکی ژوورەکە بە تەلەفۆن خەریکی قسەکردن بووم، لەیەک چرکەدا ئەو کچە لاوە کە کچەکەی ئێوە بوو بە ئیشارەت تێیگەیاندم ئەو سێوە سوورە هەڵ بگرم کە لەسەرەوەی میوەکانی دانابوو لە کاتێک دا کە لە ترسان هەناسە برکێ بووم بریارم دا هەڵی بگرم. بەڵام بینیم کە ئەو سێوە لە ناوەراستدا لەت کراوەو دووبارە پێکەوە نووسێنراوەتەوە. بۆیە بە بیانووی قەدەم لێدانو سیگار کێشان چوومە باخچەی ماڵەکەو سێوەکەم لێک کردەوە بینیم نوسراوەیەکی تێدا بوو بە ئارامی خستمە گیرفانمو بێ ئەوەی کەس بزانێت گەرامەوە ماڵەکە. بە جۆرێک کچەکەم تێگەیاند کە نووسراوەکەم هەڵ گرتووەو هەر کە بەمەی زانی هەستم کرد کەمێک ئارام بۆوە سەعاتێک دواتر لەو ماڵە مامەوە پاشان گەرامەوە بۆ ئەو ئوتێلو لەوێ بوو نووسراوەکەم کردەوەو تێیدا نووسرابوو باوکی ئازیزم من تووشی دێوێک هاتووم دێوێکی خراپکار، ئەو دەیهەوێ لە کاتی قوماردا من وەک بەدرەوشتێک بە کار بهێنێ، هەروەک ئەو سێ ئافرەتە داماوانەی تر کە پێش من تووشی ئەو دێوە هاتوون.

بەڵام تا ئەمرۆش نەم هێشتوە کەڵکی خراپم لێ وەربگرێو بەدرەوشتیم پێ-بکا. توخوا هەرچی زووە فریام بکەونو هیوادارم تا ئەو کاتەی ئێوە فریام دێن لە ژێر شەقو مستەکانی فەربوودا نەمرم.

ئەو پیاوە نەناسیاوە بەردەوام بوو لە قسەکانی من ئەمرۆ عەسر گەرامەوە ئێرانو یەکەم کارم تەلەفۆن کردن بووە بۆ ئێوە، ئەگەر ئیزنم بدەن با من بروٚمو کێشەم بۆ دروست نەبێو کچەکەتان ژمارە تەلەفونەکەتانی بۆ نووسیبووم.

تا مردن مەمنوونی ئەو پیاوەم خواحافیزیم کردو هەستم کرد تێکشکاوم کە تازە تێگەیشتم چیم بەسەر کچەکەم هێناوە.

بیرم لەوە کردەوە تەنیا کەسێک دەتوانێت یارمەتیمان بدا ئەویش موعین بوو هەر بەو نیوە شەوە چوومە لای ئەویش سەعات حەوتی بەیانی چوار رۆژ دواتر بەرەو ئەو وڵاتە پەروازی کرد. کاتێک گەیشتە ئەو وڵاتە لە رێگای پۆلیسو بە شێوەیەکی ژیرانە فەربودی تەحویلی پۆلیس داو نازگوڵی هێنایەوەو وڵاتو دوای ماوەیەک هاوسەرگیریان کردو ئێستاش زۆر بەختەوەرن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چارەنووسێکی تاڵ دوای عەمەلی جەرڕاحی جوانکاری



بەهارەی تەمەن 30 ساڵە خوێندکاری لقی حیسابداری و حیسابداری شیرکەتێکی خسووسی بوو. بانەمەڕی ساڵی 1388 لە ناوەندێکی جەڕراحی لە تاران عەمەلێکی جوانکاری لە سەر زگ و مەمکەکانی کرا، چەند رۆژ دواتر و بە هۆی باش نەبوونی شوێنی برینی عەمەلەکەی، بە پێشنیاری دوکتۆرەکەی بۆ عەمەلی "ترمیمی" جارێکی دیکە چووە دیوی عەمەل. دوکتور دوای سڕبوونی سەرەتایی عەمەلەکەی دەست پێکرد. بەڵام بەهۆی ترس و بێقەراری کچەکە، دوکتوری بێهۆشی، پێشنیاری بێهۆشی گشتی بە بەهارە دەکا. بەهارە دوای ئەوە لەناکاو تووشی شین بوونەوەو راوەستانی دڵ و هەناسە نەدان دەبێ. بۆ چارەسەری ئەو حاڵەتەی خێرا رەوانەی نەخۆشخانەیەکی دیکە لە تاران دەکرێ. سەرەڕای هەوڵ و تێکۆشانی زۆر بۆ رزگاربوونی ئەو کچە لاوە، لاوە، ئەو تووشی "اغما" دەبێ و 33 رۆژ لە بەشی "ئای سی یو" لەژێر چاوەدێری تایبەتی دا دەبێ، تاکوو بەهەرحاڵ دوای ئەو 33 رۆژە بە هۆش دێتەوە. بەڵام دوای ئەوە ژیانی "نباتی" دەست پێدەکا. ژیانی نەباتی لە روانگەی پزیشکییەوە: ئەو جۆرە ژیانەی نەخۆش بەم شێوەیەیە: وشیاری ئاگایانەی بۆ دەوروبەری نامێنێ و مێشك حافزەی لە دەست دەدا و هەست و جووڵەی نابێ. لە راستی دا تەنیا دڵی لێ دەدا و هەناسە دەکێشێ و لە هێندێك کات دا ناتوانێ هەناسەش بکێشێ و لەو کاتانەدا کەڵك لە دەزگای هەناسەدانی دەسکرد وەردەگرێ. تەمەنی ئەو جۆرە نەخۆشانە کورتە و گەڕانەوە بۆ حاڵەتی ئاسایی زۆر دەگمەنە.

دایکی بەهارە دەڵێ: لە تاوانباری ئەو رووداوە شکایەتم کردوە و خوازیاری لێپرسینەوەیانم. هەر چەند دوکتوری جەراحەکەی هەر لە رۆژی یەکەمەوە بۆ یەك کاتیش ئێمەی بەتەنیا جێ نەهێشتوە. رووداني ئەو کارەساتە تاڵ و باوەڕ نەکراوە بۆ ئێمە یەکجار زۆر دژوار ناخۆش بوو. باوکی بەهارە هێندە لەبن سەری کچەکەم گریا و دواتر تووشی راوەستانی دڵ بوو و مرد. تاکوو ئێستاش 70 میلیۆن تمەنمان بۆ داو دەرمانی کچەکەم خەرج کردوە بەڵام مەحاڵە چاك بێتەوە.

ئێستا بەهارە بەهەست کردن بە پەشیمانی لەسەر تەختەکەی چاوی بڕیوەتە بنمیچەکەو زۆربەی کاتەکان ئارەزووی ئەوەیە مەرگ ببێ بە میوانی و لەم ژیانەی رزگار بکا چونکە هیوای بە چاکبوونەوە نەماوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژنانی نێو کۆڕی خەبات

مەلەک ئیبراهیمی:

# 22 ساڵ ژیان لەگەڵ پێشمەرگەیەک زۆر بیرەوەری خۆش و ناخۆشی بۆ من بەجێ هێشتوە

دیمانە: "ژنان"

ساڵی 1387 پۆلێک لە پێشمەرگەکانی دێمۆکرات بۆ مەئموورییەتێکی سیاسی تەشکیلاتی گەڕانەوە بۆ ناوچەی رەبەت، کە رۆژی 23ی گەلاوێژی هەر ئەو ساڵە لە دۆلێ گردێنەی ناوچەی رەبەت کەوتنە کەمینی خۆفرۆشانی خائین بە گەل و نیشتمان و بەداخەوە 3 رۆڵەی دێمۆکرات بە ناوەکانی هەمزە عەبدوڵلایی، قادر نەزمی و قادر قادری گیانیان بەختی سەربەرزی نیشتمان کرد.

خاتوو مەلەک ئیبراهیمی هاوسەری شەهید هەمزە عەبدووڵلاهی‌یە و خەڵکی شیواشاخی سەردەشتە، لە سەروبەندی دووهەمین ساڵرۆژی شەهیدبوونی هاوسەرەکەی وتووێژێکمان لەگەڵ خۆی و یەکێک لەکچەکانی بە ناوی ژیان پێک هێناوە کە سەرنجی خوێنەرانی لاپەڕەی ژنانی نێو کۆڕی خەبات بۆ خوێندنەوەی رادەکێشین.

**مەلەک ئیبراهیمی لەبارەی ژیانی هابەشیان بەم جۆرە دوا:**

"تەمەنم 40 ساڵە و 22 ساڵیشە بە هۆی ژیانی هاوبەش لەگەڵ شەهید هەمزە لەنێو ریزکانی حیزبی دێموکراتم و شەریکی خۆشی و ناخوشییەکانی تێکۆشەران و بنەماڵەکانیانم. خۆش وناخۆشی زۆرم چێشتوە. چوونەوەی هەمزە بۆ ناوچەو مەئموورییەتەکانی هەمیشە بەلامەوە ئاسایی بووە. دیارە جاری ئاخریش هەروەک جارەکانی دیکە هەرچەند ئەمجارەیان دوای چەندین ساڵ دەچۆوە بۆ ناوچە، هەستێکی ناخۆشم هەبوو. هەستم دەکرد بەڵایەکی بەسەرێ. بەداخەوە هەرواش بوو. بێگومان رووداوێکی یەکجار تاڵ و ناخۆش بوو بۆ من و بۆ کچەکانیشم."

**- بەرهەمی ژیانی هاوبەشی کاک هەمزە و خاتوو مەلەک 4 کچە بە ناوەکانی ژیان، ژینۆ. ژاڵە، ژیما-**



ژینۆ ژاڵە ژیان خاتوو مەلەک ژیما

لە خاتوو مەلەکمان پرسی نەخشی کاک هەمزە لە ماڵەوە و بە گشتی لە پێوەندی لەگەڵ کچەکان دا چۆن بوو خاتوو مەلەک بەم جۆرە وڵامی دایەوە:

ئەو زۆر باش بوو بۆمان بە تایبەتی من لەم ئاخریانەدا نەخۆش بووم زۆر لەگەڵم ئارام و لەسەرەخۆ بوو و چاوەدێری دەکردم. بۆ کچەکانیش نەک وەک باب بەڵکوو وەک هاوڕێ لەگەڵیان هەڵسووکەوتی دەکرد بەردەوام هانی دەدان بخوێنن و درێژە بە خوێندن بدەن. ئامادە بوو زۆرتر خۆی ماندوو بکا بۆ ئەوەی کچەکانمان کەموکوورییان نەبێ و بتوانن درێژە بە خوێندن بدەن.

خاتوو مەلەک لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئێستا ژیانت دوای شەهید بوونی کاک هەمزە چۆنە و چ هەستێکت هەیە؟

خاتوو مەلەک وتی: جێگەی ئەو هەمیشە لە ماڵەکەدا دیارە، زۆر هەست بە تەنیایی دەکەم بەڵام ئەو لەڕێی ئامانجێکی بەرز و پیرۆزدا گیانی بەخشیوە و ئێمەش شانازی بە ناوی و رێگە و ئامانجەکەی ئەوەوە دەکەین.

**هەروەها "ژیان" کچە گەورەی کاک هەمزە کە لە دایک بووی 1368ی هەتاوی‌یە لێمان پرسی وەک کچی کەسێک کە لە ئاست نەتەوە و خاکی کوردستان دا سەربەرزانە گیانی بەخشی چ دەرسێکت لەو مرۆڤە کە باوکتە وەرگرتوە؟**

**ژیان:** من وەک کچە شەهیدێک ئەو دەرسەی لە ماوەی ژیانم دا کە لێم وەرگرت، ئەوە بوو فێر بووم کە ژیان ئەوەندە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەمە دەبێ فریای ئەوە بکەوین لە ماوەی ژیانمان دا هەوڵ بدەین سەربەرز بژین و ئەوە بزانین کە دنیا بۆ کەس نامێنێ و کەسیش نەمر نیە ئەوەی کە بە نەمری دەمێنێتەوە تەنیا ناوە، تەنیا ناوی مرۆڤە چ بە خراپ و چ بە چاکە دەمێنێتەوە. هەر بۆیەش هیچ نەبێت ئەوەندەم لە باوکم دیت و فێر بووم کە نانێک بخۆی بەڵام نانی سەربەرزانە بێ. هەمووومان هەر دەمرین بەڵام کاتێک مردین بۆ بە پاکی و سەربەرزی نەبێت، بۆ لە پێناو ڕێبازێکی پاک و پیرۆز دا نەبێ؟ باوکم زۆر ناخۆشی و نەبوونی و چەرمەسەری و دەربەدەری دیت بەڵام بە سەربەرزی و بێ منەتانە ژیا و توانی جێگای خۆی بکاتەوە لە نێو خەڵک دا.

دواتر ژیان باسی لە تایبەتمەندییەکانی باوکی کرد و گوتی: باوکم کەسێک بوو کە لەگەڵ خەڵک زۆر تێکەڵاو بوو لە هەموو خۆشی و ناخۆشی هاوڕێکانیدا بەشدار بوو و هەروەها لەگەڵ ئێمە هیچ کاتێک وەکوو باوکێک نەبوو بەڵکوو وەکوو ڕەفیقێک لەگەڵ ئێمە هەڵسوکەوتی دەکرد.

ئەو شتانەی لەسەر من کاریگەری هەبوو لە پێش هەموویاندا باوکم کەسێکی نەترس بوو و لەوەتا وەبیرم دێ لە هەر ئۆرگانێکی حیزبی کاری کردووە بە دڵ و بە گیان کردوویەتی و هیچ وەختێک حازر نەبووە بە خاتری بەرژەوەندی خۆی کەمتەر خەمی لە ئەرک و بەرپرسایەتییەکەی دا بکا و لە ئاخری دا دەڵێم هەتا ئەو ڕۆژەی مابوو سەری بۆ هیچ کەسێک و بە سەربەرزانە ژیاو بە سەربەرزانەش لە پێناوی نیشتمانەکەیدا شەهید بوو.

لە ژیانمان پرسی لە بەرامبەر ناوی باوکت و وشەی شەهید چ هەستێکت هەیە؟

ژیان بەم جۆرە وڵامیدایەوە: بە بیستنی ناوی شەهید ئینسان هەست بە سەربەرزی و گەورەیی دەکات و ئەو وشەیە لە منداڵییەوە بە گوێی ئێمەدا سەپێندراوە کە شەهید وشەیەکی ئەوەندە گەورەیە کە قەت هەموو کەسێک ناتوانێ شایەنی ئەو وشەیە بێ و هەمیشەش لای ئێمە وشەیەکی پیرۆز و گەورەیە و ئێستا کە ئەو وشەیەمان گوێ لێدەبێت هەست بە گریان و دڵپڕییەکی زۆر دەکەین چونکە باوکم شەهید بووە، شانازییش بە ناوی باوکمەوە دەکەم و سەرەرزم کە کچی ئەو شەهیدەم.

حەزمان کرد ژیان بیرەوەرییەک لە باوکی بگێڕێتەوە:

ژیان: بیرەوەری من لەگەڵ باوکم زۆرە کە هەردووکمانی زۆر دڵخۆش دەکرد و لە یادمە کاتێک لە کۆبەنەوەی دایک و باوکان لە قوتابخانە باوکم دەهات لەگەڵ هەموو دایک و باوکەکان دادەنیشت لە قوناغەکانی سەرەتایی و ناوەندییەوە مامۆستاکان سوپاسی منیان دەکرد لەبەر باش بوونم لە دەرس وانەکانمدا و جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی قوتابخانەم و سوپاسی باوکیشمیان دەکرد، هەموو جارێک باوکم دەهاتەوە و منی ماچ دەکرد و سپاسی دەکردم و دڵی خۆشبوو و پێی دەگوتم هەر بەردەوام بە لە خوێندن، هەمیشە هەموومانی دەدا کە بخوێنین.



شەهید هەمزە سارتکەیی

**بە سەرنج دان بەوەی‌کاک هەمزە لە ناوچە و لە کاتی جەوڵە دا شەهید بوو و تەنانەت جەنازەکەشتان دەست نەکەوت تا جاروبار بچنە سەر مەزاری و تۆزێک ئارام بگرن، ئەو ڕووداوە تاڵە چ کاریگەرییەکی لەسەر دانان؟**

ژیان: کاریگەرییەکی زۆر ناخۆشی دانا لەسەرمان چونکە لە دەست دانی باوکم ڕۆژی تاریک کردین بێجگە لەوەی کە نەمان توانی ئاخرین جار ماڵئاوایی لێ بکەین تەنانەت نازانین تەرمەکەی لە کوێ نێژراوە، یانی ئێمە نەتوانین بچینە سەر مەزاری، ئەمە هەستێکی ناخۆشی لای ئێمە دروست کردوە، جاروبار دڵنیا نین لە شەهید بوونەکەشی، بەڵام جگە لەو هەموو ناخۆشییانەش کە نایانهێنمە سەر قەڵەم و نایانووسم لەلایەکی دیکەشەوە سەربەرزم بەوەی کە دەڵێم باوکم سەربەرزانە سەری ناوەتەوە هەرچەند ئێمەی لە خۆی بێبەری کرد بەڵام ناوێکی بەرزی بۆ خۆی لە لاپەرە زێڕینەکانی مێژوودا تۆمار کرد.

لە وڵامی ئەو پرسیارە کە ژیان دوای شەهیدبوونی باوکی چۆنە بەم شێوەیە دوا:

دوای ئەو ژیانم سەخت بووە و چونکە زۆر کەلێن و ناتەواوی بۆ پڕدەکردمەوە، بە شەهید بوونی ئەو هەست بە کەلێنێکی گەورە لە ژیانمدا دەکەم و هەست دەکەم گەورەترین مامۆستای ژیانم لە دەست داوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژن ئەستێرە

# کریستیاوڵف ژنە نووسەری ئەڵمانی

وەرگێڕان: دایکی یەسنا



کریستیاوڵف بەناوبانگترین ژنە نوسەری ئەڵمانی سەدەی بیستەم، هەڵبەت وێرای "گونترگراس" لە گرینگترین کەسایەتیەکانی ئەدەبیات پاش شەڕی جیهانی دەژمێردرێن. ئەو نووسەرە کە ساڵی 1929 لە وڵاتی "لێهستان" لە دایك بووە. پاش شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا مایەوەو یەکێك بوو لەو کەسانەی دژی یەکگرتنەوەی دووبەشی ئەڵمان کاری دەکرد. وڵف هەر بەو هۆیەش لە لایەن رەخنەگرانەوە زۆر بە توندی کەوتە بەر هێرش بەڵام لای خوێنەران هیچ کات خۆشەویستی لەدەست نەدا. کریستیاوڵف یەکێك لە بەناوبانگترین نووسەرەکانی ئەڵمانیایە پاش شەری دووهەمی جیهانی. بەرهەمەکانی ئەو زیاتر لە هەموو ژنێکی ئەڵمانی زمان وەرگێردراوەتەوە سەر زمانەکانی دیکەی دونیا. ئەزموونی شەڕو جینایەتی نازییەکان ئەوی هەروەك زۆربەی هاوتەمەنەکانی, ئۆگرو هیوادار بە ئامانجەکانی کۆمەڵگەی سوسیالیستی کردبوو. وڵف هەرلەبەر ئەوە ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیای بەجێنەهێشت. تا کاتی تیك رووخانی دیواری برلین وەشوێن رێگا چارەگەلێك بوو بۆ ئاسایی کردنەوەی بارووودۆخی وڵات هەڵبەت بە دەسەڵاتدارێتی حکوومەتێکی سووسیالیستی. وڵف لە تەمەنی گەنجی دا بوو بەئەندامی حیزبی یەکگرتوویی سوسیالیستی ئەڵمانیا. ئەو ساڵی 1967 لە وتووێژێکدا راستەوخۆ رەخنەی لە سیاسەتی کلتووری حیزبەکەی گرت. ئەو کارەی بوو بە هۆی ئەوە کە بکەوێتە ژێر چاوەدێری هێزە ئەمنییەتییەکانەوە. ئەو ساڵی 1989 ئەگەرچی ئەندامی حیزبەکەی نەمابوو بەڵام هاوکات لەگەڵ هێندێك لە نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا وەك"ئەشتیفان هایم" چالاکیەکی بەرینی دژی یەکگرتوویی دوو ئەڵمان‌و پشتیووانیی لە سەربەخۆیی ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا وەڕێ خست. ئەو هەڵوێستەشی بوو بە هۆی ئەوەکە لە لایەن رەخنەگران و ڕۆژنامەوانانی ڕۆژئاواوە نازناوی نووسەری دەوڵەتی بەسەردا بڕدرێ.

ئەگەرچی ئەو نووسەرە بۆ ماوەی 20 ساڵ لە ژێر چاوەدێری دابووو چالاکییەکانی کۆنتڕۆڵ دەکرا. بەڵام بەردەوام پشتیوانی لە مافی هونەرمەندانی ناڕازی دەکرد. ئەو لە ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا بە تاوانی دەروونخوازی‌و ڕەخنە گرتن لە سەرەڕۆیی ئیستالینی کەوتبووە بەر هێرشی ڕەخنەگران‌و کاتی رووخانی بلووکی ڕۆژهەلات، بە تاوانی پشتیوانی لە سەربەخۆیی ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیاو ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگای سەرمایەداری فشارێکی یەکجار زۆری لەسەر بوو. پاش دەرکەوتنی بەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا ئەڵمانیا روون بووە کە هاوکاری غەیرە فەرمی ئەو لەگەڵ هێزە ئەمنییەتییەکان تەنیا نووسینی چەند ڕاپۆڕتێك بوو،کە لەوانیش دا هیچ شتێك دژی هیچ کەس هاتە.

وڵف پاش نووسینی"نۆلە رووسیەکا" لە ساڵی1961کە سرنجێکی زۆری بۆلای خۆی ڕاکێشا، یەکەمین ڕۆمانی خۆی لە ژێر ناوی "ئاسمانی دابەش کراو" بڵاو کردەوە کەلە هەر دوو ئەڵمان پێشوازی یەکی باشی کرا لەو ڕۆمانە دا کێشانی دیواری نێوان دوو برلین بوو بە باگراوەندی چیروکێکی ئەویندارییی. گەنترگراس بەراوەی خەڵاتی نوبلی ساڵی 1999 لەسەر ئاشنایەتی نێوان خۆی‌و وڵف‌و پەیوەندیی نێوان نووسەرانی دوو ئەڵمان دەڵێ: ئەو ناسین بە ئاسمانی دابەش کراو دەستی پێ کرد.

هەرگیز ناکرێ کریستیناوڵف نەخرێتە خانەی ئەدەبیاتی ئەڵمانی زمانەوە. ئەو یەکێك لەو کەسانەو هەر ئەوەش نیشانەی گرنگی ئەوە. پاش یەکگرتنەوەی دوو ئەڵمان سەرەڕای ئەو هەموو تانەو تەشەرەی لەسەری بوو هەروا درێژەی بە خوێندنەوەدا هەر ئەوەش جێگەی ئەو وەك نووسەرێکی گەورە راگرت. لێژنەی هەلسەنگاندنی خەڵاتی کتێبی ئەڵمان ساڵی 2002 یەکەمین خەڵاتی خۆیان بۆ رێزلێنان لە چالاکییە ئەدەبییەکانی وڵف و هەروەها بەو هۆیە کە بوێرانە لە باسەکانی یەکگرتنەوەی دوو ئەڵمان دا بەشداری کرد، پێشکەشیان کرد. وڵف لە بەرهەمەکانی دا لە جیاتی خستنەرووی وەڵامی ئامادە لەسەر پرسە مرۆیی‌و کۆمەڵایەتییەکان هەوڵی دەدا خوێنەر بەرەو بیرکردنەوە هان بدا.

هەر ئەوەش خاڵی جیاوازی بەرهەمەکانی ئەوە لەگەڵ ئەوشتەی کە بە ئەدەبیاتی فەرمی وڵاتانی سوسیالیستی ناسراوە.

روانینی ئاشتیخوازانەو گرینگی بە کێشەو پرسەکانی ژنان لە بەرهەمەکانی ئەودا جێگای سەرەکیان هەیە. وڵف لە هەندێك لە چیرۆکەکانی‌دا هەر وەك"کاساندرا"و "مەدەئا" کەسایەتیەکان‌و چیرۆکەکان‌و ئوستورەکان دەکا بە هەوێنی کارەکانی، کەسایەتی ئەو ژنانەی کە لە کۆمەڵگای پیاوسالارو شەڕلێدراو خراونەتە پەراوێزو یەکێکی دیکەیە لە باسە سەرەکیەکانی نووسینەکانی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org















کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کاریگەریی ئافرەتان لەسەر زمانی زگماکی

ئەمین گەردیگلانی

منداڵ هەر لە یەکەمساتی دەستپێکردنی ژیانییەوە بە تاڵە تیشکی ئەوین و عاتیفە بە دایکییەوە گرێ دەدرێ.دایک بەشێوەی فیزیکی و ڕۆحی و ئەخلاقی لە خزمەت ڕۆڵەکەیدایە و پەروەردەی دەکا. لە هەموو بارێکیشەوە دەتوانێ کاردانەوەی لەسەر منداڵەکەی هەبێ. ئەرکی دایک لەگەڵ ئەوەی زۆر پیرۆز و پاکە و جێگای ڕێزە، زۆریش ئەرکێکی قورس و گرانە و هەموو ئافرەتێک ڕێی ناکەوێ ئەو ناوە پیرۆزە و ئەو مەقامە بەرزەی بدرێتێ. چونکە ئەرکی دایک تەنیا بەخێوکردن و شیر پێدان و خاوێنکردنەوە نییە، گەشانەوە و پێگەیشتنی هەر نەتەوەیەک لە زانایی و تێگەیشتنی ئافرەتانی ئەو میللەتەوەیە. هەر نەتەوەیەک ئافرەتەکانی زانا و ڕووناکبیر بن، ئەو نەتەوەیە مەزن و ئازاد و سەربەرز دەبێ. پێناسەی بوون و زیندووبوونی هەر نەتەوەیەکیش زمانەکەیەتی؛ زمانیش لە دەست ئافرەتی ئەو نەتەوەیە دایە و دەتوانێ بیگەشێنێتەوە، یان بیفەوتێنێ.




با بە ئەوچاوە پڕهیوا و مەزنبینییەوە بڕوانینە نەتەوە و کۆمەڵی خۆمان و هەڵوێستەیەک لەسەر ڕۆڵی ئافرەتانی خۆمان بکەین و بزانین هەتا چەندە توانیویانە ئەو ئەرکە پیرۆز و مەزنە وەئەستۆ بگرن. ئافرەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەردەوام زوڵمی لێکراوە و داری هەموو دەردێکیان لەسەریدا شکاندووە، ژنبەژنە و گەورە بە چووک و بنپشک و بەردیلی و بەرخوێن و بنەتوو و دەیان جۆری دیکە ستەمی دەرهەق کراوە و تەنانەت بەشێوەی شەرعی فرۆشتووشیانە. بەداخەوە زۆرجار زوڵمەکان هەر لەلایەن ژنەوە دەرهەق بە ژنێکی دیکە کراوە و بۆتە بنۆسی چارەڕەشی و هەناسەساردیی هاوڕەگەزێکی خۆی. لەماڵێدا ئەگەر بۆرە دەسەڵاتێکی بووبێ داخی دڵی خۆی بە ئافرەتی بەردەستی ـ کچ و نەوە و بووک و خوشکی چکۆڵە و ... ـ خۆی ڕشتووە و هەر ئەوەی پیاو کردوویە ئەویش کردوویەتی. یان ژن بە خواستی خۆی و بەبێ زۆرەملی و ناچاری سەربەهەوێ شووی کردووە و بۆتە هۆی تاڵکردن و شێواندنی ژیانی ئافرەتێکی دیکە و ... با زۆر لە باسەکەمان دوورنەکەوینەوە، ئافرەت لەگەڵ ئەوهەموو دەرد و نەگبەتی و بێدەسەڵاتییەش، کاتێ بووە بە دایک، زۆر بەرپرسانە و دەرۆستانە شانی داوەتە بەر ئە ئەرکە پیرۆزە و منداڵی پێگەیاندووە. هەتا ئەمڕۆش زیندووڕاگری زمانەکەمان بوون و بەشێوەی زارەکی پەرەیان پێداوە و نەیانهێشتووە لەنێوبچێ. بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی ژیانی شارستانی و تێکەڵبوون لەگەڵ فەرهەنگ و زمانی بێگانان و دەروجیران، ئەگەر ئافرەتان وشیارنەبن و خۆ لەو ئەرکەمەزنە ببوێرن، بەڕاستی زمانەکەمان لەمەترسی دایە. لە کۆمەڵی ئێمەدا بەداخەوە ئافرەتان شەیدای زێڕن و ئەوەی بەلایانەوە سووک و کەمبایەخە متاڵا و خوێندنەوەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنانەت ئافرەتەخوێندەوارەکانیش زۆربەیان تووشی ئەو پەتایە بوون و هەن. چاو لە هەر دووکانی زێرینگەرێک دەکەی بە دەیان ژن لەبەر جامخانە و نێودووکانەکەدا جمەیان دێ، بەڵام دووکانی کتێبفرۆشی و جامخانەکەی بۆ نیونیگایەکیان وەختە سیوشکەی هەڵێ و کتێب چاوەڕوانە ئافرەت بە باڵی پەپوولەی چاوی، تۆزی سەر ڕوخساری لاپەڕەکانی بتەکێنێ.

ئافرەتانی ئێمە تا کەنگێ بەخۆدا نایەنەوە و ئەو کانزا زەردەڵە گڵاوە فڕێنادەن، کە هۆی تەواوی چارەڕەشی و دواکەوتن و سووکایەتییانە. ڕەنگە لەبەرچاوی تاقمێکی ناهیر و ئەقڵلەچاودا بتوانن خۆ بە ئەو خرموهوڕی تەنەکە و ئاسنەوالانەوە ڕازانێن و پۆزی پێوە لێدەن. ئایا بووە بۆ تاقەجارێک بیر بکەینەوە و لەخۆمان بپرسین ئەو تەنەکە زەردە بەکاری چیدێ و بۆچی دەبێ؟ هەتا کەنگێ ئەو کانزایە دراوێک بێ بۆ کڕین و فرۆشتنی ژنان و هەڵیان فریوێنێ؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ژن بە زانایی و تێگەیشتوویی و خوێندەواریی نرخ و بایەخی خۆی بەرێتە سەر و سەرنجی خەڵک ڕاکێشێ و بە زانست و بلیمەت بوونی تەنانەت خەڵک تووشی سەرسوورمان بکا؟

ئایا ئافرەتان قەت بیریان لەوەکردۆتەوە زێڕ چێشکەیەکی[1] هەڵخەڵەتێنەر بووە و داهێنەری هەرکام لەو زەمبەر و خشڵانەش پیاوە و بۆ دیلکردن و کڕینی ئەوان سازکراوە و پیلانەکەشیان زۆر سەرکەوتووانە بووە؟ بازنە خۆی جۆرە کەلەبچەیە بۆ دەست و باڵبەستنیان، گوارە ئەڵقە بە گوێبوونە، ملوانکەش زنجیرە و لە ملی کراوە، ئەوانەشی هەمووی لەلایەن پیاوەوە پێدراوە.

*«گوارەکەت ئەڵقە بە گوێبوونە، کەلەبچەی مەچەکت بازنەیە*
*تۆق و زەنجیر لە ملتدا وەکوو ملوانکەیە، کۆت پاوانە».*

یان هێندێ لە ئافرەتان هەستی ئیمان بەخۆبوون و ورەیان ڕووخاوە و خۆیان لە میللەتانی دیکە بە کەمتر دەزانن، کوێرانە و لەخۆڕا شەیدای فەرهەنگی بێگانە دەبن و فەرهەنگی دەوڵەمەند و پاقژ و زمانی ڕەسەنی خۆیان بەلاوە سووکە. (لێرەدا باس لەسەر ئافرەتانە دەنا ئەو پەتایە لەنێو پیاواندا باوترە) وشەی دایە و پووری و مامە و باوە و خاڵە کە لەباری مۆسیقایی و جوانیناسی و ڕەسەنییەوە ئەوەهەمووەجوانە، بە وشەی مەمان عەممە و خالە و عەموو و ئاغا و دایی دەگۆڕنەوە. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئافرەتانی هێژا بەخۆیاندا بێنەوە و هەستبەگەورەیی و مەقامی شایانی خۆیان بکەن و لەوەزیاتر خۆیان بە کالا و ئامرازی دەستی پیاوان نەزانن و پێیان وانەبێ ملکی پیاوانن و هەردەبێ ملکەچ و گوێلەمست بن؟ با لانیکەم خۆیان، وەک مرۆڤ و خاوەنی ماف و ئازادی چاو لەخۆیان بکەن.

**پێناسەی بوون و زیندووبوونی هەر نەتەوەیەکیش زمانەکەیەتی؛ زمانیش لە دەست ئافرەتی ئەو نەتەوەیە دایە و دەتوانێ بیگەشێنێتەوە، یان بیفەوتێنێ**

ئەگەر ژنان و کچانمان تێکەڵ زانست و خوێندنەوە بن و هەست بە گەورەیی خۆیان بکەن دڵنیام کۆمەڵگاکەمان نەک لەباری فەرهەنگ و داب و نەریتەوە، لە هەموو بارێکەوە گەشە دەکا و دەبێتە خاوەنی کۆمەڵگایەکی ڕەسەن و پێشکەوتوو. ڕادەی جینایەت و بێبەند و باریی لاوان و موعتادبوونیش دێتە خواری و تەنانەت زانایی ئافرەتان دەبێتە هۆی ڕیشەکێشکردنیشیان. ئافرەتان ئەگەر زانا بن و ئاسۆی بیر و ئەندێشەیان ڕووناک بێ، پەنا بۆ خۆکوشتن و خۆسووتاندن نابەن و بە چەکی بیر و باوەڕ و زانایی دژ بەوکارە ڕادەپەڕن کە بۆتە هۆی هیوابڕاوییان.

لەکۆتاییدا دەڵێم ئافرەت هەقی خۆیەتی شانازی بەخۆیەوە بکا، چونکە دایکە و دەبێتە دایک. دایکیش سەرچاوەی ژیانە و زمانیش لە ئاسۆی زانایی و ڕووناکبیریی دایکەوە گەشە دەکا. جارێکی دیکە دەڵێمەوە: پێناسەی هەر نەتەوەیەک زمانەکەیەتی و سەرچاوەی ئەو زمانەش ئافرەتە. دوا وتەشم ئەوەیە، خۆزگە ئەم قسانەی من ژنێک بینووسیبایە و من ناچار نەبوایەم جەوری ئەوان بکێشم.

**«تاکوو ژن زیزە لە ژینی شادی،**
**هەڵێنەمژیوە شنەی ئازادی**
**ئەم دڵەم هەردەبێ لانەی دەرد بێ**
**بیر و شێعرم دژی ڕەنگی زەرد بێ**
**ئەوەدەمە دێتە دی تاسە و کاوم**
**ژن بە ئازادی ببینێ چاوم.»**

وەرگیراو لە وێبلاگی نووسەر


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# یەکەمین ئەڤینی سەردەمی ڕێنسانس

وەرگێران: ڕەسووڵ سوڵتانی

گیزمۆندا و گیزکاردۆ، یەکەمین نەوەی ئەڤینداری سەردەمی ڕێنسانس بوون، کە بەبێ ئەوەی شەرم بکەن، زۆر ژیرانە و بەوپەڕی توانایانەوە بەهێزانە خۆیان کردە قوربانیی خۆشەویستیی یەکتر. "بۆکاچیۆ" نیزک بە حەوتسەت ساڵ لەمەوبەر و لە نێوەڕاستەکانی سەدەی چواردەی زاییندا و لە سەرەتای گڕوگاڵی بیرو هزری مرۆڤگەرایانەی ڕێنسانسدا، "دە چیرۆکی" لە کتێبێکا بە ناوی "سەفەرنامەی دە ڕۆژە" نووسیوەتەوە.

سەفەرنامەی دە ڕۆژەی "بۆکاچیۆ"

دە کەس لە ئەندامانی کۆشکێك، بۆ ڕاکردن لە دەست تاعوونی ڕەش لە کلیسای "سانتا ماریا نۆڤێلا"دا بڕیار دەدەن شاری فلۆرانس بەجێ بێڵن و ڕا بکەن. هەر لەو کاتە بە دواوە کورتە ڕۆمانەکانی ئیتالیا بە ناوی ئەو کلیسایەوە دەکرێن و نۆڤێلا و لە ناخی ئەمیشەوە نۆڤێل دێتە نێو بیاڤی ئەدەبیاتی ڕۆژئاواوە.

ڕاکردنی بەگزادە گەنجەکان بەرەو هاوینەهەوارێك لە دەرەوەی فلۆرانس دە ڕۆژی دەخایاند. بۆکاچیۆ سەت کورتە چیرۆکی بە بیانووی خافڵاندن و کات بەسەر بردن، لە زمانی پاڵەوانانی ئەو سەفەرنامەیەوە دەگێڕێتەوە کە حەوت ئافرەت و سێ پیاو بوونە.

پێداگرتنەوە لەسەر ئەزموونی تاکەکەسی و چێژوەرگرتن لە ژیانی سەر زەوی و هێنانە بەرباسی مەسەلەکان و کەڵکەڵەکانی عیشق و خۆشەویستی و جووتبوون و سەرەڕۆیی بە ئانقەست بەمەبەستی گاڵتەکردن بە مەزەب و قەشە شەڕلاتانەکان، لە لایەکی دیکەوە "سەفەرنامەی دە ڕۆژە" دەکاتە هێماگەلێکی ناسراوی بیرۆکەی سەردەمی ڕێنسانس.

بۆکاچیۆ لە یەکەمین نووسەرانی ڕۆژئاوایی بوو کە لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناڤیندا نەك هەر زۆربەی حیکایەتخوانەکانی لە نێو ژناندا هەڵبژارد بەڵکوو بابەت و کێشە و نەریتگەلی دژ بە ئافرەتی سەدەی چواردەی زایینیشی دایە بەر نەشتەری ڕەخنەوە.

لە چوارەمین ڕۆژی سەفەرەکەدا، چارەنووسی دڵتەزێن بەڵام پاڵەوانانەی یەکەمین ئەڤیندارانی ناخی بۆرژوای تازە پێگرتووی ڕۆژئاوایی، لە یەکەمین بەسەرهاتی دە چیرۆکەکەدا، لە زمانی ژنە بەگزادەیەکەوە بە ناوی "فیامتا" دەگێڕدرێتەوە.

بەگزادەیەکی ژیکەڵە و دڵڕفێن بە ناوی "گیزمۆندا" بە بڕیاری باوکی دەدرێتە نەجیمزادەیەکی پیر و دوای ماوەیەکی زۆر کورت، کە مێردەکەی دەمرێت، دیسان دەگەڕێتەوە دیوەخانی باوکی. گیزمۆندا بەو پەڕی وریایی و چاوکراوەییەوە بڕیار دەدا لە نێو دەستوپێوەندەکانی باوکیا پیاوێك وەك گراوی هەڵبژێرێت. گیزمۆندا بە زیرەکی و چاوقایمیی خۆی و لەو پەڕی نهێنیدا، دڵ بە گەنجێکی تا بڵێی هەڵکشاو و پوختە بە ناوی "گیزکاردۆ" دەسپێرێت. لەمەودوا هەموو ڕۆژێ بە لار و لەنجە و نیونیگای دڵڕفێن و حەز و گڕۆیی خۆی کە سات بە سات بڵێسە دەستێنێت، گیزکاردۆ تێ دەگەیێنێت.

گیزکاردۆی زیرەك و تێگەیشتوویش دڵی دەچێتە سەر گیزمۆندا و دەکەوێتە داوی ئەڤینییەوە. گیزمۆندا لەمەودوایش هەروا جڵەوی ئەو ئەڤینەی بە دەستەوەیە. ئەوە گیزمۆندایە گە بۆ یەکەمین جار لە ڕێگەی نامەی نهێنییەوە بە فەرمی ئەڤین و خۆشەویستیی خۆی بە کوڕە گەنجەکە ڕادەگەیێنێت. ئەوە گیزمۆندایە کە لە نێو کۆشکی شایانەیاندا دەرگایەکی شاراوە و ڕێچکەیەکی نهێنی دەدۆزیتەوە. ڕێگەیەکی نهێنی کە وای لێ دەکا کە لەوێوە گیزکاردۆ پەلکێشی ژوورەکەی خۆی بکا.

ئەوە گیزمۆندایە کە لە نێو ئەو هەمووە نەجیمزادە دەوڵەمەند و خواپێداوەی دیوەخانەکەی باوکیا، پشت دەکاتە بایەخ و پێوەرەکانی بەگزادەیی و عاشقی کابرایەکی کارەکەری دیوەخان دەبێت کە هیچ لەوانە نیە کە بەروپشت ئەتڵەسن و ڕەسەنزادە نین، بەڵام لە ڕووی هۆش و تێگەیشتنەوە سەرتۆپی هەموانە. قۆناغی زۆر دڵبزوێن و پڕ لە چێژی دوو ئەڤیندار و وردەکارییەکانی نێو چیرۆکەکە لە جۆری خۆیدا و لەچاو قۆناغ و سەردەمەکەی خۆی، شتێکی بێ هاوتایە.

بە هۆی ئەوەوە کە باوکی بەسەریاندا دێت، تراژیدیای ئەڤینی مرۆدۆستانەیان لە ژوورەکە گیزمۆندادا تەمەنێکی کورتی دەبێ. باوکی دوای ئەوەی بەسەریاندا دەچێت، بەبێ هیچ قسەوباسێك لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە. باوکە لەو پەڕی ڕق و تووڕەییدا دەمودەست فەرمانی دەستبەسەرکردنی گراویی کچەکەی دەردەکا.

لەوێوە بە پێچەوانەی تەواوی ئەو چیرۆك و بەسەرهاتە باوانەی لەسەردەمی خۆماندا بەردەوام دەیانبیستینەوە، ئەو دوو ئەڤیندارە بەوپەڕی چاوکراوەیی و ئازایەتییەوە بەرگری لە خۆشەویستییەکەیان دەکەن. گیزکاردۆ بە چەند ڕستەیەکی کورت لە هەنتەشی تووڕەیی و هەڕەشەکانی باوکی گیزمۆندادا، لەسەر خۆشەویستییە ڕاستەقینەکەی خۆی بەجواب دێت و ناشترسێت لەوەیکە گیانی لەسەر ئەو خۆشەویستییە دابنێت. ئەو لە وەڵامی هەڕەشەکانی سەرۆکەکەیدا دەڵێت:" ئەڤین و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆشەویستی لە هەردووکمان بەهێزترە".

گرنگترین بەشی چیرۆکەکە، وتووێژ و چەلەحانێی دووروودرێژ و پڕ لە بەڵگەهێنانەوە و مەنتیقیی گیزمۆندایە کە وەک مرۆڤێک لە هەنتەشی باوکیدا لەسەر مافی خۆی بەجواب دێت. ئەو بەوپەڕی تواناوە رادەگەیێنێت کە چۆن وەکوو هەر مرۆڤێکی دیکە ئەویش لە جەستە و رۆحێکی زەوینی ساز کراوە و پێویستیی بە چێژێکە کە مافی هەموو گەنجێکە. دوای ئەویش بە شوێن ڕێگەیەکی باش و ڕێزدارانە و بە پێی پێویستیش نهێنییەوە بووە بۆ ئەوەی بە کەمترین هەڵەوە بە مەبەستەکانی خۆی بگا. گیزمۆندا تەنانەت بەرگری لە هەڵبژاردنی گراوییەکەشی دەکا.

باوکە، هەر ئەوەندە بەسە چاوێک بەسەر دەستوپێوەندەکانتا بخشێنیت بۆ ئەوەی بۆت دەربکەوێت کە ئەگەرچی گیزکاردۆ لە رووی رەسەنایەتی و دەوڵەمەندییەوە ناگاتەوە ئەوان، بەڵام کەسایەتی و خاکەڕایی و نیازپاکی و ڕاستگۆیی ئەو لە سەرووی هەموانەوەیە. ئەمن نە داوای لێبوردن دەکەم و نە هیچ شتێکیش. ئەمن گیزکاردۆم خۆش دەوێ و تەنانەت مەرگی ئەمنیش لەو خۆشەویستییەم دانابڕێت."

باوکە، کە لە هەموو لایەکەوە داماوە و سووک کراوە، تەنیا بە کوشتنی گیزکاردۆ بڵێسەی ئاگری تووڕەیییەکەی دادەمرکێتەوە، هەر بۆیەش بەوپەڕی دڵڕەقییەوە فەرمان دەدا دڵی گەنجەکە لە سینەی بێننە دەرەوە. دوای ئەوە لەسەر فەرمانی ئەو دڵی کوڕە گەنجەکە لە دەفرێکی جواندا وەک دیاری دەنێرێتە ژووری کچەکەی و...

گیزمۆنداش پێشتر ژەهرێکی ئامادە کردووە و بەبێ هیچ نووزانەوە و گریانێک و تەنیا بە مەبەستی بەشداربوون و دانەبڕان لە گراوییەکەی، دڵی خۆشەویستەکەی ئەسرینباران دەکا و لە نێو نوێنەکەی خۆیا و لە تەنیشت دڵی گراوییەکەوە گیانی دەردەچێ.

ن: ونداد زمانی

# ئێستاش
# ئەستێرەم خۆش دەوێ

باران

سەماوەرەکەم پڕکردەوە لە ئاو .... هەستم کرد چاوی لەسەرم لانابا. بۆیە دەستم تێک دەئاڵاو سەماوەرەکە لەبەری رژا...

ویستم برۆمە دەرەوە... وتی دەتوانی چەند دەقەیەک نەڕۆی کارم پێتە! دڵەکوتە دای گرتم. یەکەم جاریش نەبوو کە دیبووم. هەتا دەهاتە ئەوێ سەرێکی لە ماڵی ئێمە هەڵ دێنا. راوەستام و وتم فەرموو... وتی لەپێش دا پرسیارێک! ئەو ئەستێرانە کاری خۆتن؟[1] وتم بەڵێ. پێش ئەوەی درێژە بە پرسیارەکانی دیکەی بدا وتم ئەستێرم پێجوانە... بە دەنگێکی نزم وتی: کەواتە ئەوەی بیستوومە راستە! ... وتی ئەگەر هەبێ پێویستم بە یەک دوو لاپەڕ کاغەزی سپی یە. هەر لەو ژوورەدا گۆشەی فەرشەکەم هەڵداوە و دەفتەرێک کە هەر جارە لە جێیەک دەمشاردەوە، دەرهێنا و 4 لاپەڕ کاغەزی سپیم بۆ لێکردوە و دامە دەستی. ویستی دەفتەرەکەی پێبدەم لە سەری بنووسێ... بەڵام ... کتێبێکی مەم و زینی ئەحمەدی خانی . کە من لەو کتێبەوە فێری خوێندنەوەی کوردی بووم . دامەدەستی بۆ ئەوەی لەسەری بنووسێتەوە. بە پێکەنینەوە وتی نهێنییەکیشت ئاشکرا بوو. وتم گرنگ نیە شتی نهێنیی تیا نیە. وتی ئەوەنیە ئەستێرەیەکیش بە بەرگی دەفتەرەکەوەیە! .... وتم پێت، ئەستێرەم پێجوانە! ئێوارە لە کاتی ماڵئاوایی ئەو و هاوڕێکانی، کاغەزێکی پێچراوەی هەر لە لای دایکم دایە دەستم.

دایکم چاوێکی لێکرد و وتی وازی لێ ناهێنن، تا بەڵایەکی بە سەر دێ!

دوای رۆیشتنیان کاغەزە پێچراوەکەم کردوە.... لاپەڕێک پڕ لە وشەی جوان ، بەڵام ئەو هەموو وشە جوانانە هەر نەیانتوانی خۆشەویستی و جوانیی ئەستێرە لەلام کەمڕەنگ بکەنەوە.

**(1) گۆشەی هەر قاپی عەکسێک ئەستێرەیەکم بە کاغەزی رەنگی بڕیبوو و خستبوومە نێو شووشەی قاپەکەوە.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چ بێ وەفایە....

فوزیە سولتان بیگی

بەسەر جەستەما پیاسە دەکات نمەی باران
بێ ئەوەی بۆنی گوڵێکی غەمگین و
هەناسەی با ئاوێتە بن

بۆنی گوڵێکی هەڵوەریو دەدەم و
کەس کۆم ناکاتەوە
بۆنی دڵێکی شکاو دەدەم و
کەس ئاشتم ناکاتەوە
بۆنی یاخیبوون دەدەم  لەم هەمووە بۆنە و
کەس نامبیسێ

مخابن باڵندە نیت!
باڵەکانت بکەیتە سەوڵ وبمپەڕێنیتەوە
لە گێژاوی بۆن

مخابن باڵندە نیت
لەشەقەی باڵ دەیت.
لە کوێ هەناسەی بەرد نابیسرێ
هێلانەیەکم بۆ چێ کەیت لە تریقەی کارین
پڕ پڕ بێت لە گروگاڵی حەسانەوەم

کە تۆ باڵندە نیت!!
چیت داوە لە سەر گەردانی ناو کاکەشانەکان
چیت داوە لە گوناهی زەمین
چیت داوە لەم هەمووە باڵە فرکێیە؟!

هاکا فتوای سەنگسارم درا
ڕەنگە ئەو هاورێیەی بە نووکی قەڵەم نان و فمنیزم دەخوات

یەکەم کەس بێت یەکەم بەرد دەگرێتە مێشکم
ڕەنگەلاشەم بسپێرن بە بەفرەکەی پار
بێ ئەوەی شەقامێ،کۆڵانی،گەرەکێ هەلگری ناوم بێت

چ بێ وەفایە شەقام ...
چ بێ وەفایە کۆڵان...
چ بێ وەفایە گەرەک....
ئەم هەمووە پیاسە ئاشقەم بەخشیە دەمەو ئێوارانیان
دەریغ لە پەیکەرەی ئارەزوویەکم

مخابن باڵندە نیت
ئەڵقەرێزی ئەم گوومبەزە بەردینەم لێک بترازێنی
هەڵفرینم بگاتە ئەوبەری بێرەنگی

کە تۆ باڵندە نیت ئەی روح!!!!
چیت داوە لە قەفەسی جەستەم
وەرە با هەڵفرینێک سەفەر کەین.
وەرە با عیشوەی ئەو هەنارە هەڵفرین
بەدەم سەمای سووربوونەوە رەجم کرا

وەرە تەفسیری حەیای رووسەرییەک هەڵفرین
خەونەکانی پڕن لە جریوەی گوڵ گوڵی

کەس سەرەڕۆیی رووبارناخوێنێتەوە
کەس بێ وڵاتی رووبار رەنگ ناکات
هیچ سنوورێک گیرفانە پر لە سەرەفەکانی رووبار ناپشکنێ
زەمەنێکە قاچاخی چاوەکان دەکات

هاکا فتوای رەجمم درا
کووچەکانی ئاسمان پڕن لە بن بەست
وەرە سەرەرۆیی
رووبارێکی بێ وڵات هەڵفڕین!...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کتێبی وەسوەسەی سێو

هۆنراوەی: ناڵە عەبدولڕەحمان
لێکدانەوە: ڕەسووڵ سوڵتانی



دووهەمین کۆ شیعری خاتوونی شاعیر ناڵە عەبدولڕەحمان بە ناوی (کتێبی وەسوەسەی سێو) چاپ و بڵاو بووەوە. ئەو کۆ شێعرە کە لە قەبارەی کتێبی گیرفاندا چاپ کراوە و ئەو بەشە لە شێعرەکانی ناڵە لە خۆی دەگرێت کە دوای ساڵی 2005 هۆنیونێتەوە، دەکرێ هەر وەك درێژەی ئەو جیهانبینییە سەیری بکەیت کە لە کتێبەکەی پێشوویا واتە "ئەو پیاوانەی لە ناو ڕەنگی تابلۆکانم سەما دەکەن"دا ئاسمانی هۆنراوەکانی ناڵەی تەنیوەتەوە. شاعیر لە یەکەمین کتێبیشیدا پیاو یەکێکە لە کاراکتەرە سەرەکییەکانی نێو هۆنراوەکانی. ئەویش نەك پیاوێکی دیاریکراو کە هەوێن و بزوێنەری هەستی شاعیرانەی ئەو بێت، بەڵکوو پیاو لەوێدا ئەو روخسارە گرژەیە کە مێژووی یەکسەر بەناوی خۆیەوە کردوە و تەنانەت دەسکەوتەکانی ژنیشی بە ناوی خۆیەوە خستووەتە روو. پیاوێك کە ژن تەنیا و تەنیا وەکوو جەستەیەکی دەبینێت و لەو دیوی جەستەیەوە بیر لە هیچ شتێك ناکاتەوە. ئەوەتا دێڕی یەکەمی یەکەم شیعری کتێبی "وەسوەسەی سێو بەو شێوەیە دەست پێ دەکا:"تۆ لە قەڵای هەر ژنێکا دەواری شەهوەت هەڵ دەدەی،،، گوڵێك دەچنی...". وشەی "تۆ" لە سەرەتای یەکەم دێڕدا ئاماژەیە بۆ کەسێك لە رەگەزێکی دیکە، رەگەزێکی جیاواز لە رەگەزی شاعیرەکە. ئەو کەسە دیارە پەلاماردەرێکی چاو برسییە.

کەسێك کە تەنیا وەکوو زەوییەك بۆ زەوییەك بۆ حەسانەوەیەکی کاتی کاتی سەیری جەستەی ژن دەکا. دەکا. جەستەی ژنیش بە قەڵایەك قەڵایەك چوێنراوە کە ئەو "تۆ"یە "تۆ"یە چاوی تێبڕیوە و تەماحی تەماحی ڕێنیشتوە. قەڵا ئەگەر لە لە لایەکەوە رەمزی خۆ ڕاگری بێت، بێت، لە لایەکیشەوە هێمایەکە بۆ بۆ شتێکی کە بەردەوام هەرەشەی هەرەشەی گیران و داگیرکردنی لەسەرە. هەرەشە لە لایەن هێزێکەوە کە لە دەرەوەی قەڵاکەوە قەڵاکەوە چاوی تەماحی تێبڕیوە. تێبڕیوە. دەیەوێت دەرگاکانی بشکێنێت و دەستی بەسەردا بگرێت بگرێت و خێوەتی شەهوەتی تێدا تێدا هەڵ بدات. خێوەت، هێمایەکە هێمایەکە بۆ پشوودان و حەسانەوەیەکی کورت خایەن. شاعیر ناڵی لەو قەڵایەدا حەز دەکەیت ماڵێك ساز بکەیت لە





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەهوەت. خۆ لەوانەیە ماڵ پان و پان و بەرینتر بێت و شتی زیاتر لە خۆ بگرێت، بەڵام ماڵ واتە مانەوەی بەردەوام و درێژخایەن و ئەوەش لەگەڵ جەوهەری شەهوەتدا یەك ناگرێتەوە. کەوابوو وشەی "خێوەت" لێرەدا کۆڵەکەی سەرەکیی رابوونی وشەکانی ئەو رەستەیەیە.

ئەوەی ناڵە عەبدولڕەحمان بەردەوام لە نێو هەوێنی شێعرەکانیا دووپاتەی دەکاتەوە، ئەو بیرەوەرییە تاڵەیە کە یادەوەریی ئەو جێ ناهێڵێت. ئەو "من"ەی کە شاعیر باسی دەکات و یادەوەرییەکەی بەردەوام لەبەر حوزووری پیاوێکی داگیرکەر و جەستەپەرست شێواوە، تەنیا شاعیر خۆی نیە، بەڵکوو "من"ەکە هەموو ژنانی کۆمەڵگای پیاو سالار لەخۆ دەگرێ و لە زمانی ژنانی کۆمەڵگەوە هێمای پرسیارە لەبەردەم ئەو راسپیۆتینانەدا دادەنێت کە لە کۆشکی ئەلیزەدا بازرگانی بە خوێنی ژنەوە دەکەن. راسپۆتین لێرەدا جیاوازە لە کەسایەتییەکی مێژوویی بەو ناوەوە. لێرەدا تەنیا خەسڵەتە ناشیرنەکانی ئەو پیاوە مەبەستە کە یەکێك لەو خەسڵەتانە گرنگیدانە بە لایەنی جەستەیی ژن و لەبیرکردنی گەورەیی رۆحی ژن.

یەکێکی دیکە لە رەگەزە زاڵەکانی نێو هۆنراوەی ناڵە "سێو"ە. سێو هێمای گوناهی حەوایە. بەڵام ناڵە دەیەوێ ئەو گوناحە لە بەرۆك و لە ئەستۆی سێو دارنێت و پاکێتیی سێو بسەلمێنێت. ئەو گەرەکیەتی لەگەڵ پاکێتیی سێودا پاکبوونی ژنێتیی خۆیشی بسەلمێنێت. ئەو پێی وایە ئەوەی حەوا کردوویەتی گوناح نەبووە، بەڵکوو راستییەك بوو کە راپەڕاندنەکەی لە ئەستۆی ئەو بووە. ئەو بە هۆی خواردنی سێوەکەوە رزگار بووە لە کۆت و زنجیری بەهەشتێکی فریودەر. هەر بۆیە شاعیر دەڵێ:"پیاوان لە داهێنانی قەفەزی ئاسنینا میداڵی شەرەفیان وەرگرت".

بە گشتی شێعری ناڵە شێعری بەرنگاربوونەوەی دوو دنیای لێکدابڕاوی نێوان ژن و پیاوە. دوو دنیا کە شاعیر پێی وایە شەهوەتپەرستیی پیاو لێکی ترازاندووە و تەنیا ئەو کاتە یەك دەگرێتەوە کە پیاو ئیمان بێنێت بە گەورەیی ژن بە دوور لە جەستەی. هەتا ئەو رۆژەی پیاو ئەو گەورەیی و مەزنییەی رۆحی ئافرەت نەبینێت، ناتوانێ لە گەوهەری وجووی ژن تێ بگات و هەتا ئەو کاتەیش ئەو دوو دنیایە هەر وا لێك جیاواز دەبن.

شێعری ناڵە بە زمانێکی شاعیرانە کۆمەڵگەی دەورووبەر و ئەو راستییەمان بۆ شی دەکاتەوە کە شاعیر تێیدا دەژێیت. ئەوەیە ئەو زمانە ستاتیکییەی کە داڕێژەرانی تیۆریی ئەدەبیات پێی دەڵێن زمانی شاعیرانە و زمانێك کە هەم زمانی خەڵکیانەیە و هەمیش لە زمانی خەڵك بە دوورە. شاعیر کەڵکی هەر لەو وشانە وەرگرتووە کە رۆژانە خەڵك بەکاریان دێنن بەڵام کە لە پێکهاتەی رستەیەکی هونەریدا ئاوێتەی موسیقایان دەکات و تێکیان هەڵدەشێلێ، ئیتر لە زمانی خەڵکی ئاسایی، یان باشترە بڵێم لە زمانی ئاسایی قسەکردنی رۆژانەی خەڵکی دوور دەخاتەوە. بۆ وێنە لە تابلۆی حەوتەمی شێعری حەوت تابلۆدادەڵێ:"

ژنێك بۆ عاشقە هەرزەکارەکەی
دەنووسێ/
لە وشکبوونم مەترسە/
من هەمیشە رەگێکم هەیە بۆ ژیانەوە".

لێرەدا شاعیر دیسان لە زمانی ئەو ئافرەتانەوە قسە دەکات کە بە نابەدڵی و بە زەبری بڕیاری باوك و عەشیرەت بە شوو دراون و ئەوان چارەنووسی ژیانی هاوبەشییان بۆ دیاری کردووە و نەیانهێشتووە بەو کەسە بگات کە بەراستی خۆشی ویستووە. بەڵام شاعیر وەك جاری جاران کە لە گۆرانیدا پیاو بە ئافرەتی دەگوت "دایکی حەوت کوڕ بی هەر بە تەمام" نایە راستەوخۆ بڵێ: هیوات تا مردن لە دڵمایە. چونکە ئەگەر وا بڵێت ئیتر چ جیاوازییەکی لەگەڵ زمانی رۆژانەمان دەبێت؟ نەخێر ئەو دێت و بە زمانێکی ساکار بەڵام شاعیرانە و هونەرییانە پێی دەڵێت: من دارێکم و هەمیشە رەگێکم لە چەمی ئەو خۆشەویستییەدا دەمێنێتەوە و لە بچووکترین هەل و دەرفەتدا هیوای سەرهەڵدانەوەم لێ دەکرێت و بێ هیوا مەبە.

ناڵە عەبدولڕەحمان ساڵی 1979 لە قەڵای هەولێر لە دایك بووە. ساڵی 91 دەستی بە هۆنینەوەی شیعر کردووە.

ئەوەش بەرهەمەکانێتی:

*. وەسیەتەکانی هەڵم ـ نامیلکە شیعری بەکۆمەڵ 1997
*. سەمای شووشەیی ئاهەنگە ئاسمانییەکان شیعر 2001
* ئەو پیاوەی لە ناو رەنگی تابلۆکانما سەما دەکات 2009
* کتێبی وەسوەسەی سێو

**شەوشاد**

من کە خەوم نایە
با تۆش پەپولەی چاوەکانت خەوبەریاننەدا
مەڵێ شەوشاد........
من کە سەدەیەکە چاوەکانم بەخشیوە
زەمەنی بێداری سێو
لەسەدەیەکی تردا خەو بەنوستنەوە
دەبینم...
تۆڵێرە بنوو لەسەر سەرینی گەڵادا
خەوبیینە بە نیشتمانی ژنەوە..
من لەویدا سەبەتەیەك گەڵا
بەوەرزە شلۆێکانتا هەڵداوەسم
تا خەونت پڕ کەم لە هەناسەی سەوزبوون
من لەوێ چاوەکانمك پاسەوانی مانەوەتن
لە مەملەکەتی عەشقدا
تۆڵێرە دەزووی فڕین بەرمەدە
موسافیربە کوڕی قەڵات
بەرەو سەوزەڵانی ماچ... مرۆڤبوون........

*ناله*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org












# راپۆرت و هەواڵ
















کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەتا پەنجای ژنانی لەشفرۆشی تاران ئێیدزیان هەیە

وەزیری بهداشت و دەرمان و ئامووزشی پزشکیی کۆماری ئیسلامی رای گەیاند کە بە پێی ئەو تاقیکردنەوانەی کە لە سەر ئەو ژنانەی کە بەوتەی خۆیان بە کاری لەشفرۆشییەوە خەریکن کراوە، دەرکەوتوە کە پەنجا لە سەدیان نەخۆشیی ئێیدزیان هەیە. ناوبراو هەروەها گوتی کە هەرکام لەو کەسانە دەتوانن لە ساڵدا پێنج کەسی دیکەش تووش بکەن.




مەرزیە وەحید دەستجردی رێژەی تووشبووان بە نەخۆشیی ئێیدزی لە ئێران کە تا ئێستا ناسێندراون بە 20 هەزار و 250 کەس ناوبردوە و رایگەیاندوە کە شیمانە دەکرێ کە رێژەی راستەقینەی تووشبووان بە ئەیدز لە 80 هەزار کەس زیاتر بێ.

بە وتەی دەستجردی نیزیک بە 92 لە سەدی تووشبووان پیاو و 8% دیکەش لە ژنان پێک دێن.

بەڵام کارناسانی پزیشکی لە سەر ئەو باوەڕەن کە ژمارەی توشبووان بە ئێیدز لە ئێران زۆر لەوە زیاترە.

بە وتەی ناوبراو لە رابردوودا ئەم نەخۆشییە لە رێگای تەزریقی تووشبووانی ماددە سڕکەرەکان لە کۆمەڵگادا بڵاو دەبووە بەڵام ئێستا زیاتر لە رێگای پێوەندییە سێکسەکانەوە بڵاو دەبێتەوە.

دەستجردی هەروەها گوتی کە لە ئێراندا هیچ چەشنە پەروەردەیەک لە بواری پێوەندیە سێکسیەکان دا بۆ لاوان نیە. ئەو وتانەی وەزیری بێهداشتی کۆماری ئیسلامی لە حاڵێک دا دەکرێ کە زیاتر لە ساڵێکە دوو دوکتور کوردی خەڵکی کرماشان، واتا برایانی عەلایی کە لێکۆڵینەوەی زانستییان لە سەر نەخۆشیی ئێیدز دەکرد، لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە گیراون و لە بەندیخانە کراون.

# تەڵاق و جیابوونەوە لە ئێران 14% زیادی کردوە

خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێران بەردەوام لە پەرەسەندن دان.

بە پێی ئاماری رێکخراوی سەبت و ئەحواڵی ئێران ساڵی 88 ی هەتاوی رێژەی تەڵاق و جیابوونەوەکان لە چاو ساڵی پێشتری 13.8% زیادی کردوە و لە بەرامبەر دا ئاماری پێکەوەنانی ژیانی هاوبەشیش لە کەمی داوە.

بە پێی راپۆرتی هەواڵدەریی فارس و بە سەرنجدان بە راپۆرتەکەی رێکخراوی سەبت و ئەحواڵی ئێران لە ساڵی 88 ی هەتاوی دا 125هەزار و 747 ژیانی هاوبەش لە بەر یەک هەڵوەشاون. لەو رێژەیە 107 هەزاری لە شارەکان و 19 هەزار تەڵاقیش لە گوندەکان رووی داوە.

کارناسانی کۆمەڵایەتی چەند ساڵێکە بەردەوام بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەوە وریا دەکەنەوە کە خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران لە حاڵی تەقینەوە دان.

شایانی باسە کە بەرزبوونەوەی ئاماری تەڵاق و کەمبوونەوەی رێژەی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش لەهەر کۆمەڵگایەک دا پەرە بە دیاردەی فەساد و زۆر دیاردەی نەشیاوی کۆمەڵایەتیی دیکە دەدا.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پارێزەرەکەی سەکینە ئاشتیانی ئەحمەدی نەژادی لە وەدەرۆ خستەوە

پارێزەری سەکینە محەمەدی ڕایگەیاندوە کە قسەکانی ئەحمەدی نەژاد لە سەر پەروەندەی بەردەباران کردنی ئاشتیانی لەگەڵ بڕیاری ناوەندە قەزاییەکانی کۆماری ئیسلامی تەواو جیاوازییان هەیە. پارێزەری سەکینە محەممەدی 19ی سێپتامبر لە وتووێژێک دا قسەکانی ئەحمەدی نەژادی بە ناراست لە قەڵەم دا کە لە دیمانەیەکی تەلەویزیۆنیدا لەگەڵ ئەی بی سی ڕای گەیاندبوو کە هیچکات سەکینە محەممەدی سزای بەردەبارانی بەسەردا نەسەپاوە. ئەم وتەیەی ناوبراو بەپێچەوانەی وتەی هەموو بەرپرسانی قەزایی ئێران بوو



کە بە ئاشکرا ڕایان گەیاندبوو سەکینە محەممەدی سزای بەردەبارانی بەسەردا سەپێندراوەو ئێستا پەروەندەکەی لە دیوانی بەرزی ئێرانە. سەکینە ئاشتیانی بە تاوانی زینای موحسەنە لەلایەن ناوەندی قەزایی ئێرانەوە سزای بەردەبارانی بەسەردا سەپاوە. ئەحمەدی نەژاد سەرەڕای ئەوەی کە بەرپرسانی قەزایی ئێران بە ئاشکرا باسی ئەم حوکمە قورسەیان کردوە و لە ژێر فشاری کۆمەڵگای جیهانی دا جێبەجێ کردنی ئەو حوکمەیان ڕاگرتوە، بەڵام ئەحمەدی نەژاد ئیدیعای ئەوە دەکا کە هیچکات سەکینە محەممەدی سزای بەردبارانی بەسەردا نەسەپاوە و ئەوە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بوون کە ئەو هات و هاوارەیان ساز کردوە. شایانی باسە کە ئەحمەدی نەژاد لەم دیمانە تەلەویزیۆنییەدا وڵاتانی ئوروپایی لە مەسەلەی سەکینەدا بە تاوانبار ناوهێنا و ڕایگەیاند کە ئەمان لە ڕێگە ڕاگەیەنەکانەوە مەسەلەکەیان بەتەواوی ئاڵۆز کردوە.

# نامەی محەمەد مستەفایی بۆ سەرۆکی وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران دا

محەمەد مستەفایی پارێزەری ئێرانی کە لەم دواییانەدا لە بەر زەخت و فشاری کۆماری ئیسلامی ئێرانی بە جێ هێشتوە، نامەیەکی بۆ سەرۆکی وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتوەکان نووسیوە. ناوبراو لەو نامەیەدا ڕوو لە بەشدارانی کۆبوونەوەی کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان نوسیویەتی کە کۆماری ئیسلامی لە سێ دەیەی ڕابردوودا نە تەنیا هیچ ڕێزێکی لە ئەسڵە سەرەتاییەکانی مافی مرۆڤ و یاسا نێونەتەوەییەکان نەگرتوە کەچی ئەو یاساگەلەش کە لە مەجلیسی ئێراندا پەسند کراون و بە شێوەیەک ڕێزی لە مافی مرۆڤ گرتوە، پێشێل کردوە و بە بەکار بردنی هێز مافی میلیونان لە خەڵکی ئەو وڵاتەی پێشێل کردوە.

کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە بە شێوەیەکی سەرەڕۆیانە دەستی داوەتە کوشتن و ئیعدام کردنی خەڵک نارازی. بۆ وێنە لە ساڵەکانی دەیەی شەست دا هەزاران کەس لە نارازییانی سیاسیی لە زیندانەکاندا ئیعدام کرد و گۆرستانی خاوەرانی تاران شوێنی بە خاک سپاردنی ئەو ئیعدام کراوانەیە. مستەفایی هەروەها نووسیویەتی کە ئێران لەو وڵاتانەیە کە منداڵانی ژێر هەژدە ساڵی تێدا ئیعدام دەکرێ. بەردباران، کوێر کردنی چاو، بڕینی دەست و لاق و ئەندامەکانی لەش لەو سزاگەلەیە کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوە دەچن.

ناوبراو وەبیری هێناونەتەوە کە لە سێ دەیەی ڕابردوودا زەخت و فشاری ناوەندە ئەمنییەتیەکانی کۆماری ئیسلامی بووەتە هۆی ئەوەی کە سەدان هەزار کەس لە خەڵکی ئێران وڵاتەکەیان بە جێ بهێڵن و ڕوو لە وڵاتانی دیکە بکەن کە زۆربەیان لە دۆخێکی خراپدا دەژین و پێویستیان بە یارمەتی هەیە. ناوبراو لە بەشێکی دیکەی نامەکەیدا دەنووسێ کە لە ئێراندا باس لە کێشەکانی ژنان و هەبوونی هەڵاواردن بە دژی ژنان لە یاسای کۆماری ئیسلامی دا دەکا و دەڵێ ئەو یاساگەلە بە هیچ شێوەیەک لە گەڵ ئەسڵە سەرەتاییەکانی مافی مرۆڤدا نایەتەوە و بە شێوەیەک لە کۆیلەداری دەچێ. کۆماری ئیسلامی بەشێکی زۆر لە داهاتەکانی فرۆشی نەوت، ژێرخانە ئابوورییەکان، مخابرات و سەدا و سیمای بۆ بە هێز کردنی دەسەڵاتی نیزامیی خۆی بە کار دەبا. ئەو داهاتانە لە ناوەندەکانی ئەمنییەتی و سوپا و بەسیج دا بۆ دەسەڵاتی زیاتر لە ئاستی جیهانی و ناوخۆییدا بە کار دەبا. ئەوەش لە حاڵێک دایە کە زۆربەی خەڵکی ئێران لە هەژاری دا دەژین و لە هەموو مافێک بێ بەرین.

محەمەد مستەفایی لە کۆتایی نامەکەیدا دەنووسێ کە پرسیار ئەوەیە کە حکومەتێک و ڕێژیمێک کە خەڵکەکەی بەرەوەرووی ئیعدام، بەردباران و ئەشکەنجە دەکا و چالاکانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسان و خوێندکاران وکرێکارانی لە زیندان دەخا، چۆن دەتوانێ باس لە عەداڵەت و ئاشتی لە جیهاندا بکا؟ ناوبراو وەک دوا وتە هێناویەتی کە ئەوەی لەو نامەیەدا باس کراوە تەنیا دڵۆپێک لە ئێقیانووسێک لە زوڵم و ستەمی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی ئێرانە. بۆیە وەکوو پارێزەرێک کە هەموو ئەوانەی ساڵەها بە چاوی خۆی دیوە داوای لێ کردوون کە ڕێگە نەدەن کە کۆماری ئیسلامی لەوە زیاتر بە ناوی ئیسلامەوە مافەکانی خەڵکی ئێران پێشێل بکا.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# 35 ژن لە ئێران حوکمی بەردەباران کردنیان دراوە



دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی حوکمی بەردەباران کردنی 35 ژنی دەرکردوە.

بڵاوکراوەی گلوب ئەند میل، کە لە کانادا چاپ و بڵاو دەکرێتەوە، بابەتێکی لە ژێر ناوی " ژن بوون لە ئێراندا تاوانە" بڵاو کردۆتەوە کە باس لەوە دەکا، سەکینە محەممەدی ئاشتیانی کە حوکمی بەردەبارانی بەسەردا سەپاوە، مەترسیی ئەوەی لە سەرە کە بەو زووانە بەردەباران بکرێ.

گلوب ئەند میل باسی ئەوەی کردوە کە نارەزایەتیی بەربڵاوی کۆڕو ناوەندەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ لەسەر بەردەبارانکردنی سەکینە محەممەدی ئاشتیانی بۆتە هۆی ئەوەی بەردەبارانکردنی ناوبراو تا ئێستا وەدوا بکەوێ، بەڵام ئەو مەترسییە هەیە کە ئەگەر ئەم پەروەندەییە تۆزی فەرامۆشی لەسەر بنیشێ، سەکینە محەممەدی ئاشتیانی لە باتی بەردەباران حوکمی ئێعدامی لەسەر جێبەجێ بکرێ.

مریەم نمازی چالاکی بواری مافەکانی مرۆڤ رای گەیاندوە کە ئێستا لە ئێراندا 200 کەس چاوەڕوانی پەتی سێدارە دەکەن کە 35 کەسیان ژنن و حوکمی بەردەباران کردنیان بەسەردا سەپاوە. بەوتەی ناوبراو ئەو 35 کەسە لە زیندانی تەورێزن و هاوبەندی سەکینە محەممەدی ئاشتیانین.

هەر لەو پێوەندییەدا هەواڵدەریی هرانا بڵاوی کردۆتەوە کە لە حەوتووی رابردوودا کچێکی تەمەن 16 ساڵان لە گرتووخانەی تەورێز لە ترسی ئێعدام کران خۆی کوشتوە .

---

# مەترسیی جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدامی زێنەب جەلالیان رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبێ

زێنەب جەلالیان چالاکی سیاسیی کورد کە زیاتر لە دوو ساڵە لە زینداندا بەسەر دەبا، مەترسیی جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدامی ناوبراو رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبێ

بەپێی هەواڵی رێکخراوی مافی مرۆڤی کورد لە ئورووپا، پەروەندەی زێنەب جەلالیان دوای پەسندکران لە لایەن دادگای پێداچوونەوەدا نێردرایەوە دیوانی بەرزی وڵات هەر لەوێ حوکمی ئێعدامەکەی پشتڕاست کراوەتەوەو بۆ بەشی بەڕێوەبردنی حوکم بەرێ کرایەوە. بەشی بەڕێوەبردنی حوکمەکان ئێستا چاوەڕێی ئیزنی جێبەجێکردنی حوکمەکەیە.

ناوبراو لە درێژەی پەیامەکەیدا نووسیویەتی ئایا باشتر وانیە کە دەرفەتێک بۆ هەمووان بەتایبەتی بۆ ژنان و لاوان دروست بکرێ کە، ژیان و پێگەی خۆیان لە شێوازەکانی ژیان و نیزامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بە دەست بێننەوە؟ ئایا باشتر وانیە کە ئەو سیستەمەی ناوی کۆماری ئیسلامی لە خۆی ناوە ، لە کسپەی دڵی دایکان و کێشەی لاوانی ئەم وڵاتە تێ بگاو بە نەرمی لەگەڵیان هەڵسووکەوت بکا؟



هەر لە پێوەندیی هەوڵەکان بۆ رزگارکردنی زەینەب جەلالیان، رێکخراوی نێودەوڵەتی دژ بە لەسێدارەدان لە بەیاننامەکەیدا لەگەڵ ئاماژە بە مەترسی لەسێدارەدانی زەینەب جەلالیان، لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوا دەکا پەلە بکرێ لە رزگاکردنی گیانی جەلالیان.

پاشان جەلالیان برای زەینەب جەلالیان بە راگەیەنەکانی راگەیاندوە کە بە داخەوە پارێزەرانی زەینەب هیچ کارێکیان لە دەست نایە لەبەر ئەوەی کاربەدەستانی حکوومەتی هاوکاریان ناکەن و دەڵێن پەروەندەی زەینەب جەلالیان وون بووە.

پاشا جەلالیان داوای لە رای گشتیی کورد و ناوەندە جیهانییەکان کرد کە هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ بۆ پێشگرتن لە جێبەجێکرانی حوکمی ئێعدامی زێنەب.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خۆکوژیی دوو کچی دیکەی کورد

کچێکی تەمەن 16 ساڵە لە شاری جوانرۆ لەبەر کێشەی بنەماڵەیی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا

دوانیـــوەڕۆی ڕۆژی سێشــــەممە، 23 ی خــــەرمانان نەخشین خانی، کچی عەباس خانی لە شاری جوانرۆ بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتی و لە ڕێگای خۆسوتاندنەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

هەر دوای ئەو ڕووداوە کچێکی تازەلاوی دیکەی کورد بە ناوی شیلان خەڵکی گەڕەکی جووجەسازیی مەریوان بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتی ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە و گیانی لە دەست داوە.

شـــایانی باســـە کـــە کێشـــە کۆمەڵایەتییـــەکانی وەک سوونەتی بوونی کۆمەڵگا، هەژاری و بێکاری هۆکاری سەرەکیی پەنابردنی ژنان بۆ خۆکوژین و بە داخەوە ناوچەکانی کوردستان و بە تایبەت ئیلام، زۆرترن حاڵەتی خۆکوژییان تێدا ڕوو دەدا و لەو نێوەدا کۆمەڵە بنیات و ناوەندێکی حکوومەتی کە دەتوانن بە کارکردی خۆیان کاریگەرییان لە کەمکردنەوەی ئەو حاڵەتانەدا هەبێ، ئەرکەکانی خۆیان پشتگوێ دەخەن و بە خەمساردی لە تەنیشت ئەو کارەساتانە تێ دەپەڕن.



# لە پارێزگای ئیلام سێ کچ لە یەک ڕۆژدا هەوڵی خۆکوژییان داوە

بە پێی سەرچاوەکانی هەواڵ لە مانگی گەلاوێژدا لە پارێزگای ئیلام سێ کچ لە ڕۆژێک دا لەو پارێزگایە هەوڵی خۆکوژییان داوە و هەر بەو هۆیەوە یەکێکیان گیانی لە دەست داوە و ئەوانی دیکەش لە دۆخێکی زۆر خراپ دا لە نەخۆشخانە خەوێندران و ئاستی سووتانەکەیان یەکجار زۆربووە.

ئەو کچەی بە هۆی خوسووتاندنەوە گیانی لە دەست داوە خەڵکی ئەیوانی ڕۆژئاوایە و 17 ساڵی تەمەن بووە و دوو کیژەکەی دیکە خەڵکی ئیلام و " دەرە شەهر" ن و تەمەنیان 17 ساڵە و 18 ساڵە بووە.

شیاوی ئاماژەیە کە پارێزگای ئیلام زۆرترین ڕێژەی خۆکوژیی لە ئێراندا هەیە و بە پێی لێکۆڵینەوەکان ئەوەش بۆ کۆمەڵێک کێشەی وەکوو کێشەی ئابووریی بنەماڵەکان و کێشەی فەرهەنگی دەگەڕێتەوە.

# هەرەشەو بانگکردنی چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان لە کوردستان بۆ ناوەندە ئەمنیەتی و ئیتلاعاتییەکانی کۆماری ئیسلامی هەروا درێژەی هەیە




کوێستان گوڵکار چالاک لە بواری مافەکانی مرۆڤ لە شاری سنە لە لایەن هێزە ئەمنییەتی و ئیتلاعاتییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو شارە هەرەشەی ئەوەی لێکراوە

ئەگەر هەروا درێژە بە چالاکییەکانی بدا ئەوا دەستبەسەر دەکرێ.

ناوەندی هەواڵدەری هێرانا بڵاوکردۆتەوە کە، کوێستان گوڵکار پێشتر چەند جارێک لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە هەرەشەی دەستبەسەرکرانی لێکراوە بەڵام لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا چەند کەسێک کە خۆیان وەک مەئمووری ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە ناساندوە سەرلەنوێ ناوبراویان ئاگادارکردوەتەوە کە کۆتایی بە چالاکییەکانی بێنێ و هەرەشەیان لێکردوە کە دەستبەسەر و زیندان دەکرێ.

شایانی باسە کە ناوەندە ئەمنیەتییەکان و ئەو مەئموورانەی هەرەشەیان لێکردوە پێیان ڕاگەیاندووە کە چالاکی نووسینەکانی ناوبراو لە بواری مافەکانی ژنان نایاساییەو دژایەتی هەیە لەگەڵ ئەمنییەتی نیشتمانی ئێران و داوایان لێکردوە کە چیدی کە بابەت و نووسراوەکانی نەنێرێت بۆ ماڵپەرە کوردییەکان، ئەگینا هەرەشەکانیان جێبەجێ دەکەن و دەیخەنە زیندان.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەڕێوەچوونی کێبەرکێی کاراتەی کچان بە بۆنەی ساڵیادی شیمیابارنی سەردەشت



ڕۆژی 2ی گەلاوێژ بۆ ڕێزگرتن لە قوربانیانی شیمیابارانی شاری سەردەشت ، کێبەرکێی کاراتەی سەبکی کیوکوشین بە بەشداری زیاتر لە 50 وەرزشوانی کچ لە شارەکانی سەردەشت و مەهاباد لەشاری سەردەشت بەڕێوە چووە.

لەو یارییانەدا کە وەرزشوانان لە چەندین ڕەدەی جیاوازی تەمەنی دا بەشدارییان کردبوو، تیپی کچانی سەردەشت توانی لە زۆربەی ڕەدەکاندا و لە کێشە جیاوازەکاندا بەسەر تیپی کچانی مەهابادا سەرکەوتن بە دەست بێنێ.

لە یارییەکان کە لە تەمەنی 7 تا 20 ساڵ دا بەڕێوە چوون ئەو وەرزشوانانە توانیان سەرکەوتن وەدەست بێنن: تەمەنی 18 تا 20 ساڵ مریەم مە-لازادە پلەی یەکەم،

تەمەنی 16 تا 18 و لە کێشی خوار 60 کیلۆ دا ئایدا باپیر زادە پلەی یەکەم، بەهرە محەممەد زادە پلەی دووەم و فاتمە ئیسماعیل نەژاد پلەی سێیەم، تەمەنی 14 تا 16 ساڵ فروزان مەعروفی زادە پلەی یەکەم تەمەنی 7 تا 9 ساڵ فەریناز مەعروفی زادە پلەی یەکەم ئەو کێبەرکێیانە بە نێوبژیوانی ئایدا کشاوەرز لە شاری ورمێ و لە ژێر چاودێریی ئوستادی کاراتە لە ئێران شیها ڕەزا عەقیلی، خەڵکی خوزستان و لە ماوەی یەک ڕۆژدا بەڕێوەچوون.

## چرۆ بورهانی خەڵاتی ساڵی ئەدەبیاتی نۆروێژی بردەوە



کچە کوردێکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە ناوی چرۆ بورهانی توانیویەتی خەلاتی پێشبرکیی ساڵی ئەدەبیاتی نۆروێژ بباتەوە.

چرۆ بورهانی ئەو خەلاتەی بۆ نووسینی باشترین وتار لە پێوەندی لە گەڵ کۆمەڵگای نۆروێژ و بایەخە نەریتییەکانی ئەو وڵاتە وەرگرتوە.

چرۆ بورهانی لە تەمەنی منداڵییەوە و وێڕای بنەماڵەکەی بە هۆی باری سیاسی وەک پەنابەر لە وڵاتی نۆروێژ دەژین و ناوبراو خوێندکاری ساڵی کۆتایی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی شاری بێرگێنی ئەو وڵاتەیە.

شایانی باسە کە چرۆ بورهانی لەو پێشبڕکییەدا 120 رکەبەری بووە، بەڵام توانیویەتی بە پشت بەستن بە تواناکانی خۆی پلەی یەکەمی ئەو پێشبڕکییانە وەدەست بێن.

---

## پەروەردە کردنی کچان لە مەدرەسەی عولومی دینی سەقز بۆ حیراسەتی قوتابخانەکان

مەدرەسەی عولومی دینی شاری سەقز کچانی گەڕەکە هەژارنشینەکانی ئەو شارە بۆ حیراسەتی قوتابخانەکان پەروەردە دەکا.

بەپێی هەواڵەکان قوتابخانەی عولومی دینی سەقز ئەم کچانە لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی سەقز هەڵ دەبژێرێ و دوای دوو ساڵ پەروەردە کردن لە بەشی حیراسەتی قوتابخانەکانی ئەم شارە کاریان پێ دەسپێرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org





# هەواڵ و چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ڕۆژی 7/2010/27 هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان بانگهێشتی وۆرک شۆپێک کران لە سلێمانی لەلایەن ڕێکخراوی هارتزئەلاندی ئەمریکی کە کاری جێندەری دەکا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە 30/10ی بەیانی پێك هات، سەرەتا گوێدان بوو بە درامایەك كە لایەنێكی توندوتیژی تیدا بەرچاو دەكەوت. دوایی لایەنەكانی بەشدار لەو گروپ شۆپەدا كە زۆربەیان نوێنەری یەكێك لە ڕێكخراوەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بوون و هێندێك كەسایەتی سەربەخۆش كە بەشداری وۆرك شۆپە بوون موناقیشەیان لەسەر بابەتی درماكە كردو لایەنە موسبەتو مەنفیەكانی توندوتیژییان لە چوارچێوەی دراماكەدا خستە بەر باس.

هەیئەتی یەكیەتیی ژنان بریتی بوون لە: بەڕێزان سوهەیلا قادری سكرتێری یەكیەتیی ژنان و فەریبا وەیسی ئەندامی بەڕێوەبەری یەكیەتیی ژنان و جەمیلە قادری بەرپرسی كۆمیتەی یەكیەتی ژنانی دێموكراتی كوردستان لە ولاتی نورویژ بەشدار بوون.

---

ڕۆژی یەكشەممە ڕێكەوتی 27/5/1389 هەیئەتێكی پەرلمانتارانی كوردستان و دەستەیەك لە ئەندامانی فیدراسیۆنی ڕێكخراوە مەدەیەكانی كۆیە بە مەبەستی تاوتۆێ كردنی بواری ژیانو گوزەرانی دانیشتووانی كەمپەكانی حیزبی دێموكراتی كوردستان سەردانی یەكیەتیی ژنانی دێموكراتیان كرد.



مەبەستی سەردانەكەی ئەم دەستەیە لە پارلمانتارانی كوردستان بەدەنگەوە هاتنی یەكیەتی ژنان بوو كە داوای لە پارلمانی كوردستان كردبوو كە ئاوڕێك لە شوێنی نیشتەجێ بوون ئەم كەمپانە بدەنەوە چونكە لە بواری مافی مرۆڤەوە ئەو كەمپانەی ئێمە كەمترین خزمەتگوزاری تەندروستی، پەروەردەیی، ژینگەیی، خانووی نیشتەجێ بوون، ئاوو بەرق و هتد هەیە. هەربۆیە لەلایەن ئەندامانی فیدراسیۆنی كۆیەشەوە پشتگیری داواكاریەكانمان كراو. لەم سەردانەدا لەگەڵ ئەندامانی بەڕێوەبەریی یەكیەتیی ژنان باسی لە كێشەو گرفتەكانی ژنان كردو دواتر پێداگری كرا لە هاوكاری و دۆستایەتی هەردوولا .

ڕۆژی 30/6/2010 هەیئەتێكی یەكیەتی ژنان كە پێك هاتبون لە بەڕێزان سوهەیلا قادری سكرتێرو فەریبا وەیسیو زولەیخا جەشنی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریی یەكیەتی ژنانی دێموكراتی كوردستان سەردانی بەڕێز دكتور كاوە مەحموود وەزیری ڕوشنبیری هەرێمی كوردستانیان كردو لەلایەن بەڕێزیانەوە بەگەرمی پێشوازیان لێكرا. لەو دانیشتنەدا وەزیری ڕوشنبیری پشتیوانی لە كارەكانی یەكیەتی ژنان دەربڕی.



ڕۆژی شەممە ڕێكەوتی 15ی گەلاوێژی 1389 هەیئەتێكی یەكیەتی ژنان بەشداریان كرد لە یادی 18 ساڵەی ڕێكخراوی خوشكانی ئیسلامی داكردو پەیامی پیرۆزباییان لەلایەن یەكیەتی ژنانەوە پێشكەش بە ڕێكخراوی خوشكانی ئیسلامی كرد.

## ڕێكخراوی ماڵی ژنی كورد / مافی مرۆڤ

ڕێكەوتی 1/7/1389چیمەن ڕەحیمی ژنە فیلم سازی كورد خەڵكی سنە دانیشتووی بریتانیا سەردانی یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستانی كرد كە لەلایەن سوهەیلا قادری سكرتێری یەكیەتیی ژنانو ئەندامانی بەڕێوەبەریی زولەیخا جەشنیو خەدیجە پوورمەندو خاتوو خەدیجە مەعزووری بەرپرسی بونیادی پشتیوانی لەڕێكخراوەكان پێشوازی لێ كرا.و باس لە كاری ڕێكخراوەكانی ژنانی كوردو هاوكاریی كردنیان كرا كە چۆن دەتوانین كار لەسەر درووست كردنی هاوكاری نێوان ڕێكخراوەكانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بكەین.

كە ناوبرا ئەندامی ڕێكخراو مافی ژنی كورد/ مافی مروڤە لە بریتانیا هەر لەو سەردانەدا سەردانی كەمپی بنەماڵەكانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی كرد.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# له کۆبوونەوەی ساڵانەی شووراى مافی مرۆڤ له ژنێڤ گوڵاڵە شەرەفکەندی باسی لە دۆخی نالەباری ژنانی کورد کرد



له کۆبوونەوەکانی ساڵانەی شوورای مافی مرۆڤ لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ، هاوڕێ گوڵاڵە شەرەفکەندی، ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، لە پانێلێکدا کە بۆ باس لە سەر وەزعی ژنان لە ئێران پێکهاتبوو، تیشکی خستە سەر ژان و ئازارەکانی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بەڕێز شەرەفکەندی کە لەو پانێلەدا وێڕای هاوڕێیان کاوە ئاهەنگەری و ئارەزوو کەریمپور بەشداری کرد، لە بەشی پانێلدا باسێکی سەبارەت گرفتەکانی ژنی کورد لە ئێران و جیاوازی مەسەلەی ژنی کورد لە گەڵ ژنانی ئێرانی پێشکەش کرد.

ئەو پانێلە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 24 ی سێپتامبر لە ساڵونی 27 بنکەی ڕێکخراوە یەکگرتووەکان لە شاری ژنێڤ لە کاتژمێر 1 هەتا 3ی پاشنیوەڕۆ بەڕێوە چوو. بەشدارانی پانێل بریتی بوون لە بەڕێزان ڕێزوان موقەدەم، سەوده راد، بەهاره ئەفقەهی، گوڵاڵە شەرەفکەندی، شەهناز غولامی سەرەتا دوکتور فرود سیاوشپوربەڕێوەبەری بەرنامە بەخێرهێنانی بەشدارانی کرد و دوای ناساندنی پانێلگێران، خاتوو ڕێزوان موقەدەم باسەکەی خۆی لە سەر وەزعی ژنان لە ئێران لە دوای دەوری دەیەمی هەڵبژاردنی سەرکۆماری پێشکەش کرد و بەربڵاوی سەرکوتی چالاکانی ژن و خراپتر بوونی وەزعی ژنان لە ئێران بە دوای هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نەژاد خستەروو. باسی دایکانی ئاشتی و چالاکی ژنان لە چوارچێوەی تەنگی بەربەستەکانی یاسایی و شەرعی تەوەری سەرەکی باسەکەی بوو و لە کۆتایی دا لیستی ئەو ژنانەی خستە ڕوو کە ئێستا بە هۆی جیابیری لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دا بەند کراون.

لە بەشێکی دیکەی پانێلەکەدا فیلمی کورتی "ساڵی سیفر" نیشان درا کە سەبارەت بە ئیعتراز بە دژی حیجابی ئیجباری چێ کرابوو. پاشان بەهاره ئەفقەهی باسەکەی خۆی سەبارەت بە حیجابی ئیجباری و جیاکردنەوەی کچان و کوڕان لە تەمەنی منداڵی را و بەزۆری جیاکردنەوەی ژنان و پیاوان لە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا و مەجبور کردنی ژنان بە داپۆشینی خۆیان و تەنانەت بێبەش بوون لە هەڵبژاردنی جۆری جلوبەرگ و ڕەنگەکانی، وەک چەوسانەوەیەکی بێدەنگ و بێرەنگ وەسف کرد. پاشان سەوده راد لە سەر سەنگسار لە بەرانبەر لایحەی بە ناو حیمایەت لە خانوادە بوو. بە وتەی خاتوو سەوده لە حاڵێکدا ژنان لە ئێران بە تاوانی چوونەدەر لە چوارچێوەی ژیانی هاوبەش و هەبوونی رابیتە لەگەڵ زیاتر لە یەک پیاو سزای بەردبارانیان بۆ دەردەچێ، لە ڕێگەی لایحەی بە ناو حیمایەت لە خانوادە ڕێگا خۆش دەکرێ بۆ پیاوان کە لە گەڵ هەر چەند ژن کە پێیان خۆشە پێوەندیی بێ بەربەستیان هەبێ و تەنانەت هەر پێویست نەبێ بنوسرێ یان کەسیش ئاگادار بێ و ئەوە بە تەواوی پێشێلکردنی مافی مرۆڤە و قەبوولی ئەو وەزعە خەسارێکی گەورەیە.

ئەوجار گوڵاڵە شەرەفکەندی لە باسەکەیدا کە سەبارەت بە وەزعی ژنی کورد لە ئێراندا بوو، ئاماژەی بە چوارچێوەی سەرەکی گرفتەکانی ژنان لە هەموو ئێران و لە درێژە دا، گرفتی ژنانی کەمە نەتەوەکان و غەیرە مەرکەز نیشین کرد و بە تایبەت هاتە سەر باسی ژنی کورد کە هەمیشە کێشەی مافی نەتەوەیی هەبووە و ئەوە موشکیلاتی ژنی کوردی لە ئێراندا چەند قات کردوە. ئاماژە بەو ڕاستییە کە لە کوردستان چالاکانی ژن لە نێو ڕێکخراوە سیاسییەکان هاتوونەتە دەر وکارتێکەری ئەو مەسەلەیە لە سەر باسی وەزعی ژنی کورد لە ئێران تەوەری سەرەکی باسەکە بوو. گرینگترین مەسەلە بە وتەی خاتوو شەرەفکەندی، فاسیلە و لێک حاڵی نەبوون یان کەم حاڵی بوونێکە لە نێوان چالاکانی ژنی کورد و چالاکانی بواری ژنان لە ئێران کە بە چاوی تەرەحووم چاو لە کوردستان دەکەن بێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

درێژەی:

## له كۆبوونەوەی ساڵانەی شوورای مافی مرۆڤ له ژنێڤ

ئەوەی بزانن مەسەلەی ژنی کورد تەنیا مەسەلەی ژن بوونیان نیە. ئاماژە بە گرینگی پێویستی دابینکردنی ئەو پێوەندییە و تەنانەت بۆ کۆر و کۆمەڵە نێوە نەتەوەییەکان سرنجدان بەو مەسەلەیە و تێگەیشتن لەو جیاوازییە وەک پەیامی سەرەکی ئاماژەی پێکرا. دواتر خاتوو شەهناز غولامی باسێکی لە سەر وەزعی ژنانی زیندانی لە زیندانی تەورێز پێشکەش کرد. چۆنییەتی هەڵسوکەوتی زیندانبانان، بێحورمەتی پێکردن و بێ بەش کردن لە هەموو حەقێک بۆ دیفاع لە خۆیان، تەوەری گرینگی باسەکە بوو.

## پێک هێنانی سمینارێک لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە سوئید

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان رۆژی شەممە رێکەوتی 13 ی خەرمانان کۆبوونەوەیەکی بۆ ئەندامانی و بەشێکی بەرچاو لە کوردەکانی نیشتەجێی شاری وێستروس بە مەبەستی گوێگرتن لە سیاسەتی حیزبەکانی نێو پارلمانی سوئێد پێک هێنا .

بەشدارانی باسەکان بریتی بوون لە: تارا عزیزی و لارش ئێریکسۆن لە حیزبی سوسیال دێموکراتی سوید، محەمەد ڕەشید و ئانا هۆردئاڤ لە حیزبی مۆدێرات، پەرلیتا هامار و عالیە میرزا لە پارتی چەپ و لارش کارل سێی لە حیزبی ناوەند" سەنتەر".

هەرکام لە نوێنەرانی ئەو حیزبانە بە نۆرەی خۆیان



سیاسەتی هەڵبژاردنی خۆیان پێشکەش بە بەشداربووانی کۆبونەوەکە کرد و دوای تەواو بوونی باسەکانیان ، بەشداران بە پێی پێویست پرسیاری خۆیان ئاڕاستەی ئەو نوێنەرانە کرد و بە گوێرەی ئیمکان وەڵامەکانیان وەرگرتەوە.

## بەشداری یەکیەتیی ژنانی دیموکرات لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی رێکخراوەکانی ژنان دا

رێکەوتی 14/7/1389 هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کە پێکهاتبوو لە ماموستا گەلاوێژ حەسەن زادە کادری یەکیەتیی ژنانو ئەندامی بەڕێوەبەری منداڵپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان خاتوو زولەیخا جەشنی ئەندامی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنان بەشی پەیوەندیەکان لە هەولێر خەجیج پوورمەند ئەندامی بەڕێوەبەریی‌و بەشی ئاموزش بەشداریان کرد لە کۆبوونەوەیەك لە بارەگای یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان کە لەسەر بانگهێشتی سکرتاریەتیی یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان و سکرتێری ئەو رێکخراوە دکتۆرە ڤیان پێکهاتبووو زۆر لە رێخراوە مەدەنیەکان بانگهێشت کرابوون بۆ باس کردن لە بەدوا داچوونی پڕوژە یاسایی دژی توندووتیژی، پڕۆژەی یاسایی کارنەکرنی منداڵان وە دامەزراندنی ئەنجومەنی خانمان.

کە دکتۆرە ڤیان باسێکی لەسەر یاسایانە کرد لە باسەکەی دا باس لە پاڵپشتی ئەو یاسایانە کرد بۆ کار کردنی رێکخراوەکان لەسەر وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا، دوای قسەو باس کردن لە سەرکاری هاوبەشی رێکخراوەکان چوونێتی ئەو یاسایانە هەیئەتێك دانرا بۆ سەردانی پارڵمان کوردستانو بەدواداچوون.

پێویستە بگوترێ دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە هەیئەتی یەکیەتیی ژنان بە جیا لەسەر هێندێك مەسەلەی جۆراوجۆر قسەوباسیان کرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org







# وەرزشی












کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەرگریی شەخسی لە کۆنگ فۆتوا

ن: یونس فەرهەنگ نیا



وێنەی ژمارە 1

بەرامبەر بە زەبری چەقۆ راستەوخۆ بۆ دڵی ئێمە هێرش دێنێ. ئێمەش بە دانی جێ خاڵی بۆ لای راست بە بەری دەست زەربەی حەریف پووچەڵ دەکەینەوە.



وێنەی ژمارە 2

بە هێنانی قاچی چەپمان بۆ پشتەوەی لاقی راستی حەریفتو بە راگرتنی دەستی دوژمن زەربەی سووڕانی ئانیشک (هۆتۆ) لە دەرەوە بۆ ژوورەوە بۆ لای چەنەگە یان ملی دوژمن دادێنی دوژمنیش بە لێکەوتنی ئەم زەربە خۆی دەدۆڕێنێ.



وێنەی ژمارە 1

حەریف هێرشبەر بۆ پاراستنی خۆی بە دەستی راستو چەقۆ بە دەست مەبەستی هێرشی هەیە ئێمە لەم بارودۆخەدا دەبێ گاردی راست قاچەکان نیوەکراوە بەرامبەر بە حەریف راوەستیو شانی حەریفت نیشانە بڕۆی.



وێنەی ژمارە 2

حەریف مەبەستی هەیە بە چەقۆ زەربە لە زگی تۆ بدا وئێمە بە کشانەوە قاچی راست بە هەر دوو دەست مەچەکی دەستی دوژمن لە سەرەوە بۆ خوارەوە دادێنین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وێنەی ژمارە 3

بە سووڕاندنی مەچەکی حەریفو لە پاشان
دەرچوونی خۆمان لە ژێر دەستی ئەو جمگەی
حەریفت بە شێوازی سەراوبن لەسەر شانی خۆت
دادەنێیو بە توندی مەچەکی حەریفت بۆ لای



وێنەی ژمارە 1

سەرەتا حەریف بە نفوزی قاچی راست زەربەی سووڕانی چەقۆ لە چەپی خۆیەوە بۆ راست بە شێوازی کە چەقۆکە لە دەرەوە بۆ ژوورەوە کاریگەر بێ لەسەر ناوچاوانمان ئێمە لەو حاڵەتەدا بە کشانەوەی دەستی راست پشتە دەستی حەریفمان لە حەوا رادەگرین.



وێنەی ژمارە 2

بە بردنە پێشەوەی قاچی راستو کێشانەوەی قاچی چەپمان بۆ پێشەوەی قاچی راستی حەریفمان هاوکات زەربەیەکی توندو کاریگەر واتە(هۆتۆ) ئانیشك لە دەرەوە بۆ ژوورەوەی چەنەگەی حەریفمان دەکێشین.



وێنەی ژمارە3

لە پاش لێدانی زەربەی (هۆتۆ) دەستت دەبێ لەسەرەوەی دەستی حەریفت دا بەریە ژێر باڵی واتە ئانیشکی، و بە دەستی چەپمان دەستی راستی خۆمان دەگرینو لە پاشان بە مەڵغە کردنی دەستمان مەچەکی حەریفمان گرتووە بە خێرایی دای دەکێشین بۆ خوارەوە تا چەقۆکە فڕێ بدا.




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مێژووی وەرزشی کەسانی خاوەن پێداویستییە

# تایبەتییەکان، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەی زایینی

نوسینو ئامادەکردنی یونس فەرهەنگ نیا( سامۆڕایی )

له ساڵی 1888 ژمارەیەك یانە بۆ ئەو کەسانەی نابیستن لە ئاڵمانیا کرایەوە، لە ساڵی 1994 بنکەیەکی ئامادەکردن بۆ ئەو فرۆکەوانانەی لە جەنگی جیهانیی دووهەم رزگاریان بوو دروست کرا، کە تووشی شەلەلی درکە پەتك ببوون، ئەویش لە ژێر سەرپەرشتی دکتور "لودیق قوتمان" کە نەشتەرگەرێکی بواری مێشك بوو لە نەخۆشخانەی "بستۆکماندفیل"و بە باوکی وەرزشی تایبەت بۆ خاوەن پێداویستیەتایبەتییەکان دادەندرێ.

دواتر ئەو جۆرە وەرزشە بەرەو پێشەوە چوو، وای لێهات لە هۆکاری چارەسەرکردن بووە هۆی ئەوەی ئەو کەسانە بۆ خۆشیان وەرزش بکەن، دواتریش دکتۆر قوتمان پێشبڕکێی نیشتمانی یەکەمی بۆ وەرشوانانی سەرکەوتوو رێك خست ئەویش لە چوارچێوەی ئاهەنگی کردنەوەی یارییەکانی ئولمپیادی ساڵی 1948 کە لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بەڕێوەچوو، لەساڵی 1952 سەربازە پێشەنگەکانی هۆڵەندا هاتنە ناو پێشبرکێکانو بەشداریان لە یارییەکان نێودەوڵەتی یەکەمی نەخۆشخانە بستۆکماندفیل کردن هەرچی رێکخستنی یارییەکانی ئولمپیادی وەرزشی کەم ئەندامانە لە ساڵی 1960 لە رۆما رێکخرا بە بەشداری 23 وڵات. لە ساڵی 1979دا لە میانەی یارییەکانی تۆرێنتۆ لە کەنەدا ئەو کەسانەی کەم بینا بوون لەسەر گۆڕەپانی یارییەکانی ئۆلمپیاد دەرکەوتن، لە ساڵی 1980 لە هۆڵەند ئەو وەرزشوانە کەم بینایانە هاتنە پاڵ ئەو وەرزشوانانەی دووچاری شەلەلی مێشك بوونەوە، لە ساڵی 1996 کەم ئەندامانی 103 وڵات بەشدارییان کرد لە ئۆلمپیادی ئەو کەسانەی بیرکۆڵن، لە ساڵی 2000 لە یارییەکانی ئۆلمپیاد لە شاری سیدنی ئوسترالیا سەرجەم ئەندامانی 121 وڵات بەشدارییان لە 19 یاریدا کرد، خاڵێکی گرینگیش ئەوەیە کەلە یارییەکانی ئۆلمپیادی ڕۆمای ساڵی 1960 نەتیا 300 یاریزانی کەم ئەندام بەشدارییان تێدا کردبوو، بەڵام لە یارییەکانی ئۆلمپیادی سیدنی 5000 وەرزشوانی کەم ئەندام بەشدارییان تێدا کردو ئێستاش یارییەکانی ئۆلمپیادی کەم ئەندامان بە دووهەمین دیاردەی وەرزشیی لە جیهان لە رووی ژمارەی بەشداربووانی دادەندرێ.

ئەو یاریانە کامانەن کە خاوەن پێداویستیەتایبەتییەکان ئەنجامی دەدەن؟

ئێستا یارییەکانی ئۆلمپیادی خاوەن پێداویستیەتایبەتییەکان 23 یاری وەرزشی لە خۆ دەگرێت کە 19 یان هاوینینو 4 یارییەکەی دیکەش لە وەرزی زستان ئەنجام دەدرێنو ئەو یاریانەش جیاوازن بە پێی رێژەی کەم ئەندام بوون دەگۆڕێن لەوانەش:

1- یاریی قورسایی
2- یاریی تۆپی باسکە لەسەر کورسی جولاو
3- پێشبڕێکی پاسکیل سواری
4- زۆرانبازی بەشمشێر
5- ئەسپ سواری
6- هەلگرتنی قورسایی
7- مەلەوانی
8- یاریی تۆپی سەرمێز
9- یاریی تاوڵە
10- هەڵدانی قورسایی
11- تێرهاوێژی
12- یاریی تۆپی پێ
13- یاریی تۆپی باڵە
14- یاریی باسکە
15- یاریی سەول
16- یاریی خلیسکانێ
17- یاریی هاکی







کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org








# جۆراوجۆر







کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چەند شێوازێكی سەرنج راكێش بۆ مرۆڤ

و: ئازاد عەباسیان

ورد كردن و پاك كردنی پیواز كارێكی ناخۆش و دژواره , وای لێ هاتوه كه زۆربەی كات كەس خۆی لێ نادا و حازر نین خەریكی لا بردنی توێكڵی پیواز بن. لەبەر ئەوەی كە بۆنی پیواز چاو ئازار دەدا و پڕ لە فرمێسكی دەكا.

چەند شێوازێكی سادەتان پێ دەڵێین كە سەرنج راكێشن :

1ـ بنی پیواز مەگرن و لەسەرەوەی پیوازەكە دەست بە ورد كردنی بكەن.

2ـ لە كاتی ورد كردنی پیواز, زارتان ببەستن

3ــ دەتوانن ئەو ریژه پیوازه كه پێویستانە لە نێو یەخچاڵی دابنێن و پاش چەند كاتژمێرێك دەست بكەن بە وردكردنی.

4ــ لە كاتی لێكردنەوەی توێكڵی پیواز, ئاوی ساردی پێدا بكەن

5ــ ئەو پیوازانەی كە زۆر تیژن دەتوانن بۆ ماوەی یەك كاتژمێر لە نێو ئاوی ساردیان دابنێن بۆ ئەوەی كە تیژیەكەیان بروا.

6ـ پیوازی قاش كراو بە كار مەهێنن چونكە میكرۆبی زۆر بەخۆوە دەگرێ, مەگەر ئەوەی ئەو بەشەی كە قاش كراوە بە رۆن چەوری بكەن, لەو حاڵەتە دا پیواز تازه دەمێنێتەوە و میكرۆب لە خۆ ناگرێ.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەم رێنمایانە هیچ كات لە كاتی ورد و پاك كردنی پیواز چاوتان نابرژێتەوە و ئاوی لێنایە.

****

كاریگەریەكانی زەنجەبیل, سیر, پیواز , بیبەری رەش و بیبەری سوور

بەكار هێنانی ئەم خواردنانە بۆ برگری كردن لە ئالرژی زۆر بەكەڵكن.

نمدانەوەی ( ترشح) ئانتی بادی " ئیمونۆگلۆبین" لە كۆئەندامی هەرەس دا دەبێ و ئەم ئانتی بادیە بەدەور لێگرتنی ئەو مەوادانەی كە لە خواردەمەنیە ئالرژیزا كان دا هەن , بەرگری لە پێك هاتنی ئالرژی لە لەش دا دەكەن.

میوەی تازە, ئاجیل, گۆشتی كەم چەوری , ماستی كەم چەوری, ماش, نیسك , نۆك, لوبیا, گەنمە شامی, ئاوی گێزەر, چەوەندەر, كەرەوس و خەیار بۆ بەرگری كردن لە ئالرژی زۆر بەكەڵكن.

ئانتی بادیەكان بە ناوی "ئیمۆنوگلۆبین" E بۆ بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ ئەو هۆكارە دەرەكیانە كە كۆئەندامی بەرگری بە هەڵە ئەوانە بە خراپ دەناسێ, ماددەیەك بە ناوی هیستامین لە دەورو بەری خانەكانی لەش بلاو دەكاتەوە كە بەم حاڵەتە دەڵێن حەساسیەت ( ئالرژی) .

****

خورانی لووت, قورگ, ئیلتهابی پێست, رشانەوە, سك چوون, تای زۆر, زیپكە, هەناسە سواری, چوونە سەری رادەی گەرانی خوین , بێهێزی , قەبزی, لە گرینگ ترین دژكردەوەكانی ئالێرژین.

ئەگەر دژكردەوەی ئالێرژیكی بە شێوەیەكی توند و تیژ پێك بێ, ئەوە دەڵێن شۆكە" ئانافیلاكتیك".

ئەم حاڵەتە لەوانەیە ببێتە هۆی ئیلتهابی شانەكانی دەوروبەری قورگ و رێگەی هەناسە كێشان دەگیردرێ, ئەگەر زوو چارەسەری نەكرێ و لەكاتی خۆی دا دەرمان نەكرێ ئیمكانی مردنی تووشبووەكە هەیە.

****

مەوادی پێكهێنەری ئالرژی بە شێوەكانی جیا جیا و لە رێگی زۆرەوە وەك :

تەپ و تۆز و خۆڵ لە رێگەی كۆئەندامی هەناسەو كۆ ئەندامی









كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org







دەواو دەرمانی جۆراوجۆر لە ڕێگەی دەرزی لێدان و کەلووپەلی جوان کاری لە ڕێگەی پێستەوە دەتوانێ بچێتە لەشەوە.

****

**هۆکارەکانی پێکهاتنی ئالرژی(حەساسییەت):**

ژنتیك, ترسی زۆر و لەناکاو و هەندێك خواردنی حەساسیەت هێنەر وەك: شیری مانگا, هێلکە, گەنم لە پێکهێنانی حەساسیەت لە شەخس دا کاریگەرن.

ئەو کەسانەی کە تووشی ئالرژی دەبن لەبەکار هێنانی لە رادەبەدەری پرۆتۆیین خۆ بپارێزن, بۆیە کە بەهان دانی کۆ ئەندامی بەرگەری ئالرژی روو لە زیاد بوون دەبێ.

لە پەیوەندی لە گەڵ بەرگری کردن و چارەسەری ئالرژی دەتوانین ئەم خاڵانە لەبەرچاوبگرین:

ئاڵوگۆڕ کردنی جۆری خواردن بە شێوەی دەورەیی, بەکار هێنانی دەرمانی ئانتی هیستامین و بەکارهێنانی ڤیتامینی c بە هۆی بەرگری لە نم دانەوە هیستامین لە لایان خرۆکە سپیەکانەوە, بۆ چارەسەری و بەرگری کردن لە پێکهاتنی ئالرژی لە نەفەر دا رۆڵی سەرەکی دەگێرێ.

****

**ماسکی دەم و چاو بۆ لابردنی پەڵە و نەرمی پێست:**

A: کەرەسەی پێویست:

40 گرام هەنگوینی سروشتی

10 گرام ئاوی پیوازی سپی

شێوەی ساز کردن: سەرەتا هەنگوینەکە تۆزێك گەرم دەکەین لە گەرمای خوارەوە بۆ ماوەی 10 خولەك و پاشان ئاوی پیوازەکەی پێ زیاد دەکەین و پێکەوە تێکەڵیان دەکەین و لێکیان دەدەین

پاشان لێی دەگەڕێن تا سارد بێتەوە.

شێوەی بەکار هێنان: بە قەد توێژێکی ناسك بە سەرپێستی دەم و چاوی دا بکەین و نیو کاتژمێر لێی گەڕێین تاکوو وشك دەبێتەوە. پاشان بە ئاوی گەرم بیشۆن و لە دوایی دا هەست بە ئاکارەکانی دەکەین.

B: تویکڵی سێوێك لێ بکەنەوە و بیکەنە دوو لەتەوە , لەتێکی ورد بکەن و لەگەڵ کەوچکێك هەنگوین تێکەڵی بکەن و لێکی بدەن,.

پاشان لە دەموچاو و ملتان بڵاوی بکەنەوە پێی دا بسوون. پاشان پێستی دەموچاوتان بە سەری پەنجەی دەستتان ماساژ بدەن. بۆ ماساژ دان لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەست پێ بکەن.

هەروەها لە راستەوە بۆ چەپ و لە چەپەوە بۆ راست ماساژی بدەن. پاشان بە سەری پەنجەکانتان بە هێواشی زەربە لە پێستی دەموچاوتان بدەن تاکوو هاتوچۆی خوێن لە پێستی دەموچاتان زۆر بێ.

ماوەیەك لێی بگەڕێن تا کوو ماسکەکە وشك بێتەوە و پاش 2 خولەك جوان بیشۆن. ئەم ماسکە دەبێتە هۆی بەرگری و چارەسەری چرچ و لۆچی دەموچاو و دەبێتە هۆی بەهێزی و جوانی پێست.

سەرچاوە: google – زن





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شیر پێ دانی سروشتی

# (شیری دایک)

وەرگێڕان: ڕەحمان مەحموودی

1- شیری دایك بە تەنیا خواردن و خواردنەوەیەکی زۆرباشە بۆ منداڵ لە تەمەنی لە دایك بوونەوە تا 6 مانگی یەکەمی ژیانی.

2- شیری دایك پێداویستیە سەرەکیەکانی منداڵ لە خواردن و خواردنەوە دابین دەکا لە ساتە وەختی لە دایك بوونیەوە تا تەمەنی 6 مانگی یەکەمی چونکە خواردنێکی نموونەییە لەو دەورەی تەمەنی منداڵیداو هەموو بەدیلەکانی شیری دایکیش لە شیری قوتوو یا شیری مانگا یا هەر جۆرە خۆراکێکی دیکەی منداڵ مادە خۆراکیانەی تێدانیە کە شیری دایك پێی دەوڵەمەندە.

3- منداڵ لە پاڵ شیری دایکی پێویستی بە ئاوی خواردنەوە هەیە بەتایبەتی لە وەرزی گەرمادا، پێویستە بەکەوچك ئاو بکرێتە دەمی منداڵەوە.

4- شیری دایك بەرگرییەکی باش دەکا لە پاراستنی منداڵ لە نەخۆشییەکانی وەك سك چوون و کۆخەو هەڵامەتو نەخۆشیە باوەکان........

5- دابین کردنی خۆراك و خواردنەوە بۆ منداڵ لە تەمەن شەش 6 مانگیدا کارێکی پێویستە وەك چەند جۆر خواردنی یارمەتیدەر بۆ شیری دایکن، پێش پێدانی هەر جۆر خواردن و خواردنەوەیەك بەمنداڵ شیری دایك بخوات، پێویستە دایك بۆ کاتێکی درێژخایەن بەردەوام بێت لە شیرپێدانی منداڵەکەی بە تایبەتی لە دوای ساڵی یەکەمەوە هەتا دووهەم ساڵی ژیانی منداڵەکەی ئەگەر دایکەکە توانای ئەوەی هەبوو.

6- شیردانی سروشتی دایك بۆ منداڵەکەی بە شێوەیەکی بەردەوام بە تایبەتی لە شەودا ڕۆڵی خۆی دەبینێ لە دواخستنی سووڕی مانگانەی ژنان، هەروەها یارمەتی دواخستنی سك پڕ بوونی دووهەم دەدا. بەڵام شیردانی سروشتی دایك تەنیا ئامراز نیە بۆ ڕێکخستنی زۆر



بوون لە خێزاندا.

7- شیرپێدانی سروشتی هەستێکی گەورە دەبەخشێت بە دایك چون یارمەتی گەشەسەندنی عەقڵی و سۆزداری منداڵان دەداو یارمەتی دەدا بە گەورەبوونی.

8- پێویستە دایك لە ساتە وەختی یەکەمی لە دایك بوونەوە ڕاستەوخۆ شیری خۆی بدا بە منداڵەکەی چونکە لە توانای هەموو دایکێك دا هەیە مەمك بدا بە منداڵەکەی و پێویستە یارمەتی دایك بدرێ بۆ سەرکەوتن لەو کارەدا.

9- زۆرجار دایکان پێویستیان بە یارمەتی دەروونی و کۆمەك هەیە کاتێك ڕاستەوخۆ دوای منداڵ بوون شیر بە منداڵەکەیان دەدەن بە تایبەتی ئەگەر منداڵی یەکەم بێ.

10- دەست پێکردن بەشیرپێدانی منداڵ لە مەمکی دایکەوە ڕاستەوخۆ دوای لە دایك بوون یارمەتی وەستاندنی ئەو خوێن بەربوونە دەدا کە لە دوای منداڵ دایکەکە تووشی دەبیت.

11- دەست پێکردنی بە شیرپێدانی منداڵ دوای لە دایك بوو ڕاستەوخۆ یارمەتی زۆر بوونی شیر دەدا لە مەمکی دایك دا کەواتا پێویستە دوای یەك کاتژمێر لە دایك بوون منداڵەکە شیری دایکی خۆی بخوا.

12- زۆربەی دایکان لەو باوەڕەدان کە ئەو ژەکەی لە دایە مەترسی بۆ ژیانی منداڵ هەیە یا باش نیە. ئەو باوەڕە زۆر هەڵەیە چونکە ژەك پارێزگاری لە ژیانی دەکاو لە کۆمەڵێك نەخۆشی باو دەیپارێزێ ژەك ژمارەیەکی زۆر خانەی بەرگری(سلول)ی تێدایە بۆ پاراستنی منداڵەکە لەو نەخۆشیانە.

13- پێدانی ژەك بە منداڵ یارمەتی دەرێکە بۆ جووڵاندنی شیر مەمکی دایکان داو سەرکەتنی پرۆسەی شیردای سروشتی.

14- زۆربەی دایکان دەتوانن شیر بدەن بە منداڵەکانیان بە مەرجێك:

-ئەگەر منداڵەکە شیری پێدرا بە شەو یا بە ڕۆژ بە دیاریکردنی کاتێکی پێشینە بۆ شیرانی

-دۆخی منداڵ چەند گونجاوبێ لەو گرفتانە دەیپارێزێ:

ئەگەر منداڵەکە مەمکی دایکی مژی لە دۆخێکی لەبارو گونجاودا لە باوەشی دایکی دا.

- ڕشانەوەو ئازاری سك لای منداڵان.

- نەخواردنی شیرو ڕەدکردنەوەی مەمکی دایك



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەو ئاماژانەی کەوا نیشان دەدا منداڵەکە لە دۆخێکی باش دایە بۆ شیرخواردن ئەوانەن:

- ئاراستەی لەشی منداڵەکە بەرو سینگی دایکی دەبێ.
- منداڵەکە ژەمی درێژخایەنو پتر شیر دەخوا.
- منداڵەکە ئاسودەو سلامەت دیارە.
- دایک هەست بە ئازار ناکا لە گۆی مەمکی دا.

کڕوزانەوەو گریانی منداڵ لە کاتی شیردانی سروشتی دا ئەوە نیە کە منداڵەکە پێویستی بە شیری زیاترەو دایک شیرەکەی کەمە بەڵکو لەوانەیە ئەو منداڵە داوای هەڵگرتن و باوەشی دایکی بکا چونکە مندال پێویستی بە گەرمیو بەزەیی هەیە.

شیرپێدانی بەردەوام پێویستە بۆ جووڵاندنی بڕێکی زۆر لە شیر لە مەمک دایک دا لە پیناو دابینکردنی پێداویستی یە خۆراکییەکانی منداڵو پێویستە دایکان بەردەوام بن لە شیرپێدانی سروشتی تا دوای ساڵی دووهەمی تەمەنی منداڵ ئەگەر لە توانای دا هەبوو.

شیری دایک سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ وزەوو پرۆتینو یارمەتی دەرو پارێزەرە لە ژیانی منداڵان لە نەخۆشی.

لە دوای لە دایک بوونەوە ڕاستەوخۆ پێویستە دایک شیری خۆی بدا بە منداڵەکەی و هەرکاتێکیتریش دوای ئەوە ئارەزووی هەبوو،هێندێک جار منداڵ داواکاری خۆی بۆ شیر خواردن بە گریان دەردەبڕێ، داواکاری منداڵ بۆ شیر کارێکی باشە بۆ خۆیو دایکیشی چونکە شیر پێدانی بەردەوام پێویستە بۆ زیادبوونی شیری دایک چونکە منداڵ چەندە مەمکی دایکی بمژێ ئەوەندەش شیر لە مەمکی دایک زیاد دەکا.

شیردانی بەردەوامی دایک ڕێگا لە ڕەق بوونو ئاوسانو ئازاری مەمکەکان دەگرێ.

ئامادەکردنی خواردنی زیادی بۆ منداڵ لە پاش شیری دایک دا وەک (شیری مانگا، شیری قووتوو)لە ڕێژەی ئەم شیرە کەم دەکاتەوە کە دایک دەی دا بەمنداڵەکەیو پرۆسەی دروست بوونی شیریش لە مەمکی دا کەم دەبێتەوە.

شیری قوتوو بە کارهێنانی مەمکە شووشە دەبێتە هۆی تووش بوونی منداڵان بە نەخۆشیانە:

بەکارهێنانی مەمکە شووشە بۆ پێدانی خواردنەوەی تر بە منداڵ لەوانەیە ببێتە هۆی دوورکەوتنەوەی منداڵان لە مەمکی دایکیان.

شیری وشکو شیری مانگاو خواردنەوەکانی دیکە کە بە مەمکەشووشە دەدرێن بە منداڵان تووشبوون بە نەخۆشیەکانی وەک سک چوونن کۆخە، هەلامەتوزیاد دەکا.

زۆرجار شیردان بە مەمکە شووشە دەبێتە خۆی تووش بوون بە نەخۆشی سک چوون ئەگەر ئاوەکە نەکولابێو مەمکە شووشەکە خاوێن نەکرابێتەوەو چەندە منداڵەکە نەخۆش بکەوی ئەوەندە ئەگەری تووش بوون بە بەدخۆراکی زیاد دەکا هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو منداڵەی کە بە شیری قوتوو بەخێو دەکرێ دە ئەوەندە زیاتر تووشی سک چوون دەبێ لەو منداڵانەی کە شیری دایکیان دەخۆن لە ماوەی شەش مانگی یەکمی تەمەنیان.

سەرچاوە: کتێبی ڕاستییەکان بۆ ژیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# نەعنا





## چارەسەری چەندین گرفتو نەخۆشی

نەعنا (peppermints) بلاوترین خۆراك گیاییە لە جیهاندا چونكە تامێكی خۆشو سوودێكی زۆری بۆ تەندروستی هەیە، بە تایبەت كاریگەری رێكخستنی هەرسو دژە گرژبوون.

**چاكترین یاریدەدەری هەرسو دژە گرژبوون:**

نەعنا وەك یارمەتی دەری هەرس، ناوی لە كۆنترین كتێبی پزیشكی جیهاندا هاتوە كە كتێبی (Ebers papyrus)ە، و میسرە كۆنەكان یەكەم كەس كە پەنایان بۆ خواردنەوەی نەعنا بردووە وەك یارمەتیدەری پرۆسەی هەرسكردن، پاشان لە میسری كۆنەوە پەڕیوەتەوە بۆ فەلەستینو دوای ئەوە ئەورووپییەكان ناسیویانە.

كاریگەری نەعنا پەیوەستە بە مادەی مینتۆڵ (memthol) كە مادەیەكی سەرەكیی ڕۆنی نەعنایە، كەلە نەعنای خۆماڵیدا زۆرترە تا وەك جۆرەكانی تری نەعنا.

پێشینیان بۆیان دەركەوتووە كە ئەم مادەیە ماسوولكەكانی كۆئەندامی هەرس نەرمو ئارام ئەكاتەوەو نایەڵێت گرژ بن.

چەندین لێكۆڵینەوەی ئەڵمانیو رووسی ئاماژەیان بەوە داوە كە نەعنا هۆكاری خۆپاراستنە لە برینی قورعەی گەدەو یامەتی رژانی زەرداوی زراو ئەدات.

بۆیە ڕۆنی نەعنا لە پێكهاتەی هەندێك دەرمانی دژی ترشەڵۆكی گەدەو گرژبووندا بە كار دێو یارمەتیدانی هەرسو دژی دڵەكزێ، ئەویش بەوەی كە 2 كەوچك گیای وشكی نەعنا ئەكرێتە كوپێك چای كولاوو ئەنوشرێت، یان گیای تڕ كە بر نەعنا زیاد دەكرێتو بە نۆرە لەگەڵ چا گیاییەكانیتر وەك چای بەیبون ئەخورێتەوە.

**نەعنا وەك ئازارشكێن:**

مادەی مینتۆڵ كاریگەری سڕكەری سادەی هەیە. واتە ئازارشكێنە بۆیە لە پێكهاتەی هەندێك مەرهەم(مەڵحەم)و كرێمی ئازارشكێندا بەكاردێت، وەك ئازاری رۆماتیزم

هەروەها سوود لەم تایبەتمەندییەی مینتۆڵ وەرئەگیرێ بە پێچانی شوێن كە ئازارەكەی بە نەعنای شیلەتین كە زیاتر بۆ گرژبوونی ئازاراوی ماسولكەكان بە كاردێت، وەك وەرگەڕانو كوترتو، یا گرژوونی ماسولكەی قاچی ژنی سكپڕ.

**بۆ چارەسەری گیرانی لووتو قورگ:**

مادەی مینتۆڵی ناو زەیتی نەعنا كاریگەرییەكی بەرگریی هەیە بۆ گیران(Decongestant) وەك گیرانی لووت لە كاتی سەرمابووندا و گیرانی بۆرییەكانی هەناسە لە كاتی هەڵامەتدان بۆیە ئەم مادەیە لە دروستكردنی هەندێك دەرمانی دژەگیرانی وەك كرێمی ڤیكس دا بەكار دێ هەربۆ ئەم مەبەستە وەك چاش ئەخورێتەوە.

**بۆ چارەسەری پەتاو هەوكردن:**لیكۆڵینەوەكان دەریاخستووە مادەی مینتۆڵ دژی هەندێك جۆری بەكتریایەو میكرۆبەن بە تایبەت ڤایرۆسی هێرپس (Herpes simplex virus) ئەو ڤایرۆسە لە هەر دوو سوچی دەم ئەدا بەتایبەت لە زستاندان یا لە ئەندامی زاوزێ ئەدا.

بۆ چارەسەری هێرپس، شوێنەكە كە سەرەتا زیپكەیەكی بچوك وایەو بنەكەی سوورە بە چەند دلۆپێك نەعنا چەور ئەكرێ. هەروەها دەمی برینی روكەشی سادەو سووتانی سووك بە ڕۆنی نەعنا چەور ئەكرێ بۆ ئەوەی هەو نەكا.

**نەعنا بۆ ژنانیش بەسوودە:**

تایبەتمەندی مینتۆڵی ناو نەعنا بە كار ئەهێنرێ وەك دژە گرژبوون بۆ كەمكردنەوەی ئازاری سووڕی



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مانگانەی ژنان،و ماسوولکەکانی منداڵان ئارام ئەکاتەوە.

خواردنەوەی ئاوی نەعنای کوڵاو بەخەستی یارمەتی خێرا کردنی خوێنی سووڕی مانگانە ئەدا لە کاتی دوا کەوتنی سووڕی مانگانەدا.

زۆر پزیشك ئاموژگاریی ژنانی سکپڕ دەکەن، چای نەعنا بخۆنەوە بۆ چارەسەری ماندوویی بە تایبەت بەیانیان کە سەرەتایی سکپڕیدا تووشی ژنان ئەبێت، لە شێوەی سەرەگێژەو دڵ تێکەڵاتنو ماندوویی جەستەییدا.

بەڵام ئەبێ ئەو ژنانەی پێشتر منالیان لەبار چووە نەعنا یا چاکەی نەخۆنەوە.

**بۆ چارە سەری سەرئێشە:**

هەندێك جار خواردنەوەی کوپێك چای نەعنا یارمەتی کەمکردنەوەی سەرئێشە ئەدا بە تایبەت ئەو کاتەی سەرئێشە بە هۆی بەد هەرسیو باکردنی سکەوە دروست ئەبێ.

**ئامادەکردنی نەعنا بۆ بەکارهێنان:**

بۆ ئامادەکردنی چای نەعنا، 1 یا 2 کەوچکی بچووك گیای وشکی نەعنا ئەکریتە کوپێك ئاوی لە کوڵو ماوەی نزیکەی 10 خولەك دا ئەنریتو رۆژانە 1–3 کوپی لێ ئەخورێتەوە.

**وەرگیراو لە کتێبی سروشت دەرمانە لە ئامادەکردنی: باست حەمە غەریب**

**گەلاوێژ پەیرەوان بۆی ناردوین**

## شەش خۆراك بۆ جوان مانەوەی قژ و نینۆکەکان

کارناسانی رژێمی خۆراکی هێندێك خواردنیان ناو بردوە کە بە تەواوی یارمەتیی جوانتر بوونی مرۆڤ دەدا. ئەو مادده خۆراکیانە بریتین لە: گوێز، کارگ، پەنیر، ماسی و خۆراکە دەریاییەکان، کەلەم شۆر و کیوی.

گوێز: بەهۆی بوونی ویتامین E ، پێست تەڕ رادەگرێ و گەنجییەتی پێست دەپارێزێ.

کارگ (قارچ)

پێشگیری لە سەرهەڵدانی چرچ و لۆچ لە پێستدا دەکا.

پەنیر:



بەهۆی ئەوەی کەلیسیۆمی زۆری تێدایە ئێسقانەکان، ددانەکان و نینۆکەکان، سفت و بەهێز دەکا.

ماسی و خۆراکە دەریاییەکان:

نینۆکەکان جوان و قژ بریقەدار دەکا.

کەلەم شۆر:

بە شێوەیەکی سەرنج راکێش رەنگی پێست جوانتر و یارمەتی بە گیروگرفتی پێستی دەکا.

کیوی:

ویتامین C تێدایە و بزوێنەری تەرەشوعی "کلاژن"ە و رێگە لە چرچ بوونی پێست دەگرێ.

وەرگێران: لە سایتی : www.iran press.com





## هێنانە خواری تای منداڵ بە ئاوی سارد زۆر زیانبەخشە

زۆر لە دایك و باوکان هەر کە منداڵەکەیان تووشی تا دێت، دەستبەجێ ئاوی سارد دێنن، یان بە پارچە پەڕۆیەکی تەڕ دەیانهەوێ تای منداڵەکە دابەزێنن. دابەزاندنی تای منداڵ بەم شێوەیە زیانێکی زۆر بە منداڵەکە دەگەیەنێ. هێنانە خواری تای منداڵ بە ئاوی سارد، دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەمارەکانی پێست گرژ بن و خوێنێکی کەمتر پێدا هاتووچۆ بکا، راستە گەرما لە نێوان خوێن و پێست کەم دەبێتەوە، بەڵام ئەوە مانای هاتنە خوارەوەی تایەکە نیە، بەڵام هێنانە خواری تا بە ئاوی گەرم باشترە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە رەگەکانی خوێنبەر، زیاتر بکرێنەوەو خوێنێکی زیاتریان پێدا هاتووچۆ بکا ئەوەش دەبێتە هۆی دابەزینی تای منداڵەکە.

سەرچاوە: گۆڤاری گوڵان


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گۆڤارێکی نوێ بۆ ژنان

ماموٚستا مومتاز حەیدەری، رۆژنامەنووسی کۆنەکار و بە ئەزموون و بە مشوور کە لە چەند ساڵی رابردوودا دەستی داوەتە دەرکردنی گۆڤارێکی مێژوویی و بەڵگەنامەیی و سیاسی بە ناوی K21، ئەم دواییانە دیارییەکی بەنرخی دیکەی پێشکەشی دنیای بیرو فەرهەنگی نوێ کردوە، بە ناوی " لەیلا قاسم لەیلا زانا".

ئەم گۆڤارە کە هەروەك بۆ خۆی دەنووسێ هەر لەسەر بوودجەی K21 کە بەڕێز مام جەلال بۆی تەرخان کردوە، دەرچووە، گۆڤارێکی تایبەت بە ژنان و پرسی ژنانە و یەکەم ژمارەی زۆر بابەتی بەپێزی مێژوویی و بەڵگەنامەیی سەبارەت بە پرسی ژن لە خۆی گرتوە.

بە ناوی بەڕێوەبەرانی گۆڤاری "ژنان"ەوە دەستخۆشی لە ماموٚستا مومتاز حەیدەری دەکەین و سەرکەوتن و پێشکەوتن بۆ گۆڤارە ساواکەی "لەیلا قاسم، لەیلا زانا" بە ئاوات دەخوازین. هەر لەو کاتەدا پیرۆزبایی لە ماموستا مومتاز دەکەین بۆ هەڵبژاردنی ئەو ناوە جوان و گونجاوە بۆ گۆڤاری تایبەت بە ژنان.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# WOMEN

Democratic Women Union of Kurdistan
No : 27 Date : October 2010




## کاریگەری وانەکانی شۆرشی ئیسلامیی ئێران لەسەر قوتابیان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org